# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٨ ■ یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٩٩ _ ٢٠ی دێسامبر ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## خالید عەزیزی: پێشمەرگە ناوێکی ئاشنا بۆ هەمووان و هاوپەیمانێکی بەپرستیژ و دڵنیایە



خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕایگەیاند ئاڵا و پێشمەرگە دوو هێما و دوو شۆناسی هەرە گرینگ و بەبایەخی ئێمەن. پێشمەرگە بە بەرگریی لە کوردستان و بە گیانبازیی خۆی ئاڵای کوردستانی شکاوە ڕاگرتووە و ئاڵاش بە شکاوەیی خۆیی هەست و سۆزی نەتەوەی کوردی هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە. هەر ئەو هەست و سۆز و باوەڕە و ئەو پێناسەیە، لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوو بەو هەموو هەوراز و نشێوانەی بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا هاتووە، هۆی بەرگەگرتنی حیزب بووە لە هەمبەر هەموو ئەو کارەساتانەدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بۆنەیەدا ڕایگەیاند ئەوەی کە پێشمەرگە لە ئێران و لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی سیمبولی ئازادی، دێموکراسی و ماف‌پارێزییە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتە دروستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پێشەواوە تا دەگاتە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی زیندوو بناخەکەیان دا ناوە.

**(دەقی قسەکانی کاک خالید لە لاپەڕە ٢دا بخوێننەوە)**

## خالید عەزیزی:

# پێشمەرگە پارێزەری بەها ئینسانی و مەدەنییەکانی جیهان‌داگرە



سەروتار

## کۆماری ئیسلامی و تراویلکەی بایدەن

**عەلی بداغی**

حەسەن ڕوحانی، سەرکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی ئەم حەوتوویەی هەیئەتی دەوڵەتدا نەیشاردەوە کە هێندەی دنیا و ئاسمان بە ڕۆیشتنی ترامپ دڵخۆشن. ئەم خۆشی لەدڵگەڕانە بۆ ڕێژیم سروشتییە، چونکی ئەو زەبرە گورچکبڕەی لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا لە دەست سیاسەتەکانی ترامپ خواردوویانە مەگەر هەر بە نەمانی ئەو بیانەوێ بە مێژووی بسپێرن. ترامپ بە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و سزا قورسەکانی ئابووریی ئێرانی تێک تەپاند، جەنگاوەری ئەفسانەیی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم (قاسم سولەیمانی)ی کوشت، بە گۆڕینی هاوکێشەکانی ناوچە ڕێژیمی ئێرانی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا داماو و زەبوون کرد، میلیشیاکانی سەر بە ئێرانی لە وڵاتانی دراوسێیدا پەرپووت و لاواز کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئایا هاتنی بایدەن بە مانای کۆتایی ئەو وەرزە سەختە دەبێ بۆ کۆماری ئیسلامی؟ ئایا بارودۆخی نێوخۆی وڵات ئەو ئاسوودەییان دەداتێ کە بەمجۆرە بکەونە شایی و لۆغانەوە؟

ئەم دڵخۆشییانەی جەنابی ڕوحانی لە حاڵێکدایە کە قورسایی سزا ئابوورییەکان نەک لەسەر ئێران سووک نەبوون، بەڵکوو ڕەوتی سەپاندنی سزای نوێ بەدژی ڕێژیم هەروا درێژەی هەیە. فاکتەرەکانی دیکەی پێوەندیدار بە ئەگەری ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## ڕوحانی: کۆبوونەوە قەدەغەیە جیا لە شینگێڕیی ئایینی نەبێ

سەرکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممە، ٢٩ی سەرماوەزی لەگەڵ ستادی نیشتمانیی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنادا داوای لە خەڵک کرد لە کۆبوونەوە و جێژن گرتن بەبۆنەی شەوی یەلدا خۆ ببوێرن. هاوکات گوتی ڕێوڕەسمەکانی شین‌گێڕیی بەبۆنەی کۆچی دوایی حەزرەتی فاتیمە، خێزانی ئیمامی عەلی بەڕێوە دەچێ. ئەو قسانەی ڕوحانی لە حاڵێکدایە کە هەر لەجێ‌دا گرانیی نرخی خۆراک و شەوچەلە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا وای‌کردووە کۆبوونەوەی چەند کەسیی خێزانییش بۆ بنەماڵەکان دەست نەدا. ڕۆژنامەی «شەهروەند» بە حسێب‌کردنی خەرجی هەندێک لە پێداویستییەکانی سفرەی شەوی یەڵدای خەڵکی ئێران لێکی داوەتەوە کە تێچووی ئەم سفرە بچووکە لە چاو ساڵی ڕابردوو چوار هێندە زیادی کردوە.

سەرکۆماری ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا درۆیەکی ئابڕووبەرانەی کرد و گوتی دەوڵەت بە بڕیاری خۆڕاییکردنی ئاو و بەرق دوژمنانی! ئێرانی تووڕە کردووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە نەک هەر ئەو ئیدیعایە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە، بگرە بەپێی بڕیاری کۆبوونەوەیەکی دەوڵەت نرخی ئاو و بەرق لە ساڵی ١٣٩٨ـەوە سەتا ٧ زیادی کردوە. هەروەها لە جۆزەردانی ئەمساڵەوە بە بڕیاری دەوڵەت لە ساڵدا سەتا ١٦ بە فیشی ئاو و بەرقی ماڵان زیاد کراوە.

## دوو زیندانیی سیاسیی کورد زیاتر لە ٢٠ ساڵە مەرەخەسییان نەدراوەتێ

دوو زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی ورمێ‌دا پتر لە دوو ساڵە مەرەخەسییان نەدراوەتێ.

خالید فەرەیدوونی و عومەر فەقێ‌پوور، دوو ئەندامی حیزبی دێموکرات کە خەرمانانی ساڵی ١٣٧٩ لە شاری پیرانشار دەسبەسەر کران، دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ زیندان ئێستاش لە مافی چوونە مەرەخەسی بێبەشن.


ئەم دوو زیندانییە سیاسییە سەرەتا سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپا و دواتر حوکمەکەیان بۆ زیندانی تاهەتایی کەم کرایەوە. ئەم دوو بەندییە سیاسییە کوردە ساڵی ١٣٨٦ بەڕێی زیندانی ڕەجایی‌شاری کەرەج کران و دوای ١٠ ساڵ بۆ بەندیخانەی ناوەندیی ورمێ ڕاگوێزران.

عومەر فەقێ‌پوور، لە زینداندا بەهۆی بێبەشی لە ئیمکاناتی پزیشکی چاوی چەپی لەدەست داوە. کچی ناوبراو کە لە کاتی گیرانی باوکی‌دا تەمەنی ٣ ساڵ بووە، لە هەموو ئەو ساڵانەدا لە دیتن و چاوپێکەوتنی باوکی بێبەش بووە.


زیندانی ناوەندیی ورمێ بەشێکی زۆر لە بەندییە سیاسییە کوردییەکانی تێدا جێ کراوەتەوە و بەپێی زانیارییەکان حەشیمەتی بەندکراوان لەو بەندیخانە چوار هێندەی ستانداردە باوەکانە.




ئەو چوار پەردەیەی دنیایان جوانتر کرد ٣




پێشمەرگەی ژن و مافویستی و شوناس‌خوازی ٤



مافی مرۆڤ لەژێر پۆستاڵی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی‌دا ٦



گڕی سەرماوەز و ئاڵای شەکاوە ٨



ئەلفوبێی ئابوورییەکی سەقامگیر ٩

◆ درێژەی سەروتار

## کۆماری ئیسلامی و تراویلکەی بایدەن

... گەڕانەوە بۆ بەرجامیش بە قازانجی ئێران نین.

لەلایەک وڵاتانی ئورووپایی هاوبەشی ڕێژیم لە بەرجام ڕەخنەی زۆر توندیان سەبارەت بە پێشێلکاری و لادانەکانی کۆماری ئیسلامیی هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتومییش ڕایگەیاندوە ئێران ئەوەندەی لە بەرجام لا داوە کە ئیدی گەڕانەوە بۆی سەخت و ئەستەمە. ئاژانس پێی وایە خاڵی دەسپێک ئیدی مانای نییە و ژیاندنەوەی بەرجام لە دەوڵەتی جۆ بایدەن‌دا –ئەگەریش بکرێ- پێویستیی بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەبارەی چۆنیەتیی گەڕاندنەوەی ئێران لە لادان و پێملکردنی بە مەرجی نوێیە. بە تایبەت کە پرسی بەرنامە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوەردانەکانی لە ناوچەش کە خامنەیی دەڵێ بە هیچ جۆرێک ئامادە نین لەسەریان بکەونە دانوستانەوە، یەکێکی دی لەو بابەتانەیە کاربەدەستانی ئورووپا و وڵاتانی ناوچە پێی هەستیار بوون و پێیان وایە حەوجێ بە ڕێککەوتنێکی سەرووتر لە بەرجامە بۆوەی ئەم بەشەش لە نیگەرانییەکان برەوێتەوە. کۆبوونەوەی دوو ڕۆژی دیکەی شوڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش –کە ڕۆژی سێشەممە، ٢ی بەفرانبار بۆ تاوتوێی ڕاپۆرتی ئانتۆنیۆ گوتریش لەسەر چالاکییە ئەتومییەکانی ئێران کۆ دەبێتەوە- ئێرانی بە تەواوی تەنگەتاو کردووە.

لەوە بەولاتر پرسی هەوڵە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا و ڕفاندن و بارمتەگیرییەکانی ڕێژیم بەتایبەت دوای ڕفاندن و ئێعدامی بەپەلەی ڕوحوڵلا زەم جارێکی دیکەش سەرنجەکانی لەسەر جەوهەری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی و نەحاواوەبوونی ئەم ڕێژیمە لەگەڵ پرەنسیپە جیهان‌داگرەکان کۆ کردەوە. کۆماری ئیسلامی پێشتریش بە ئێعدامکردنی نەوید ئەفکاری سەرەڕای داوا و گوشاری وڵاتان بۆ ڕاگرتنی ئەم حوکمە سەلماندبووی لەپێناو هێشتنەوەی دەسەڵاتی زەبروزەنگی خۆی پێملی هیچ یاسا و پرەنسیپێکی نێودەوڵەتی نەبووە و ناشبێ.

لە بەستێنەکانی دیکە یەک لەوان مافی مرۆڤیش‌دا بەرگژەکان دژی کۆماری ئیسلامی بەردەوامن. وەک لە ماوەی دوو ڕۆژدا (٢٦ و ٢٧ی سەرماوەز) هەم کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەم پارلمانی ئورووپا کۆماری ئیسلامیی ئێران‌یان سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە بە توندی مەحکووم کرد. پاش ئەوەش کە ڕاوێژکاری ئەمنیەتی میللیی هەڵبژێردراوی جۆ بایدەن کاردانەوەی توندی بەنیسبەت ئێعدامی ڕوحوڵلا زەم هەبوو، لای زۆر لە کارناسانی سیاسی ئەم ڕایە دروست بوو کە بە ئەگەری زۆر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران یەک لە فاکتەرەکانی پێوەندیدار بە گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ بەرجام دەبێ.

قەیرانی ئابووری، بێکاری، گرانی، هەڵاوسانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتریش لە سایە گەندەڵی و ناکارامەیی و دەستەوەستانیی حکوومەت‌دا هەروا لەجێی خۆیەتی. کارناسانی سەربەخۆی ئابووری دەڵێن هێڵی هەژاری لە ئێران ئێستا ١٠ میلیۆن تمەنە و لە کۆمەڵگەی ئێران‌دا کە بەپێی داهاتیان بەسەر دە «دەهەک»دا دابەش دەبن، حەوت «دەهەک»یان کەوتوونەتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. نارەزایەتییەکان بە دۆخی کارەساتباری ئابوورییش کە لە سۆنگەی کۆرۆناوە لەکزیی داوە، وەک عەمباری بارووت چاوەڕوانی پریشکەیەکە.

لەو بارودۆخەدا چاوی هیوای ڕێژیمی ئێران لە گواستنەوەی هەرچی زووتری دەسەڵاتە لە کۆشکی سپی. ئەم خۆش‌خەیاڵییەی ڕێژیم زیاتر لە هەموو شتێک بە لایحەی بودجەی ساڵی داهاتووەوە دیارە، کاتێک سەرەڕای بەردەوامیی گەمارۆکان و ئابووریی تێکتەپیوی وڵات، پێشبینیی کردوە ڕۆژانە نیزیک بە ٢ میلیۆن و ٥٠٠ هەزار بۆشکە نەوت هەناردە بکا و داهاتەکەی دوو هێندە زیاد بکا. دەوڵەتی ڕوحانی بۆ ئەم ساڵ هەناردەی یەک میلیۆن بۆشکە نەوت ئەویش بە نرخی ٥٠ دۆلاری بەربێژی کردبوو، بەڵام بەپێی ئاماری توێژینەوەکانی مەجلیس هەناردەی نەوت قەت لە ٣٠٠ هەزار بۆشکە، ئەویش بە نرخی کەمتر لە ٤٠ دۆلار تێ نەپەڕی. هەروەها لە ٨ مانگی سەرەتای ئەمساڵ‌دا تەنیا سەتا ١٨ی ئامانجەکانی بودجە وەدی هاتوون. بەو پێیە ئەگەر لەگەڵ هاتنە سەر کاری جۆ بایدەنیش هەر هەموو سزا ئابوورییەکان لەسەر ئێران هەڵگیرێن هێشتا ئەم وڵاتە ناتوانێ ئەو برە نەوتە دیاریکراوە بفرۆشێ و ئەوەندە داهاتەی هەبێ، بۆیە لە ئێستاوە ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیس پێشبینیی ئەوەی کردوە کە کورتی‌هێنانی بودجەی ئێران بۆ ساڵی داهاتوو لانیکەم ٣٢٠ تریلیۆن تمەن دەبێ.

بێگومان گۆڕینی ئەم دۆخە و کرانەوەی سیاسی بە ڕووی ئێران لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا پێویستیی بە وازهێنانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتە شەڕانخێوییەکانی هەیە. ئەزموونی سزا ئابوورییەکانیش دەری خست هەتا ئەم ڕێژیمە زەختی قورسی لێ نەکرێ، وەڵامدەر نابێ و کشانەوەی بۆ نییە. ئێستاش کە لەو هەلومەرجەدا و لە نێوخۆی حاکمییەت‌دا باس لە وتوویژ و دانوستان دەکرێ، هۆکارەکەی هەر ئەم گوشارانەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ وەرگرتنی ئاکامی بنەڕەتی پێویستە لەسەریان بەردەوام بێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا لێبڕاوی و ئیرادەی هاوبەشی هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و پشتیوانیی وڵاتانی خاوەن‌هێز و کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران دەتوانێ بەچۆکی دابێنێ. وەک چۆن چوار دەیە لەوە پێش و لە کۆبوونەوەی «گوادلوپ»دا کە بە بەشداریی ڕێبەرانی وڵاتانی ڕۆژاوا بەڕێوە چوو، و هاوڕایی ڕێبەرانی ئەمریکا، ئەڵمان، فەڕانسە و بریتانیا بۆ چۆڵکردنی پشتی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی لەسەر چارەنووسی نارەزایەتییەکانی ئێران شوێنی بنەڕەتیی دانا. بۆیە ئەوەی لەو نێوەدا نابێ لەبیر بکرێ و نەخوێندرێتەوە، دیسانەکەش خەڵکی ئێرانن کە داینەمۆی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەک لەم وڵاتەن.

شکی تێدا نییە ئەگەر وڵاتانی خاوەن‌بڕیار لە تەنیشت بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان سیلەی چاوێکیان لە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران و داخوازییە ڕەوا و مرۆییەکانی خەڵکی ئەم وڵاتە بێت، هەم زاڵبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا ئاسانە و هەم ناوچە و جیهانیش لەکۆڵ تەوەری شەڕەنگێزی و قەیران‌خوڵقێنی دەبێتەوە.

# خالید عەزیزی: سەرکەوتن بۆ ئێمەیە چونکی کوردستان هێزی پێشمەرگەی هەیە

## (دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەزدا)



**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

بە بۆنەی هاتنەوەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پیرۆزبایی لە هەموو ئێوە، پێشمەرگە تێکۆشەر و قارەمانەکانی کوردستان دەکەم. هەروەها جێی خۆیەتی لێرەوە پیرۆزبایی لە بنەماڵە و دایک و باب و خوشک و برا و کەسوکاری هەموو ئەو پێشمەرگانە بکەم، کە پێشمەرگەیان بۆ خزمت بە کوردستان و بەرگری لە خاک و نیشتمان وکەرامەتی کورد، پێشکەش بە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کردووە. هەروەها لێرەوە لە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کانگای پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی، بەبۆنەی ئەوە ڕۆژە پیرۆزەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی بە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەڵێم.

ئاڵا و پێشمەرگە دوو هێما و دوو شۆناسی هەرە گرینگ و بەبایەخی ئێمەن. لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵی ژیانی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا ئەم دوو هێمایە، بوونەتە سیمبول لەپێناو خەبات و تێکۆشانی کورد لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی‌دا. حەفتاوپێنج ساڵ پێش ئێستا کاتێک سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوای حیزبی دێموکرات، قازی محەممەد، بە لێکدانەوەیەکی بەرپرسانە و واقیع‌بینانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند و، بەتاڵایی ئەو کاتی پڕ کردەوە، لە هەمان کاتدا کە زۆر دوور دەیڕوانی، بەدوای دروستکردنی هێما و پێناسە و شۆناس بۆ نەتەوەکەی بوو، کە ئاڵا و پێشمەرگە دوو لەو هێما گرینگانەن. کاتێکیش خۆی لەسێدارە درا و کۆمارەکەی ڕووخا، بەڵام هێماکانی و پێناسەکەی و ئەو شوناسەی کە بە ئیبتیکاری ئەو دروست کران، واتە پێشمەرگە و ئاڵا مانەوە و ئێستاش هەر ماون و لەجێی شایانی خۆیانن. پێشمەرگە بە بەرگریی لە کوردستان و بە گیانبازیی خۆی ئاڵای کوردستانی شکاوە ڕاگرتووە و ئاڵاش بە شکاوەیی خۆیی هەست و سۆزی نەتەوەی کوردی هەمیشە زیندوو ڕاگرتووە. هەر ئەو هەست و سۆز و باوەڕە و ئەو پێناسەیە، لە ماوەی حەفتاوپێنج ساڵی ڕابردوو بەو هەموو هەوراز و نشێوانەی بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا هاتووە، هۆی بەرگەگرتنی حیزب بووە لە هەمبەر هەموو ئەو کارەساتانەدا.

> **کوردستان پێشمەرگەی لێ نابڕێ و هەتا بە مافەکانی خۆی دەگا، پێشمەرگە بەردەوام لە خەباتدایە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش کە بە مافەکانی خۆی گەیشت، پێشمەرگە وەک هێزێکی بەرپرس و بەپرستیژ بەشدار دەبێ لە ڕاگرتنی ئێرانێکی دێموکراتیک و بەرگری لە مافەکانی هەموو لایەکدا**

مانەوەی حیزبی دێموکرات و بەردەوامیی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو پێناس و شوناسە نەتەوایەتی و کوردایەتییە کە بەردی بناخەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و، ئەو سیاسەت کردن و هەست بە بەرپرسایەتی و، گەڕان بە دوای چارەسەری پرسی کورد کە بەرهەمی سیاسەتی واقیع‌بینانە و خوێندنەوەی وردی پێشەوا قازی محەممەد بوو، تا ئێستاش بەخۆشییەوە بەردەوامە. ئێمە دەبینین کە لە هەموو شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پۆل پۆل کچان و کوڕانی ئێوە کە میراتگری ئەو بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەن، بۆ بەئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی مافخوازیی نەتەوەکەیان پێوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبن.

> **پێشمەرگە لە هەموو شەڕ و ئاڵۆزی و بشێوییەک کە لە ناوچە دێتە پێشێ، لە هەر شوێنێک کە کوردستان و پرسی کورد بەشێک لە پرسەکەیە، بە شانازییەوە لە بەرەی ئینسانییەت، مافخوازی، بەرگری لە کوردایەتی، بەرگری لە دێموکراسی، بەرگری لە ماف لەدژی تێرۆریستان و لەدژی ئەوانەی کە ئەو مافانە پێشێل دەکەن ڕاوەستاون و ڕادەوەستن**

ئەوە جێگای خۆشی و سەربەزرییە کە کارەساتەکان لە دژی ئێمە، وەک ئێعدام و ئەشکەنجە و بەندکرانی ئەندامان و پێشمەرمەگەکانمان، تێرۆری ڕێبەرانمان، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و تۆپبارانی بنکە و بارەگانمان، سەرکوت و زەبروزەنگ و گوشارێکی زۆر کە لە نێوخۆی وڵات لەسەر ئێوە خەڵکی تێکۆشەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکانی مافی مرۆڤ و تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنی و سیاسی و قانوونی هەیە؛ هەمووی ئەوانە نەیتوانیوە ئەو نەتەوەیە بەچۆکدا بێنێ. هەر دوو ساڵ پێش ئێستا و کاتێک ڕێبەرایەتیی پێشمەرگەکانی ئێوە، بە مووشک هێرشی کرایە سەر و، ئەو پەلامارە تێرۆریستییە بووە هۆی شەهیدبوونی پۆلێک لەو پێشمەرگانە لە ڕادەی ڕێبەری و کادر هەتا خوارەوە، ئێوە ئێمەتان تەنیا نەهێشتەوە، ئێوە چوار ڕۆژ دواتر بە مانگرتنە بەشکۆکەتان، بە نارەزایەتیی بەرین و بەربڵاوی خۆتان لەدژی کۆماری ئیسلامی، بە ئێمە و بە یار و نەیارتان گوت کە بەردەوام پشتیوانی خەبات و تێکۆشانی خۆتان و حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەکانی کوردستانن.

ئێمە ئەو پەیامەمان وەرگرت، هەر ئەوەش وای کردووە لە خەبات و تێکۆشان و چالاکیی خۆمان، لە هەموو بوارێکی سیاسی، مەدەنی، پێشمەرگانە، تەشکیلاتی و دیپلۆماسی‌دا ڕانەوەستین. لەهەر شوێنێک بۆمان ڕەخسابێ، هەلمان بۆ هەڵکەوتبێ، نوێنەرێکی باشی دەنگ و ڕەنگ و ویست و داخوازەکانی ئێوە خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووین. مادام ئێوە لەوێ و ئێمەی پێشمەرگە لە شاخ و بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ یەک ئەو خەباتە بەرینە پێش، دڵنیام سەرکەوتن و داهاتوو هی ئێمەیە. میللەتێک کە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر هاتبێ و چۆکی دانەدابێ، بێگومان بە بەردەوامی لە خەباتی خۆی‌دا لە سەرکەوتن نیزیک دەبێتەوە.

ئەوەی کە پێشمەرگە لە ئێران و لە کوردستانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی سیمبولی ئازادی، دێموکراسی و ماف‌پارێزییە، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتە دروستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە پێشەواوە تا دەگاتە دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و ڕێبەرانی زیندوو بناخەکەیان داناوە و، ئەوە بە ڕێزەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا چاوی لێ دەکرێ. لە تەنیشت ئەوەش خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەکان لەدژی جەریانی تێرۆریستیی داعیش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، توانیی شانازییەکی دیکەش بە ناوی پێشمەرگە زیاد بکا. پێشمەرگە لە هەموو شەڕ و ئاڵۆزی و بشێوییەک کە لە ناوچە دێتە پێشێ، لە هەر شوێنێک کە کوردستان و پرسی کورد بەشێک لە پرسەکەیە، بە شانازییەوە لە بەرەی ئینسانییەت، مافخوازی، بەرگری لە کوردایەتی، بەرگری لە دێموکراسی، بەرگری لە ماف لەدژی تێرۆریستان و لەدژی ئەوانەی کە ئەو مافانە پێشێل دەکەن ڕاوەستاون و ڕادەوەستن. ئەوەش بۆ خۆی شانازییەکی گەورەیە کاتێک لە شوێنەکانی جۆراوجۆری دونیا کە باسی پێشمەرگە دەکەن، زۆر زوو دەمانناسنەوە و دەڵێن ئەو پێشمەرگانە پێشمەرگەی کوردستانن و لەپێناو مافەکانی خۆیان خەباتیان کردووە و مێژوویەکی دووروودرێژیان لە تێکۆشان و قارەمانیتی‌دا هەیە. ئەو مێژووە، ئەو ناوە پڕ لە شانازییە حەفتاوپێنج ساڵ پێش ئێستا لە کوردستانی ئێران، لە مەهاباد، بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێ کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش ئەو شانازییەی پێ برا ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتری بکا و، جێی بخا.

> **مادام خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و ئێمەی پێشمەرگە لە شاخ و بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ یەک ئەو خەباتە دەبەینە پێش، دڵنیام سەرکەوتن و داهاتوو هی ئێمەیە. میللەتێک کە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر هاتبێ و چۆکی دانەدابێ، بێگومان بە بەردەوامی لە خەباتی خۆی‌دا لە سەرکەوتن نیزیک دەبێتەوە**

بۆ جارێکی دیکەش لەو ڕۆژە پیرۆزەدا پیرۆزبایی لە هەمووی ئێوە دەکەم و، هەروەها جێگای خۆیەتی بە هەمووی ئەو بنەماڵانەی کە ڕۆڵەیەکیان لەو پێناوەدا شەهید بووە، ئازیزانێکیان لە ڕیزی پێشمەرگایەتی‌دا شەهید بووە، بە شانازییەوە پێتان بڵێین ڕێگای شەهیدانی ئێوە بەردەوامە، بۆ؟ چوونکە کوردستان پێشمەرگەی لێ نابڕێ و هەتا بە مافەکانی خۆی دەگا، پێشمەرگە بەردەوام لە خەبات‌دایە. ڕۆژێک لە ڕۆژانیش کە بە مافەکانی خۆی گەیشت، کارنامەی پێشمەرگە لە داهاتووی مەیدانی سیاسیی ئێران پێمان دەڵێ پێشمەرگە هێزێکی بەرپرس و بەپرستیژە بۆ ئەوەی بەشدار بێ لە ڕاگرتنی ئێرانێکی دێموکراتیک و بەرگری لە مافەکانی هەموو لایەکدا.

بە هیوای ئەوە ڕۆژە، داهاتوو و سەرکەوتن هی ئێمەیە.

***

# ئەو چوار پەردەیەی دنیایان جوانتر کرد

## (چاوخشاندنێک بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ترامپدا)

ناسر باباخانی

ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بە گشتی بریتی بێ لە جۆر و شێوازی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانیتر، دەبێ دەوری هۆکارە جۆربەجۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکان وەک بارودۆخی جوغرافیایی و ئیقلیمی، ئەزموونە مێژووییەکان، پێکهاتەی قەومی نەتەوەیی، ماهییەتی نیزامی سیاسی، تواناییەکان و سنووردارییەکانی ئابووری و چەکداری و کۆتاجار ماهییەتی سیستمی سیاسی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ڕەچاو بکرێن.

بەڵام لەم نێوەدا بەدەگمەن ڕۆڵی نائاسایی کارگێڕێک وەک سەرکۆماری وڵاتێکی وەک ئەمریکا تەواوی ئەم هۆکارانە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە، واتە بۆ سیاسەتی دەرەوەی چوار ساڵی ڕابردووی ئەمریکا دەبێ جگە لەم هۆکارانە، ڕۆڵی کەسایەتی و کارەکتێری خودی ترامپیشی لێ زیاد بکەین.

لە ماوەی ئەم چوار ساڵەدا ترامپ نیشانی داوە کە بێزارە لە هەموو ئیشێکی هاوبەشی و موشارەکەتی و، پێی وایە ئەمریکا لەوەتی هەیە کڵاوی چۆتەسەر و ئەوە وڵاتانی ترن کە بەشی خۆیان نادەن و ئەمریکا خراوەتە ژێر زەختێکەوە کە پەیوەندی بەوەوە نییە، بۆیە بە دروشمی گەڕاندنەوەی شکۆ و گەورەیی بۆ ئەمریکا، لەباری ئابووری وماڵییەوە، حەولی ئیزۆلە کردنی ئەمریکای داوە. ڕەنگە ئەگەر ئەوە بزانین بۆ وێنە سەتا ٢٥ی خەرجەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئەستۆی ئەمریکایە، وەباڵ بۆ ئەم پێداگرییەی ترامپ زیاتر بکێشین! بۆیە سیاسەتەکانی دەرەوەی ترامپ بە وتەی زالمای خەلیل زاد دەبێ وەک "دوکتورینی ترامپ" ناوزەد بکرێ، یان بە وتەی هەندێ چاوەدێری سیاسی وەک "دیاردەی ترامپ"، دوکتورین و دیاردەیەک کە لەگەڵ سەرکۆمارەکانی بەر لە خۆی بە تەواوی جیاوازە!

ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک سەرەکیترین پنتەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ماوەی چوار ساڵ سەرۆکایەتی ترامپدا دەستنیشان بکەین:

هاتنەدەر لە پەیمانی تیجاری هاوبەشی ترانس پاسیفیک، سەرلەنوێ سازدانەوەی پەیمانی نەفتا، دانانی تراوڵ بەن بۆ شەش وڵاتی موسڵمان یەک لەوان کۆماری ئیسلامی، هاتنەدەر لە ڕێکەوتننامەی پاریس، بەفەرمی ناسینی ئورشەلیم وەک پێتەختی ئیسرائیل، هێرشەکان بۆ سەر سووریا، پرسی دیواری مێکزیک، شەڕی ئابووری لەگەڵ چین، ئاڵوگۆڕی یاساکانی پەنابەرێتی، کشاندنەوەی هێزەکان لە ڕۆژاوا، لایەنگرییەکی بێ شەرت و مەرج لە عەرەبستان، ڕێکەوتننامە لەگەڵ تاڵیبان، هاتنەدەر لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و...

بەڵام بە باوەڕی من ئەم خاڵانەی کاریگەریی تایبەتی خۆیان هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە نیسبەت ئاسایشی نێونەتەوەییەوە بریتین لەم پنتانەی خوارەوە کە بوون بە هۆکاری ئەوە کە بەرەو دنیایەکی ئارامتر و ئەهوەنتر بچین. ڕەنگە ئەمە ڕستەیەکی بەجێ بێ کە بڵێین ترامپ و تیمی سیاسەتی دەرەوەی سەردەمی پۆمپێئۆ باشترین ناسینیان لەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەبووە.

**(١) ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم (ڕێککەوتنی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی)**

چامسکی لە هەشتاکان گوتی پرسی فەلەستین گەورەترین کێشەی دنیایە، بەڵام بێگومان پاش ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم دەبێ بە تەواوی ڕای گۆڕابێ! چون بە ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم، پرسی فەلەستین لە پرسێکی گشتی مابەینی ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی، واتە بەرەیەکی عەرەبی - ئیسلامی (ئیمارات، بەحرەین، سوودان، مۆرۆکۆ) بۆ پرسێکی سنوورداری نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دابەزی! دیارە لەوەپێش میسر و ئۆردۆنیش پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردبۆوە.

بێگومان لە پاش تێکچوونی هاوسەنگیی دووجەمسەریی هێز لە دنیا و نەمانی بەرەی چەپ بە مانا کلاسیکییەکەی، ڕێک ئەم دۆخەی ئێستا هاتە ئاراوە، واتە وڵاتانی سەر بە بەرەی چەپ، لە کێشەی فەلەستین وەلانران و ئەمجارەیان تەنیا وڵاتانی عەرەبی مانەوە، کەچی بەم ڕێککەوتننامەیە وەک باس کرا کێشە جیهانییەکە دەبێ بە کێشەی دوو وڵات. ئەمە ڕێک ئەم مەبەستە بوو کە ترامپ بە باشی پێکای!

لە لایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین ئەوە ڕێک ئەوە شتەش بوو کە کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندەکانی زراویان لێی چووە، ڕۆژی قودس کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستنیشان کراوە بۆ داکۆکی لە مافی فەلەستین مانایەکی ئەوتۆی نامێنێ و گەلی فەلەستین دەبێ دواجار کێشەی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل چارەسەر بکا. ئەمەش واتە ئەم شتەی کە وەک میحوەری بەناو خۆڕاگری دیاری کراوە و گرووپە تیرۆریسییەکان لەخۆ دەگرێ ئاخرجار ئیزۆلە دەبن و بێگومان ناوچەکە سەقامگیرییەکی زیاتر بەخۆوە دەبینێ. ئیتر دروشمە پووشباییەکانی کۆماری ئیسلامی وەک "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێ دەپەڕێ" بۆ لایەنگرەکانیشی بایەخێکی نامێنێ!

**(٢) مارالاگۆ، کۆتایی تراویلکەی هیلالی شیعی (کوژرانی قاسم سولەیمانی)**

تا بەر لە کوشتنی سولەیمانی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر سیمای گەورەترین زلهێزی جیهانی پێوە دیار نەمابوو، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتیتر سەبارەت بە کێشەکانی جوغرافیایەک بە ناوی هیلالی شیعی، ناوچەیەک کە دەکرێ بڵێین ئەمریکا بە تەواوی مەیدانی بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ کردبوو، نموونەی هەرەدوایی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. بەڵام لەگەڵ ئەو مەیدان چۆڵکردنەی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕەنگە خوێندنەوە و هەڵەی زۆربەی شرۆڤەکارانی سیاسیش بووبێ، کە ئەویش بریتی لەمەبوو کە



بەربێژیی کەسایەتیی تێکچندراوی ترامپی بۆ هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە ڕەچاو نەکردبوو. کارەکتێرێکی تێکچندراو کە هەندێ جار لێدوانەکانی ئەوەندە پارادۆکسیکاڵە کە جاری وایە لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دۆستان و دوژمنانی تووشی سەرسوڕمان یان باشتر بڵێم سەرلێشێواوی دەکا!

ڕۆژنامەی لۆس ئانجلێس تایمز باس لەوە دەکا کاتێ ئەندامانی ئاسایشی نەتەوەیی واتە وەزیری بەرگری، وەزیری دەرەوە و سەرۆک ئەرکانی سپای ئەمریکا چوون بۆ هاوینەهەواری مارالاگۆ لە ئەیالەتی فلۆریدا، پێشبینیی ئەوەیان نەدەکرد کە ترامپ فەرمانی کوشتنی سولەیمانی بدا. ئەم فەرمانە کە ڕێک ساڵێک لەمەوبەر دوابەدوای هێرش بۆ سەر پایگای کێی وان و کۆنسوولی ئەمریکا لە بەغدا دەرچوو، ترامپ لە تویتێکدا گوتبووی: ئێران بە بەرپرسی هێرشەکان و گیانە لەدەستچووەکان دەزانن و ئەوان دەبێ باجێکی زۆر قورس بدەن!

ئەمە هۆشدار نەبوو بەڵکوو هەڕەشەیەکی جیددی بوو، ئەو باجە گەورەی کە ترامپ باسی کرد کە دەبێ کۆماری ئیسلامی بیدا دیسان لە لایەن ئێرانییەکانەوە بەهەند وەرنەگیرا، چون لە ڕاستیدا ئەو کارانەی کۆماری ئیسلامی کردبووی لە ماوەی گرژبوونەوەی زیاتری پەیوەندی ئەمریکا و ئێراندا وەک: خستنەخوارەوەی درۆنی ئەمریکایی، هەڕەشە لە گەرووی هورمون، هێرش بۆ سەر چاڵە نەوتەکانی ئارامکۆی عەرەبستان، ڕاگرتنی گەمییەکانی نەوت، شەڕی پڕاکسی و "نامتقارن" لە ناوچە و... دژکردەوەیەکی جیددی و وڵامێکی ئەوتۆی لە لایەن ئەمریکاوە نەدرابۆوە. (تەنانەت واباشە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا سەبارەت بە شەڕی پڕاکسی پێداچوونەوەمان هەبێ و باس لە "بەشداریی ئەکتیو" بکەین چۆن لە ڕاستیدا قاسم سولەیمانی بە عالەم ئاشکرا خەریکی تراتێن لە ناوچەدا بوو، وەبیر خۆمانی بێنینەوە کە لە پاش ڕێفراندۆمی باشوور چۆن وەپێش حەشدی شەعبی کەوتبوو بۆ داگیر کردنی کەرکووک!) بۆیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەر بەم ڕبەی پێشوویان پێوا و بەم شێوەیە خافڵگیر بوون.

چون ڕێک لە شەوی سەری ساڵی 2020دا، ترامپ کۆماری ئیسلامیی دڵنیا کردەوە کە ئەمریکا ئاشتی و ئارامیی دەوێ و ئێرانیش دەبێ زیاتر لە هەموو کەس خوازیاری سوڵح بێ! سەیر کە، لە ماوەی کەمتر لە سێ چوار ڕۆژ تویتە پڕ لە هەڕەشەکەی ترامپ و قسەکانی شەوی سەری ساڵ، ڕێک بەتەواوی دژبەیەکن و کۆماری ئیسلامی و خودی سولەیمانییان تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیک کرد و دواجار بوو بە هۆی کوێربوونی چاوی کۆماری ئیسلامی!

بۆیە ئەوەی کرا ڕێک لەنێوبردنی هێژمۆنیی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی سەرنجەکان بوو بۆ سەر ئەمریکا، کە دنیا ئەو ڕاستییە بزانێ کە نەزم و تەکووزیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەبێ ئەمریکا جێبەجێ نابێ! کوشتنی سولەیمانی تەنیا کوشتنی پاسدارێک نەبوو کە جێگاکەی بە یەکیتر پڕ کرێتەوە، کوشتنی سولەیمانی بە سوخرەگرتنی هێما و سیمبولی دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بوو و بۆ هەموو کەس سەلمێندرا کە سولەیمانی سوپەرمن نییە. ئەمە شکاندنی پۆرتێک و گەڕاندنەوەی شکۆیەک بوو کە ترامپ هۆکاری سەرەکیی بوو. دەرکردنی فەرمانی کوشتنی قاسم سولەیمانی لە هاوینەهەواری مارالاگۆ، کۆتایی قووڵایی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی بوو.

**(٣) سەگە بەڕەڵڵاکەی داعش (کوژرانی ئەبووبەکر بەغدادی)**

مایک پێنس جێگری ترامپ لە دیبەتەکانی سەرکۆماری گوتی: کاتێ سەرکۆمار ترامپ هاتە کۆشکی سپی، داعش لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی بەقەرا ئەیالەتی پێنسیلوانیای ئەمریکا (km2 120000) داگیر کردبوو بەڵام پرێزیدێنت ترامپ سپای ناردە سەر داعش و بەبێ کوژرانی تاقە سەربازێک خەلافەتی ئیسلامیی تێکەوە پێچا.

هەرچەند دێیڤید پێترایۆس، بەرپرسی پێشووی CIA و فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقی پاش ڕووخانی ڕژیمی بەعس، گوتی کە کوشتنی سولەیمانی لە کوشتنی بنلادن و کوشتنی ئەبووبەکر بەغدادی گرینگتر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە وێدەچێ کوژرانی بەغدادی ناوچەیەکی ئەمن و ئارامتری سازکردبێ بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی. بەغدادی تیرۆریستێکی "بەڕەڵڵا" بوو، واتە هیچ وڵاتێک لانی کەم بە فەرمی پشتگیریی نەدەکرد و ماوەی خەلافەتە سنووردارەکەی زۆر درێژ نەبوو، بەڵام پێکهاتەی سپا خوێنخۆرەکەی هەموو نەتەوەکانی دنیای لەخۆ گرتبوو و بە کردەوە ئوممەتی ئیسلامی لە شام و عێراق خویا ببوو و هێمای ترسناکترین بوونەوەری سەر گۆی زەوی نیشانی جیهان دا. ڕەنگە بە لەنێوچوونی بەغدادی ئایدۆلۆژییە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکە لەنێو نەچووبێ بەڵام بێگومان دنیای سەردەمی بەغدادی و دنیای پاش کوژرانی بەغدادی ئەوەندە جیاواز بن کە بگوترێ جیهان ئێستا جوانتر و ئارامترە!

درێژە لە لاپەڕەی ١٠

# خالید عەزیزی: بە درێژایی مێژوو پێشمەرگە ئاڵاهەڵگری پاراستنی بەها ئینسانی و مەدەنییەکانی جیهانداگر بووە

## (پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان)

٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێک لە ڕۆژژمێری بزووتنەوەی سیاسی و ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێراندا بە ڕۆژی «پێشمەرگەی کوردستان» دەناسرێ.

٧٥ ساڵ لەوە پێش و لە بارودۆخێکدا کە شەڕی دووهەمی جیهانی و داگیرکرانی ئێران لەلایەن دوو زلهێزی جیهانییەوە بۆشایی دەسەڵاتی لە وڵاتدا دروست کردبوو، کورد لە ئێران بە مشوور و هەست بە بەرپرسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەریی ڕاگەیاند و ئەرکی پاراستنی خەڵک و ئەم دەسەڵاتە خەڵکییە بە هێزێکی پارێزگار و بەرگریکار سپێردرا کە ناوی «پێشمەرگە»ی لەسەر داندرا.

پێشمەرگە هێزێکی بەرگریی کوردە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەیدا، هێزێکی خۆبەخش کە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان و بۆ پارێزگاری لە بوون و کەرامەتی کورد دروست بووە. بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانە و ئامانجی ڕزگاریخوازانە، هاندەری سەرەکیی ئەم هێزە خۆبەخشە بووە بۆ پارێزگاری لە نەتەوە و نیشتمان و، گیانبەختکردن لەم ڕێگایەدا. پێشمەرگە ئەم هێزە چەکدارە ئاوەزمەندەیە کە لە زۆر برگە و قۆناغی مێژوویی کورد لە ئێران، وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی چەکداریی ساڵانی ٤٧-٤٦ بە دژی ڕێژیمی سەرکوتکەری پاشایەتی خەباتی کردوە و ئاڵاهەڵگری ئازادیخوازی، دێموکراسی و بەها مرۆییەکان بووە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و سەپاندنی شەڕ لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەسەر کوردستاندا، هێزی پێشمەرگە وەک باڵی سەربازیی حیزبی دێموکرات ڕۆڵی گرینگ و بنەڕەتیی هەم لە بەرگری کردن لە شاڵاوی کۆمەڵکوژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەبوو، هەم لە نیشاندانی وێنەیەکی ڕاستینوێن لە جەوهەری خەبات و بزووتنەوەی مافخوازیی کورد لە ئێران. پاش سەپاندنی شەڕ بە سەر کوردستان، کۆماری ئیسلامی دەیان گرووپ و میلیشیای بۆ سەرکوتی مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێک خست و ئەو هێزانە سەرکوت و جینایەت نەما لە کوردستان نەیکەن، بە جۆرێک کە زۆربەی نیزیک بە تەواوی فەرماندەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران کە دەنێردرانە کوردستان، کارنامەی جینایەت و سەرکوت لە کوردستانیان بۆ وەرگرتنی پۆست و بەرپرسایەتی پێویست بوو.

لەو بارودۆخەدا و لە کاتێکدا ڕۆڵە تێکۆشەر و ئازادیخوازەکانی کورد بە تاوانی! مافویستی سەرەڕۆیانە دەگیران، ئەشکەنجە دەکران، زیندانی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپا و ئێعدام و گوللەباران دەکران؛ بەڵام پێشمەرگە دیلەکانی شەڕی کوردستانی ئازاد دەکرد. هەڵسوکەوتی شارستانییانەی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات زۆری دۆست و هۆگری کورد و جووڵانەوە بەرحەقەی لە نێو هێزە بە دیلگیراوەکانی کۆماری ئیسلامییدا دروست کرد. کەم نەبوون ئەو کەسانەی بە تێگەیشتن لە جەوهەری خەباتی مافخوازانەی کورد ئامادە نەبوون چیدی چەک بۆ ڕێژیم هەڵگرن و بوونە باڵوێزی نیازپاکیی کورد و زۆر لەوان لەو سۆنگەیەوە گیران و لە ڕیزی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دوور خرانەوە. بەڵام لە بەرامبەردا

پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی دروستبوونی ئەم هێزە ئاڵاهەڵگری پاراستنی بەها ئینسانی و مەدەنییەکانی جیهانداگر بوون و سیاسەتی سەرکوت و تێرۆری حکوومەتە ناوەندگەراکان -بەتایبەت کۆماری ئیسلامی- ئەوانی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان دوور نەخستۆتەوە. تەنانەت کاتێک ڕێبەرانیشیان تێرۆر دەکران و بنکەکانیان مووشەکباران دەکرا و بە بۆمب و تەقینەوە هێرشیان دەکرایە سەر، بەڵام ئەوان تێرۆریان بە تێرۆر وەڵام نەداوەتەوە.

لە ساڵەکانی دوای شۆڕشدا و دوای سەرکوتی هێزە سیاسییەکان لە ئێران زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە بەهۆی زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکیان بۆ چالاکیی ئازادانە نەمابوو، وەک سەنگەری ئازادی هاتوونەتە کوردستان و لە نیزیکەوە جەوهەری جووڵانەوەی کورد و کارکردی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بینیوە و دڵنیام کە هەموویان بیرەوەریی باش و زۆر خۆشیان لە ڕەفتاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیە.

پێشمەرگە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا ناوێکی ئاشنا و هاوپەیمانێکی دڵنیا و بەپرستیژ بۆ هێزە دێموکرات و هاوپەیمانەکانە. هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەشێک بوو لە هاوپەیمانیی دژی داعش، کە شەڕی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کرد و لەپێناو شکستپێهێنان بە داعشدا تێچووی مرۆیی و گیانیی زۆری دا. بۆیە لە قوناغی ئێستای خەباتی نەتەوەیی و دێموکراتیی گەلەکەشماندا، پێشمەرگە هەر وا هێما و ڕەمزی خۆڕاگری بەرامبەر زۆرداریی زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کوردە و لە ڕوانگەی نێونەتەوەیی و بیروڕای گشتیی جیهانییشەوە پێشمەرگە وەک هێزێکی ئاشتیخواز و بەرگریکاری ئازادی پێناسە دەکرێ.

لە ٧٥ ساڵەی دروستبوونی ناو و هێزی پێشمەرگەدا سڵاو دەنێرین بۆ شەهیدانی ئەم کاروانە پڕ سەروەرییە. ڕێزگرتنیشمان لە پێشمەرگە هەڵگری ئەو پەیامەیە، کە وەک چۆن لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنانی ماف و ئازادییەکانمان بۆ سەر نەتەوەکەمان قەرزداری هێزی پێشمەرگەین، لە داهاتووشدا تەنانەت ئەو کاتەی بە مافەکانیشمان دەگەین، بۆ پاراستنیان دەبێ پشت بە هێزی پێشمەرگە ببەستین. ئێمە پێشتریش گوتومانە کە چارەسەری پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە نەک هەڕەشە، هەر لەم گۆشە نیگایەشەوە ئەزموونی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێ لە دروستکردنەوەی جەوهەری هێزی بەرگریی ئێرانی داهاتوودا یارمەتیدەر بێ.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩**

# پەیامی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان




**کۆمەڵانی مافخوازی خەڵکی کوردستان!**
**پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکانی نیشتمان!**

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێک بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و تێکۆشەرانی کورد بەتایبەتی، وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی مێژوویی و نەتەوەییە. ٧٥ ساڵ پێش ئێستا و لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٧ی دیسامبری ١٩٤٥)دا بۆ یەکەمجار ئاڵای کوردستان لە شاری مهاباد هەڵکرا. ٣٩ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان‌دا، ئەم ڕۆژەی بە "ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" ناودێر کرد. بۆیە ئێستا لە یاد و بیرەوەریی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت تێکۆشەرانی دێموکرات‌دا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێک وەک "ڕۆژی ئاڵای کوردستان" و "ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان" ڕێزی لێ دەگیردرێ.

دیاریکردنی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، بڕیارێکی درووست و لە جێی خۆی‌دا بوو. چونکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە لایەک هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە بەرنامەی دابوو کە "پێویستە لە فکری پاراستنی کوردستان"دا بێ، هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، کە کۆماری کوردستانی دامەزراند، لەو باوەڕەدا بوو کە پێویستە هێزێک بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی هەبێ. هەر بۆیە فەلسەفەی پێکهێنانی "سپای میللیی کوردستان" کە ناوی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"ی لە سەر دانرا، بۆ ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە. ئاڵای کوردستان و هەڵکردنی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە، بەشێکی هەرە گرینگ و ئەساسیی دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە، بۆیە پاراستنی ئەم دەسکەوتە ڕاستەوخۆ دەکەوتە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تا ئێستاش ئەوە بە شێوەی عەمەلی ئەم ئاڵایە کە هێمای مان و مەوجوودیەتی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەیەتی، لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پارێزگاریی لێ دەکرێ.

جیا لە هەموو ئەمانە چ لە سەردەمی کۆماری کوردستان و چ لە قۆناغەکانی دیکەی خەباتی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان‌دا بەرانبەر بە ڕێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە ئێران، خەبات و بەرەنگاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناو پارێزگاری لە خاک و خەڵکی کوردستان و بەرەوپێشبرنی ئەو پەیام و ڕەسالەتانەی کە لە هێمای ئاڵای کوردستان‌دا خۆ دەنوێنن، بەشی هەرە پڕدەسکەوت و پڕ لە شانازیی بزووتنەوە گەورە نەتەوایەتییەکەیە. ئەگەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە بە مانای هۆوییەت و کەسایەتیی پێبەخشینێکی زاتی بە نەتەوەی کورد و نیشتمان و خەباتەکەی بوو، دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو دەور و ڕۆڵە پڕ لە فیداکاری و قارەمانەتییەی کە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی پارێزگاری لە خەڵک و نیشتمانەکەیان‌دا گێڕایان و لە بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزەدا بەردەوامن، شانازییەکی گەورە و گرانە.

ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک دوو دەسکەوت و میراتی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان، لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان و تێڕوانینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان‌دا وەک دووانەی لێکدانەبڕاو و بەشێک لە ماهییەتی خەباتی شوناسخوازانەی ئەم میللەتە بە پیرۆزییەوە سەیر دەکرێن و ڕێزیان لێ دەگیردرێ. بە خۆشییەوە ئەو پەیام و داخوازیانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناوی‌دا خەبات دەکات و فیداکاری بۆ کردوون و دەیکات، لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌دا وەک بنەما و پرنسیپگەلی ڕەوا و ئینسانی پێناسە دەکرێن و ناو و ڕۆڵی پێشمەرگە ئیعتبارێکی جیهانی وەرگرتووە.

بۆیە لە یادی ٢٦ی سەرماوەز (ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە)دا حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خاوەنی بیرۆکە و دامەزرێنەری هەردوو ئەم دەسکەوتە مێژوویی و نەتەوەییانەیە بە شانازییەوە ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تەواوی ئەو کەسانە دەگرێت کە چ لە ئێستا و چ لە ڕابردوودا وەک پێشمەرگە لە پێناو ئامانجە بەرز و ڕەواکانی خەڵکی کوردستان‌دا ڕۆڵیان گێڕاوە. بە دڵنیابوون لە هەڵکردنی سەرلەنوێی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پێناو وەدەسهێنانی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان‌دا پێشمەرگانە بەردەوام دەبین.

سڵاو لە ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و پێشمەرگەی کوردستان،
سڵاو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان،
بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی پێشمەرگە**
**٢٥ی سەرماوەزی ١٣٩٩**
**١٥ی دیسامبری ٢٠٢٠**

# پێشمەرگەی ژن لە مەیدانی خەباتی مافویستی و شوناس‌خوازی‌دا



خەج مەعزووری

پێشمەرگە مرۆڤێکی وشیار، بە پرێنسیپ و بە بیروباوەڕە. هێزێکی چەکدارە کە لە پێناو ئازادی و دەستەبەرکردنی ئازادی‌دا تێدەکۆشێ و بەرەنگاری هەر جۆرە ناحەقی و زوڵم و چەوساندنەوەیەک دەبێتەوە، چەکدارێکە وڵات و نیشتمان دەپارێزێ و بەستێن بۆ ڕاحەت‌ژیان خۆش دەکا. لە ڕاستیدا پێشمەرگە، ئەو مەیدانەی هەڵنەبژاردوە بۆ مردن، بەڵکوو بە پێچەوانە بۆ ژیان هەوڵ دەدا. پێشمەرگە وەک کاراکتێرێکی سەرەکیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد بۆتە سیمبول و ڕەمزی نەتەوەیی و گەورەیی و خۆشەویستیی پێشمەرگە بۆتە بەشێک لە فەرهەنگی گەلی کورد.

پرسیار ئەوەیە پێشمەرگە کێیە؟ ئایا هەر وەک ڕابردوو کاتێک ناوی پێشمەرگە دەبیسین قەڵافەت و هێمای پیاوێکی چەک لە شان کە بۆ ئازادی و سەربەستی گەلەکەی هەوڵ دەدا دێتە بەرچاو؟ ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە بۆ سەرخستنی بزووتنەوەیەک هەر دەبێ بە پیاو بێ؟ ئایا ژن ناتوانێ ئەو ڕۆڵە بگێڕێ؟ ئایا ڕۆڵ و بەشداریی ژن وەک پێشمەرگە چەندە شوێندانەرە لە بزووتنەوەیەک یا لە شەڕی چەکداری‌دا؟



کوردستان لە گەرمەی شەڕدا بوو، خومەینی فتوای جیهادی دژ بە کورد ڕاگەیاندبوو، کوردستان یەکپارچە ببوو بە ئاور و ئاسن. بەو فتوایە ڕێڕەوی خەبات و بزووتنەوە گۆڕا، چونکی شەڕێکی نەخوازراو بەسەر کورد داسەپا و ئەرکێکی تایبەتیش کەوتە سەر شانی پیاوان و ژنانی ئازادیخواز. ئەمە یەکەمجار نەبوو کە ژنان دەبوا شانیان دابایە بەر بەرپرسایەتی. ژنان لە پاشخانی خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازیی کورددا جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان هەبوو و زۆر کەسیان لەو مەیدانەدا شەهید ببوون. بۆ نموونە "ئەختەر" کە ساڵی ١٩٣٠ لە خۆپێشاندانەکەی بەر دەرگای سەرای شاری سلێمانی کەوتە بەر دەستڕێژ و شەهید بوو،یان مارگرێت، پێشمەرگەی بەجەرگ کە لە شۆڕشی ئەیلول‌دا شەهید بوو، یا گوڵی ڕێحانی خەڵکی مەهاباد کە دەکرێ بە یەکەم ژنی زیندانیی سیاسیی کورد دابندرێ کە ساڵی ١٣٣٤ کەوتە بەندیخانەوە، یا فاتە خانی گەلواخی، خەڵکی دیواندەرە شان بەشانی میرەکان شەری کردوە. لەیلا قاسم یەکەم ژنی کورد بووە سەری چۆتە سەر دار و ساڵی ١٩٧١ ئێعدام کراوە، زێنەبە ڕەش قارەمانی نێو سەنگەر لە زۆربەی شەڕە داسەپاوەکان‌دا لە ناوچەی مەهاباد چالاکانە لە شەڕدا بەشداریی کردوە، یا زۆر ژنی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری کاتی خۆی لە مەیدان‌دا بوون و ناویان لە مێژوودا تۆمار کراوە؛ کە وایە ژن دەتوانێ لە هەموو ئەرکێک‌دا ڕۆڵی شوێنداری هەبێ بەو مەرجەی ئیزنی پێ بدرێ، بەڵام پیاو هەمیشە پێشەنگ بووە و جڵەوی بزووتنەوەی بە دەستەوە بووە.

مێژووی سەرهەڵدان و بزووتنەوە سیاسییە ڕێکخراوەکان لە کوردستان بۆ زیاتر لە سەدەیەک لەوە پێش دەگەڕێتەوە، بەڵام دەبینین کە هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون. یەکێک لە هۆیەکانی ئەم ناکامییانە کە قەت ئاماژەی پێ ناکرێ، ئەوەیە کە بەشێک یا نیوەی هێزی ئینسانیی کۆمەڵ کە ژن بن، ئیزنیان پێ نەدراوە لە بزووتنەوەکەدا ڕۆڵیان هەبێ و لە فکر و تواناکانیان کەڵک وەرگیرێ. دیارە بەشدار نەبوونی ژن زۆر هۆی سەرەکیی هەبووە کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

١) پێشتر وەک بوونەوەرێکی لاواز و دەستەوەستان چاو لە ژن دەکرا و، تواناکانی بە هەند وەرنەگیراوە.

٢) داب‌ونەریت ڕێگر بووە ژن وەک پیاو بێتە مەیدان و لە دابەش‌کردنی ئەرک و بەرپرسایەتی‌دا کاری نێومال و پێڕاگەیشتنی منداڵی پێ ئەسپێردراوە.

٣) ئایین و مەزهەب و نەریتی‌بوونی بنەماڵە ڕێگر بووە لە هاتنە مەیدانی ژنان.

٤) بوونی کۆمەڵگەیەکی پیاوسەردار و نەخوێندەوار و نەبوونی باوەڕ بە هێزی ژن لە کۆمەڵگەدا.

ئێستا سەرنج دەخەینە سەر ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە شەڕی چەکداری لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تیشک دەخەینە سەر چەندی و چۆنیی ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا؟ ئەوە حەقیقەتێکە ئەگەر لە سەرەتاکان‌دا بوونی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا کەم و دەگمەن بووە، بەڵام هەر ئەو دەگمەنە ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. لە گەرمەی شەڕی چەکداریی داسەپاودا، ژن لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکان‌دا نەخشی باش و شوێندانەری هەبووە کە مخابن قەت بە تەسویر نەکێشراوە و باسی ئەو کۆسپ و ئازارانە نەکراوە کە لەو سۆنگەیەوە چێشتوویانە. لای ئێمە ڕۆڵ و نەخشی ئەو ژنە پێشەنگانەی سەردەمی شەڕی چەکداری کەم باسی کراوە و ئێش و ئازار و بێبەش‌بوونی ئەو تەوارە چەک لەشانانەی نێو سەنگەر کەمتر هەست پێ کراوە.

پێشمەرگەی ژن لە تیمارکردنی پێشمەرگە بریندارەکانی مەیدانی شەڕدا ئەرک و زەحمەتی زۆری لەسەرشان بووە، پێشمەرگەی ژنمان هەبووە سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ پێشمەرگەکان‌دا بووە و برینی بریندارەکانی سارێژ کردوە و تەنانەت لەو ڕێگایەدا گیانیشی داناوە، یا گیراوە و ئێعدام کراوە، یا لە نەخۆشخانەکانی شۆڕش لە کاتی خۆیدا بە دەیان ژن لە پەنا زامدارەکانی شەڕی داسەپاو شەو و شەونخونییان چێشتوە، زۆر لە پێشمەرگە زامدارەکانی ئەو کات باش دەزانن ئەو ژنانە چەندە فیداکاری و لە خۆبوردوویيان لە خۆیان نیشان داوە، کار و ڕۆڵی بەردەوام و قورس و پیرۆزی ئەو سپی‌پۆشە پێشمەرگانە لە سەنگەری ئینسانی‌دا قەت لە بیرناچێتەوە. یا لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی چەکداری‌دا سەنگەری بە هێزی فێرکردن و بارهێنان، واتە خوێندن، کە سەنگەرێکی لەشکانانەهاتوو بوو، لەو بوارەدا ڕێژیمی لەگەڵ ناکامی بەرەوڕوو کرد کە پێی وابوو منداڵانی پێشمەرگە و پێشمەرگەی بێسەواد، نەخوێندەوار دەمێننەوە، بەڵام پێشمەرگەی ژن شان بە شانی هاوڕێ پێشمەرگەکانی پیاو قۆڵیان هەڵماڵی و ئەو سەنگەرەیان بەهێز کردبوو، لەبن هەر دار و دەوەن و ژێر چادر و زۆر شوێنی دیکە بێ‌ترس لەژێر ڕەهێڵەی تۆپ و خۆمپارە و کاتیۆشاباران، منداڵانی پێشمەرگەیان فێری وانەی نیشتمان‌خۆشەویستی و زمانی پاراوی کوردی و زانست و زانیاریی سەردەم دەکرد. لە سۆنگەی ئەم فیداکاری و ئەرک‌وەخۆگرییەوە سەدان پێشمەرگەی نەخوێندەوار، بە وانەی زمانی کوردی خوێندەوار کراون و بە سەدان کچ و کوڕی بنەماڵەی پێشمەرگە لە دەرەوە و لە کوردستان بە پلەکانی دوکتۆر، لیسانس، کارناسی باڵا و دۆکتۆرا گەیشتوون، ئەوانە بەرهەمی گەرمەی شەڕی چەکدارین و خوێندوویانە و پێگەیشتوون و ئێستاکە بوونەتە جێگای شانازی بنەماڵە و گەلەکەیان. ئەو کەسانە قەرزداری مامۆستاکانی ئەو سەردەمن.

یا ژمارەیەک پێشمەرگەی ژن لە سەنگەری ڕاگەیاندن، لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستان و بەشەکانی دیکە بێ‌ترس و دڵەخورپێ ساڵانێک لە شاخ و کێو و چۆلگەکانی کوردستان بەبێ چاوەڕوانی لەژێر ڕەهێڵەی ئاور و ئاسن، ماندوویی‌نەناسانە تەمەنیان دانا. یا دەتوانین ئاماژە بە ژنانی شار و دێ و ژنی پێشمەرگە بکەین کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەبات لە پشت بەرەی شەڕی داسەپاودا ورەیان دەدا بە پێشمەرگە و بە دابین‌کردنی خواردن و پۆشاک و شوێنی حەسانەوەیان و گەیاندنی هەواڵ و زانیاری یار و یاوەری پێشمەرگە بوون، ئەو ژنانە یا پێشمەرگەی ژن، یا ژنە پێشمەرگە، و یا ژنانی ئاسایی کوردستان بوون.

بێجگە لەو سەنگەرانەی لە جەنگەی شەڕی چەکداریدا ئاماژەیان پێ کرا کە ژنان بەگوێرەی توانا ئاوەدانیان کردبوونەوە، ژمارەیەک ژن چەک لە شان بەکردەوە لە سەنگەری شەڕی داسەپاودا بوون کە تەنانەت بەشێک لەوان شەهید بوون. ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوام بووە و ئێستاش بە دەیان پێشمەرگەی کچ و ژنی بە بیروباوەڕمان هەیە کە لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب‌دا ئەرک و بەرپرسایەتییان وەئەستۆ گرتووە.

ئێستاش ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئاخۆ بوونی ژن یا ڕۆڵی پێشمەرگەی ژن لە بزووتنەوەدا چەندە شوێندانەر بووە، یا شوێن دادەنێ؟ لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش فەرهەنگ و کولتووری پیاوەزنی کەم و زۆر لە هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا هەیە، بەڵام هاتنە مەیدانی بە کردەوەی ژن و خۆسەلماندنی، تا ڕادەیەکی زۆر جێگە و پێگەی شایانی ژنی بەوان بەخشیوە. ئەمن بۆخۆم لە سەر ئەو بڕوایەم:

١) ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەدا وای کردوە کە جیهانبینیی پیاوەزنی سەبارەت بە پێشمەرگەی ژن تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ بووبێتەوە و لەسەر پیاوە پێگەیشتووەکان کاریگەریی هەبێ و ڕوانگەی ئەوان بگۆڕێ.

٢) ڕۆڵی پۆزتیڤی پێشمەرگەی ژن لەو مەیدانەدا بەرانبەرخوازی و یەکسانیخوازیی فێر دەکا و لە سەر ئەو بڕوایەیە جیاوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا نییە و ئەوە بۆتە باوەڕ کە بەڵێ "ژن" دەتوانێ. نموونەش ژنانی پێشمەرگەی خۆمان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەیدانەکانی شەڕ و شۆڕش، یا نموونەیەکی تر وەک شەڕی کۆبانێ و عەفرینی ڕۆژئاوا کە زۆر بە ڕوونی سەلماندی ژن چەندە بەتوانایە.

٣) بوونی بەردەوامی ژنان نەفس‌بەرزی و هەستی باوەڕ بەخۆبوونی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەدا هەم لەلای ژنان و هەم لەلای پیاوان دروست کردوە؛ کە ئەگەر ئیرادە هەبێ و باوەڕ هەبێ ژن دەتوانێ.

٤) لەو مەیدانە بەرینەدا ژنان سەلماندوویانە پێشمەرگەی پیاو و پێشمەرگەی ژن دەبێ هەبێ و هاوتەریبی یەک بڕۆنە پێشێ. ئەوان تەواوکەری یەکترین و دەبێ باوەڕیان بە یەکتر هەبێ و پشتی یەک بگرن دەنا لە سەرکەوتن دوور دەکەوینەوە.

بە کورتی ژنی بە ورە و بیروباوەڕ هێز دەدا بە بزووتنەوە. هێزی زۆری خاوەن بەرنامە و پرۆژەی سازمان‌دراویش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر بزووتنەوە و شێوەکانی دیکەی خەبات لە هەر بوارێکدا هەیە. هەر بزووتنەوەیەک ئەگەر بیهەوێ بەرنامەکانی زووتر بە ئاکام بگا، دەبێ وەک هێزێکی جیددی لە بزووتنەوەدا سەیری ژن بکا. دەبێ ئەو هەستە دروست بکرێ کە ژن ئەرک‌وەخۆگرە و ئەو مەیدانە دروست ببێ کە ژنان بە هەست بە بەرپرسیارەتی کردنەوە ئەرکەکانیان بەجێ بێنن.

دیارە ئەو ڕاستییەش ناشاردرێتەوە کە حزووری ژمارەی ژنان لە مەیدانی سیاسی‌دا کەمە و ژنی کورد هێشتا نەبۆتە هێزی سیاسی کارا و، نەبۆتە ئەهرۆمی فشار بۆ سەر ژن‌نەویستان یا کوردنەویستان. بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئیرادە و ویستی ژنان هەردەم ڕوو لە هەڵکشانە و دەتوانم بڵێم کە ئیدی ژنان ڕێگا و ڕێبازی خۆیان دیتۆتەوە.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (تۆقاندنی کۆمەڵگا)



دیلان هەردی

**پێوەندییەک کە لەسەر بنەمای توندوتیژی بنیات نرابێ، کار لە سەر جەستە و لەسەر هەموو شت دەکا : زۆر دەکا، دادەهێنێ، دەشکێنێ، وێران دەکا؛ هەموو ئەگەرەکان دادەخا؛ کە وابوو جگە لە ناچالاکبوونی پەیوەندییەکە هیچیتر ناهێڵێتەوە، ئەگەر ڕووبەڕووی بەرگرییش بوویەوە، هیچ بژاردەیەکی جگە لە دامرکاندنەوەی لەبەر دەستدا نییە.“**

**میشێل فوکۆ**

میشێل فوکۆ پێی وایە، ”هیچ دەسەڵاتێک بێ بەرگری نییە“. ئەگەر بەرگری هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە سووژەکانی دەسەڵات، گوێڕایەڵی لە دەسەڵات ڕەت دەکەنەوە. سیاسەت و ئامرازە زۆرەملێیەکانی دەوڵەت، هەمیشە لەلایەن تەواوی کۆمەڵگەوە پەسند ناکرێن. یەکێک لە فاکتەرەکانی پێناسەی دەوڵەتی مۆدێرن، بەکارهێنانی هێزە کە دەوڵەت بە تەنیا لەدەست خۆی ناوە. بەڵام دەوڵەتێکی تۆتالیتەر، ئەو هێزە ڕەوایە بە شێوەیەکی نادروست بەکار دێنێ و بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەردەگرێ. لە حکوومەتێکی تۆتالیتەردا، هیچ چەشنە کۆنترۆڵێک بۆ سنووردارکردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بوونی نییە و بۆ دانپێدانان و وەدەستهێنانی زانیاری لە گیراوان، کەڵک لە ئەشکەنجە وەردەگیرێ. لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، تاکەکان بەبێ ئەوەی تاوانباربوونیان سەلمێندرابێ، دەستگیر دەکرێن و بە شێوەی تاک یان گرووپ، بەبێ دادگایی کردن یان بە شێوەی دادگاییکردنێکی خێرا لە شوێنی دەستگیر کرانیان و بەبێ هەبوونی هەلی بەرگریکردن لە خۆیان، لە سێدارە دەدرێن. سزاکان بە شێوەی نابەجێ و بە گوێرەی کردەوەی تۆمەتبارانن.

بۆ هانا ئارێنت، ”تۆتالیتاریزم، شێوەیەکە لە حکوومەت کە لەودا تۆقاندن بنەچە و پرەنسیپی کار و هەروەها کاراکتەری لۆژیکیی بیری ئایدۆلۆژییە“. تۆقاندن لە ترساندن جیاوازە، چونکە ترساندن شتێکی کاتییە و زوو تەواو دەبێ، بەڵام تۆقاندن بە ترساندنێکی بەردەوام دەگوترێ کە کۆتاییەکەی دیار نییە و مرۆڤ لە بازنەیەکی ترسدا زیندانی دەکا و بەردەوام لەگەڵیدایە. لە سیستەمێکی تۆتالیتەردا، سزاکان ڕێکخراون و بەشێوەی سیستەماتیک، بە پێوەری گەورە و بەبێ پرۆسەی دادوەری جێبەجێ دەکرێن. توقاندن لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا کە بە ناوەندێتی ئایدۆلۆژی ئەنجام دەدرێ، بەردەوام لە لایەن حکوومەت و لایەنگرەکانیەوە پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە. دەزگای دادوەری لەجیاتی کردەوەی تاکەکان، مەبەستی تاکەکان سزا دەدا، واتا تاکەکان بۆ کردەوەیەک سزا دەدرێن کە هێشتا ئەنجامیان نەداوە، چونکە حکوومەتی تۆتالیتەر، لە جیاتی ئەوەی سەرنج بداتە کار و کردەوەی تاکەکان، سەرنج دەداتە بنەچەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان. لەو سیستەمانەدا، دادگا ئاساییەکان سەربەخۆ نین و لە لایەن ڕێژیمەوە بەسیاسی کراون (واگنێر ١٩٨٦)، بەڵام بە پێچەوانە، لە سیستەمە ئۆتۆریتەرەکاندا، سەربەخۆیی نەریتیی دادگاکان وەکوو خۆی دەمێنێتەوە، هەرچەندە لەوانیشدا پەروەندە سیاسییەکان دەبرێنە دادگا نیزامییەکان.

**توقاندن لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا کە بە ناوەندێتی ئایدۆلۆژی ئەنجام دەدرێ، بەردەوام لە لایەن حکوومەت و لایەنگرەکانیەوە پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە. دەزگای دادوەری لەجیاتی کردەوەی تاکەکان، مەبەستی تاکەکان سزا دەدا، واتا تاکەکان بۆ کردەوەیەک سزا دەدرێن کە هێشتا ئەنجامیان نەداوە، چونکە حکوومەتی تۆتالیتەر، لە جیاتی ئەوەی سەرنج بداتە کار و کردەوەی تاکەکان، سەرنج دەداتە بنەچەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان**

ژوان لەنز پێی وایە، لە سیستەمێکی تۆتالیتەردا، ١٠ تایبەتمەندیی زۆرەملێ هەن:

١) ئاستێکی لە ڕادەبەدەر لە زۆرلێکردن.

٢) بەکارهێنانی زۆرلێکردن لە دژی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە شێوەی گشتی، بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی.

٣) بێنرخ بوونی پرۆسە یاساییەکان، ڕواڵەتی پرۆسەکە و ئیمکانی بەرگری لە خۆ کردن لەو کاتەدا کە سزایەک دەسەپێندرێ.

٤) ئەخلاقی ڕیاکارانە و ئەو پڕوپاگەندایەی کە دەوری دەدا.

٥) پەرەسەندنی تۆقاندن بۆ سەر ئێلیتەکانیش.


٦) پەرەسەندنی بۆ ئەندامانی بنەماڵەی تۆمەتبار، تەنانەت ئەگەر دەستیشیان لە تاوانەکەدا نەبێ.

٧) سەرنجدان بە مەبەست و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تۆمەتبار، لە جیاتی سەرنجدان بە کردەوەکانی.

٨) بەکارهێنانی دامەزراوە دەوڵەتی/ یا حیزبییەکان لە جیاتی ئەوانەی بە ڕواڵەت کۆنترۆڵ ناکرێن (وەکوو هێزی نیزامی)و هەروەها قەبارە و ئاڵۆزیی ئەو دامەزراوانە.

٩) ڕاودوونان یان بەرزبوونەوەی تۆقاندن دوای جێگیر بوون و بەهێزبوونی ڕێژیم.

١٠) بێبەشنەکردنی سەرۆکایەتیی هێزە نیزامییەکان لە سیاسەتی سەرکوت.




ژوان لەنز لە پێناسەکردنی تۆتالیتاریزمدا، تۆقاندن وەکوو تایبەتمەندییەکی سەرەکیی ئەژمار ناکا، بە تایبەت لە ڕێژیمە جێگیرەکاندا، بەڵام پێی وایە لە هەندێک ڕێژیمدا، تۆقاندن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان. پێناسەی تۆقاندن بۆ ئەلکساندر دالین و جۆرج دەبلیو برەسلۆوێر، بریتییە لە ”زۆرلێکردنی لە ڕادەبەدەر، لە لایەن ئۆرگانێکی دەسەڵاتی گشتییەوە لە دژی تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگە و هەڕەشەکردن و لەنێوبردنی خۆسەرانەی ئەم یان ئەو تاک و گرووپە.

### ئـ. لە سێدارە دان، چەکی تۆقاندن

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، لەسەر ژمارەی لەسێدارە دراوانی جیهان کە بۆ ساڵی ٢٠١٩ ئامادە کراوە، ئێران دوای وڵاتی چین، بە دووهەم وڵات دێ کە زۆرترین کەس تێیدا لە لایەن حکوومەتەوە لە سێدارە دراوە. بەڵام بەپێی ڕێژەی دانیشتووان، ئێران یەکەم وڵاتە، چونکە ڕێژەی دانیشتووانی وڵاتی چین لە یەک میلیارد و ٣٨٦ میلیۆن کەس پێکهاتووە، کەچی ڕێژەی دانیشتووانی ئێران نزیکەی ٨٠ میلیۆن کەسە. بەپێی هەندێک سەرچاوەی نافەرمی، ژمارەی ئەو کەسانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنی سزاکەدان، ٤٥٠٠ کەسە، کە بەشێکیان مێر منداڵن. تەنیا جیاوازی لە نێوان پێگەیشتووان و مێرمنداڵان بە نیسبەت سزای لەسێدارەدان ئەوەیە کە مێرمنداڵان دەبێ تا تەمەنی ١٨ ساڵی لە بەندیخانەدا چاوەڕێ بکەن، واتە کەسێکی تەمەن ١٥ ساڵان ئەگەر سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، دەبێ لە ١٨ ساڵیدا لە سێدارە بدرێ، بۆیە سێ ساڵ دەبێ لە بەندیخانە چاوەڕێی مردن بێ (لە ئێران، تەمەنی بەرپرسیارەتی بۆ سزادان بۆ کچان لە ٩ ساڵییەوە دەست پێدەکا و لە ١٣ ساڵی جێگیر دەبێ، بۆ کوڕانیش بەبێ دەستپێکردن لە ١٥ جێگیر دەبێ).

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، کۆمیتەی بەرگریی لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و ڕێکخراوەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ دا لانی کەم ٤٣٨ کەس لەسێدارە دراون. لە ساڵی ١٩٨١ دا ٦٢٤ کەس و لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٢ هەتا ١٩٨٥ دا ١٤٧٩٤ ئێعدام کراون کە کە بەشی زۆری ئەو کەسانە لە ساڵی ١٩٨٢دا لەسێدارە دراون. ژمارەی ئێعدامکراوەکان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٥-١٩٩٩ هەر نەبێ ١٢٢٨٠ کەس بووە و لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠١٩ـشدا ١٠١٦٠ کەس ئێعدام کراون.

هەر بەپێی ئاماری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکوو کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Watch)و یەکیەتیی ئەورووپا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ـەوە تاکوو ئێستا، ٩١ مێرمنداڵ لە ئێران لە سێدارە دراون.

لەگەڵ ئەوەشدا کە گوشاری نێونەتەوەیی لە سەر حکوومەتی ئێران بۆ وەستاندنی لەسێدارەدانی مێرمنداڵان لەئارادایە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ، ئێران هێشتا یەکێک لەو چوار وڵاتانەیە کە سزای لەسێدارەدانی مێرمنداڵان تێیاندا جێبەجێ دەکرێ و، ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕایگەیاندووە کە سزای لەسێدارەدانی مێر منداڵان لە ئێران زیادی کردووە.

تا ئێستا، ئامارێکی ورد لەسەر ژمارەی لەسێدارە دراوان لە ئێران لە بەردەستدا نییە، بە تایبەت ژمارەی لەسێدارەدراوانی سیاسی، چونکە زۆرینەی ئەو کەسانەی لە سێدارە دراون، لە شوێنێکی نەزانراودا نێژراون و بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییان نە چاویان بە تەرمی ڕۆڵەکەیان دەکەوێ و نە بە شوێنی ناشتنی دەزانن. هەندێک ڕێکخراو و دامەزراوەی ناحکوومی وەکوو کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، بە یارمەتیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، بەردەوام لە هەوڵی وەدەست خستنی زانیاری لە سەر قوربانییانی لەسێدارە دراوانن لە ئێران. هەندێک سەرچاوە، ژمارەی لەسێدارە دراوانی ئێرانیان لە نێوان ٦٠ هەزار بۆ ٨٠ هەزار کەس بەراوردە کردووە، بەڵام بەپێی بەراوردکردن و کۆکردنەوەی هەندێک ژمارەی پرش‌وبڵاو، ژمارەی لەسێدارە دراوانی ئێران بە زیاتر لە ٥٠ هەزار کەس بەراورد دەکرێ کە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەشی لەگەڵدا بێ کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و هێشتا لە سێدارە نەدراون، ژمارەکە لە ٥٥ هەزار کەس تێدەپەڕێ. ئەگەر ژمارەی لە سێدارەدراوانی ئێران لە ماوەی چل ساڵدا، بە سەر دوو ماوەی بیست ساڵیدا دابەش بکەین، (بڕوانە خشتە و گرافیکەکان) دەردەکەوێ کە لە ١٣٥٧ـەوە تا ئێستا هیچ گۆڕانکاری و کەمبوونەوەیەکی ئەوتۆ لە ژمارەی لەسێدارەدراوان لە ئێران ڕووی نەداوە.

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ تێچووی پێشێل‌کردنی مافی مرۆڤ لەسەر کۆماری ئیسلامی قورستر بکا

Iranian Kurdistan Human Rights Center
ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

٢٠ی سەرماوەزی ئەمساڵ (١٠ی دسامبری ٢٠٢٠) بەرامبەرە دەگەڵ حەفتاودووهەمین ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ کە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا.

لە ساڵیادی پەسندکردن و ڕێزگرتنی ئەم بەڵگەنامە جیهانییە کە وەک دیکیۆمێنتی کۆمافی بنەڕەتی بۆ دادپەروەری و یەکسانیی مرۆڤایەتی ناسراوە، بەداخەوە ئێستاش لە بەشی هەرەزۆری وڵاتانی جیهان مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن و هاتن و تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆناش بەتایبەت لەلایەن وڵاتانی تۆتالیتەر و دیکتاتۆر وەک دەرفەتێک بۆ بەرتەسککردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم ئازادییەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

لە کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی داگیرکەر، کوردەکان بە هۆکاری ڕوانین و باوەڕی سیاسی، عەقیدەتی و ئایینی، لەبەر هەوڵدان بۆ پەرەپێدان بە زمان، وێژە و کولتووری نەتەوەیی؛ کۆمەڵەی قوتابی و خوێندکار، کرێکار، فەرمانبەر، مامۆستا، خانەنشینکراو و... بە هۆی نارەزایەتی بە ڕەوشی خراپی ژیانیان، بێکاری و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی سیاسی و ئابووری بەشیوازێکی پرسووکایەتی سەرکوت دەکرێن، دەگیرێن و هێرشیان دەکرێتە سەر. خۆپێشاندانە ڕەواکانی ئەم ساڵانەی دوایی بەتایبەت خەزەڵوەری ٩٨ میناکی ڕاستی و بەرچاوی ئەم سەرکوت و زوڵم و زۆرییەیە کە بەبەراورد دەگەڵ باقی ناوچەکانی ئێران دەرحەقە بەگەلی کورد زۆر زیاتر کراوە.

هێزە نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە لەبەرچاوی هەموو جیهان و بە ئاشکرا بە شێوەی نامرۆڤانە کۆڵبەرانی بێ‌تاوان، بێکار و بێ‌دەرەتان لە ناوچە سنوورییەکان دەدەنە بەر دەسڕێژی ڕاستەوخۆ و هەڕەشە لە خەڵکی نیشتەجێی ئاواییەکانی سەر سنوور و مەڕداران دەکەن شوێنی خۆیان چۆڵ بکەن و بەجێ بهێڵن.

هاوکات بە بەردەوامی لاوانی کورد پۆل پۆل بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەسبەسەر دەکرێن و، زیندان و سێدارە و خۆکوژی وێڕای تەقینەوەی مین ڕۆحی ژیان لە کۆمەڵگەی ئازادیخوازی کوردستانی داڕووشاندووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەو سەرکوت و پێشێلکارییانە بە شێوەیەکی پلان بۆ داندراو و سیستماتیک دەکا کە بە بەردەوامی لە پێوەندی دەگەڵ ئەو پێشێلکارییانەدا ناوەندە داکۆکیکارە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بڕیارنامەیان بە دژی ئێران پەسند کردوە و ڕەفتار و سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەیان مەحکووم کردووە.

کۆماری ئیسلامی نەک لەبەرچاوی خەڵکی وڵاتی ئێران، بەڵکوو لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیشدا بە ڕێژیمێکی پێشێلکەری مافی مرۆڤ ناسراوە. لە ماوەی چل و دوو ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا، کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جگە لە دوو ساڵ نەبێ، هەموو ساڵێک بڕیارنامەی بە دژی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران بڵاو کردووەتەوە.

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)، کۆماری ئیسلامی تەنیا لە ڕێگەی تێرۆرەوە هەتا کۆتایی ساڵی ١٣٩٨ بە لانی کەمەوە ٣٧٩ کەس لە ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستانی شەهید کردووە. هاوکات ٤٤٤ ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە ناویان لای ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمارکراوە لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ساڵی ١٣٩٧ بەتاوانی ئەندامەتی لەو حیزبە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسێدارە داوە. لە ساڵی ١٣٩٠ هەتا سێپتامبری ٢٠٢٠ (١٣٩٩) ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد توانیویانە شوناسی ٥١٤ کەسی مەدەنیی کورد بە ناو و نیشانەوە تۆمار بکەن کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لەسێدارە دروان. هەر لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ٦٩٦٦ کەس لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بە تۆمەتی جۆراوجۆری وەک چالاکیی ژینگەیی، ئەدەبی، سیاسی، مەدەنی، مەزهەبی و، ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری نیزام و... دەسبەسەر کراون کە لە کۆی گشتی ئەمانە ١٣٣٧ کەسیان زیاتر لە ٥ هەزار ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. هەر لەو دە ساڵەدا ٣٧٦ کەس لە کوردستان بە هۆکاری تەقینەوەی مین بریندار یان کوژراون، ١٣٨٤ کۆڵبەر لەو دەساڵەدا کوژراون و بریندار بوونە (٤٨٥ کۆڵبەر کوژراون و ٨٩٩ کەسیشیان بریندار بوون) کە ٢٢ کەس لەو کۆڵبەرانە تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە. تەنیا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٩ هەتا ١٩ی سەرماوەز (٨مانگ و ١٩ ڕۆژ) ١٣٣ کەس لە کوردستان لەبەر هەژاری، بێکاری و کێشەی دەروونی و خێزانی بەڕێگای جۆراوجۆر کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە کە نیوەی زیاتریان ژن بوون. ئەم ئامارانەش تەنیا بەشێکێ ئاشکرا لە دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانن کە ناوەندەکانی داکۆکاری لە مافی مرۆڤی کوردستان توانیویانە تۆماریان بکەن.

لەم ڕۆژەدا بە گرنگی دەزانین داوا لە هەموو ناوەندە جیهانییەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و بەتایبەت ناوەندی بڕیار لە وڵاتانی ئازاد و دێموکراتیکی پرکاریگەری جیهانی بکەین کە کێشەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی تەنیا لە چالاکییە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئەم ڕێژیمەدا نەبینن. ئەم ڕێژیمە جیا لە هەوڵی بەردەوامی بۆ ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهاندا، کۆمەڵگەی ئێران و خەڵکی وڵاتی بە بارمتە گرتووە و چاوەڕوانیی ئەوە لە ناوەندەکانی بڕیار لە دنیا دەکرێ کە وێڕای هەڵوێستوەرگرتن لە بەرامبەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە هەمبەر سیاسەتی دژە کورد و ئاکاری هۆڤییانەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد بێدەنگ نەبن. بێ‌گومان هەتا تێچووی ئەم سیاسەت و ڕەفتارە نامرۆڤانەیە لەسەر کۆماری ئیسلامی قورس نەوەستێ، ڕێژیم نەک لەسەریان بەردەوام دەبێ، بگرە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران لەوەش خراپتر دەبێت.

**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٠ی سەرماوەزی ١٣٩٩ (١٠ی دێسامبری ٢٠٢٠)**

# یادێک لە دایکی ئاڵا و عەبدول کەرباسی



برایم قەزاق

پاشی نزیک بە چوار ساڵ لە داگیرکردنی باکووری ئێران لە لایەن هێزەکانی سۆڤییەتەوە کە ئازەربایجان و بەشێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی دەگرتەوە، لەو ماوەیەدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ ک) توانی ببێتە هێزێک و ئارامی و ئەمنیەتی زۆربەی ناوچەکانی موکریان بپارێزی. دەسەڵاتی پاشایەتی ڕەزاخانی میر پەنج لە زۆر جێگا هەڵ وەشاوە و لە شاری مەهاباد تەنیا بنکەیەکی شارەبانی کە چەند پۆلیسێکی لێ مابوو کە ئاڵایەکی ئێران لە سەربانی ئەو ئیدارەیە هەڵدرابوو.

ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ کۆمەڵەی ژ ک دوای سێ ساڵ لە دامەزرانی بەڕەسمی لە کۆبوونەوەیەکدا ناوی خۆی گۆڕی بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ئەندامانی حیزبی زۆر چالاکانە و ئازایانە توانییان هەموو کاوباری ئیداری نێو شاری مەهاباد بە دەستەوە بگرن و لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٦ ی سەرماوەزدا بە چەکەوە هێرش بکەنە سەر بنکەی شارەبانی و پاشی تەقەیەکی کەم، دەستی بە سەر دابگرن و ئاڵای کوردستان لە سەر بانی ئەو ئیدارەیە بەرز کەنەوە. لەو تەقە و لێکدانەدا بەداخەوە لاوێک شەهید دەبێ، بەڵام لە نێو شەقامدا چەند هەزار کەس بە چەپڵەڕێزان و درۆشمی بژی پێشەوا و بژی کورد وکوردستان پێشوازییان لەو لاوە تێکۆشەر و قارەمانانە کرد کە بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردیان لەو شارە هەڵدا.

لە درێژەی بابەتەکانی مێتینگی ٢٠ هەزار کەسی لە ٢ی ڕێبەنداندا ڕۆژنامەی کوردستان پاش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان یادی "عەبدول کەرباسی" دەکا.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی لە ژمارە ١١ی ڕۆژنامەی کوردستان ٤شەممە، ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا هاتووە ، ئەو گەنجە تێکۆشەرە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ کاتێک پێشەوا قازی دەچێتە سەر سەکۆ و ئێعلانی جمهوورییەت دەکا و پاش تەواو بوونی نوتقی جەنابی پێشەوا کە لە تریبوون دەیەوێ بێتە خوارێ؛ عەبدول کەرباسی -کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵادا گایەکی بە سەد تمەن کڕیبوو و لە بەرامبەر ئاڵادا کردبوویە قوربانی- کە بە چەکەوە لە پشت تریبوون ڕاوەستابوو، شانی دانەواند کە جەنابی پێشەوا پێی لەسەر شانی دانێ و بێتە خوار. عەبدول کەرباسی، ئەو گەنجە نیشتیمانپەروەرە لەنێو ئاپۆرای چەند هەزار کەسی‌دا و بە قوربانی‌کردنی گایەک لە ڕێی بەرزکردنەوە و شەکاوەڕاگرتنی ئاڵای پیرۆزدا نیشانی دا سەر و ماڵی دەکاتە بەردەبازی ڕێگای ئاڵا و کۆماری کوردستان.

عەبدول کەرباسی کوڕی بابا عەلی، کوری خەلیل‌بەگ خانی دەرویش ناسراو بە خەندەڕیشە کە بە ڕەچەڵەک لە تایەفەی باریکە و دەگەڕێتەوە بۆ سەر بنەماڵەی ناسراوی موکریان بداق سوڵتان.

عەبدول ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بووە و هەر لەو سەروبەندەدا شەوانە لاوانی مەهابادی ئەمنیەتی شەوانەی نێوشاریان بەعۆدە گرتووە کە ئەو یەک لەوان بووە. هەستی نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی بەرانبەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەو تازەلاوە بەو قەناعەتە دەگەیەنێ بۆ ئاڵا دەبێ سەدەقە بدا و قوربانیی بۆ بکا، هەر بۆیەشە گایەک دەکرێ و بەرانبەر ئەو عیمارەتەی ئاڵای لەسەر هەڵ کراوە؛ وێرای چەپڵە ڕێزان و بژی کورد و کوردستان گایەکە دەکاتە قوربانی .

عەبدول کارێژدار بووە، تەنانەت تیئاتری دایکی نیشتیمان لە حەساری کارێژەکەی‌دا پێشان دەدرێ. ئەو لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و خاوەن ڕابردوویەکی دوور بووە، خۆشەویستیی بۆ جەنابی پێشەوا قازی لە دووی ڕێبەندان‌دا بە باشی دەر دەکەوێ. لەو کاتەی جەنابی پێشەوا دەیەوێ لە سەکۆ بێتە خوارێ ، کوڕ دەبێتەوە تا جەنابی پێشەوا لاقی لەسەر پشتی دابنێ، کە هەڵبەت پێشەوا ئەم ئیزنە بە خۆی نادا.

هەر بەو بۆنەوە جێگای خۆیەتی یادێک لە دایکی ئاڵای کودستان ، دایە فاتمەی مەناف حوسێنی، خێزانی مەرحووم ئاغای کەریم ئەحمەدەین، وەزیری پۆست و تێلگرافی کۆماری کوردستان بکەینەوە کە ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد. خاتوونێک کە بە دایکی ئاڵای کوردستان ناسراوە و بە دەست و پەنجە زێرینەکانی ئەو ئاڵایەی چنیوە .

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژێکی پرشنگدار و لەبیرنەکراوە، هەر بۆیە پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و خەباتی شێلگیرانەی حیزبی دێموکرات و قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٣٦٣ کۆمیتەی ناوەندی حیزب بڕیاری دا ئەو ڕۆژە بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە ناو بنرێ. هەر بەو بۆنەوە لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣دا یەکەم ئۆرگانی ٢٦ی سەرماوەز چاپ و بڵاو کراوە .

بێ‌شک هێزی لە شکان‌نەهاتووی پێشمەرگە شایەنی زۆر ڕێزگرتنە و ئەو شانازییەش هەر بۆ پێشمەرگە دەگەڕێتەوە کە پارێزەری ئاڵای کوردستان، وەک شکۆ و سیمبولی خەباتی شوناس‌خوازیی کوردە.

سڵاو لە پێشمەرگە

سڵاو لە شەهیدانی حیزب و گەل

دایکی ئاڵا و عەبدول کەرباسی ڕوحیان شاد و یادیان بەخێر بێ.



# مافی مرۆڤ لەژێر پۆستاڵی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی‌دا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز، بۆ جارێکی دیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی لەژێرپێنانی زەق و بێبەزەیانەی مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەموو بوارەکان‌دا محکووم کرا. ئەوە یەکەم‌جار و بەدڵنیاییەوە هەتا کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات‌دا بمێنێ کۆتا جار نابێ کە ئەو ڕێژیمە دژی گەلی و سەرەڕۆیە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ مەحکووم دەکرێ. ئەو مەحکوومکردنانە ئەگەرچی تەعبیر لە بوونی نیزامێکی دیکتاتۆر و زەوتکەری مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش‌دا نەک هەر نەیانتوانیوە دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا باشتر بکەن و ڕێژیم لە ڕەوتی لەژێرپێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران خاو بکەنەوە بەڵکوو هەتا هاتووە، زەخت و گوشاری دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ژنان و بەگشتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان زیادی کردووە و مافیای دەسەڵات، وڵاتی ئێرانی بە یاسا و ڕێسا داسەپاوەکانی خۆی و کردەوە و ڕەفتارە سەرکوتکەرەکانی لە مەنگەنە ناوە.

ڕنگە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئاخوندەکان لە دەگمەن ئەو وڵاتە دیکتاتۆرلێدراوانە بێ کە لە تەواوی ڕەهەندەکان‌دا، زۆربەی هەرە زۆری مادده و بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانی بە شێوەی سیستماتیک و بەناو یاسایی لە ئێران‌دا لەژێر پێ ناوە و هەموو ساڵی پەڕاوی مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی بۆ ساڵێکی دیکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە. ڕاستە مێژووی هاوچەرخ نیشانی داوە ڕێژیمە ئیدیۆلۆژی و تۆتالیتێرەکان دژی دێموکراسی و ماف و ئازادییە سیاسییەکانی خەڵکی بوون و هەرچەشنە دەنگی نارەزایەتی و هەڵوێستی دژ بە خۆیان سەرکوت کردووە، بەڵام ئەوەی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران چێشتوویانە و ئێستا دەبیندرێ، تەنیا دەکرێ بڵێین لە تاقمی تالیبانی ئەفغانستان و دەسەڵاتی ڕەش و جەهالەتی داعەش‌دا بەرچاو کەوتووە.



ڕێژیمێک کە لە بنەڕەت‌دا بە کوشتنی بەکۆمەڵ و لەسێدارەدانی نەیارانی و قەلاچۆکردنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێگەی دەسەڵاتی خۆی داسەپاند و، لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە هیچ کردەوەیەکی دژی‌گەلییانە لە هەمبەر چین و توێژەکانی گەلانی ئێران خۆی نەپاراستووە و ئێرانی گەیاندووەتە ئاستیک کە بووەتە زیندانێکی گەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی داماو و وەزاڵەهاتوو. هەربۆیەش دەبینین هەموو ڕێکخراوە ماف‌پارێزەکان ئەو ڕێژیمە مەحکووم دەکەن و لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لەقاو دەدەن.

هیچ دوور لە ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی‌دا بەدەیان هەزار لە دژبەرانی ئەو نیزامە جینایەتکارە بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەندیخانە دیار و نادیارەکان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا کوژراون، یان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تێرۆر کراون. ئێعدامەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران و کوردستان بە دەستی چەپەڵی خەڵخاڵی و هێزە سەرکوتکەرانی، کوشتنی هەزاران زیندانیی سیاسی لە بەندیخانەکان کە چڵەپۆپەکەی کوشتاری زیندانیان لە ساڵی ١٣٦٧ بوو و هەروەها تێرۆری سەدان کەس لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کە لەو نێوەدا حیزبی دێموکرات بە شەهیدبوونی دو ڕێبەری هەڵکەوتووی و سەدان کادر و پێشمەرگەی ئازا پشکی سەرەکیی پی دەبرێ، لەو جینایاتانەن کە هیچکات لەتەوێڵی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ناسڕێنەوە.

هەر لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لەبەرچاوی وڵاتان و بیروڕای گشتی جیهان بێ‌گوێدان بە داواکاریی زۆر لایەن و دەوڵەت و پارێزەرانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە چەندین جینایەتی خوڵقاندووە کە لەسێدارەدانی کتوپڕی مستەفا سەلیمی، زیندانی سیاسی کورد لە سەقز و نەوید ئەفکاری وەرزشکاری جیهانی لە زۆرانبازی لە شیراز و ڕفاندنی ڕوحوڵڵا زەم بەرپرسی سایتی "ئامەدنیوز" لە عێراقڕا بۆ ئێران و لە سێدارەدرانی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەو کردەوە قزێون و جینایەتکارانەن.

جگە لەوەش لەسێدارەدانی زەم لە ڕاستی‌دا تۆڵەسەندنەوەیەک بوو لە ڕۆڵی کارای سۆسیال میدیا کە دەورێکی ئێجگار کاریگەریان هەبوو لە سەرهەڵدان و پەرەپێدانی نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی، هەروەها لەقاودانی گەندەڵی و سیاسەتە چەوتەکانی ئەم ڕێژیمە. بەمجۆرە ڕێژیم ویستی تێچووی چالاکی میدیایی و ڕاگەیاندن لە دژی خۆی بۆ چالاکانی ئەم بوارە بباتە سەرێ. ڕێژیمێکی ڕووهەڵماڵاو کە هیچ شەرم و شکۆیەک ناناسێ و بە بەرچاوی خەڵکی جیهان و دەوڵەتان، دژبەرانی خۆی دەڕفێنی و پاش ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر ناچاریان دەکا لە بەرچاوی کامێڕاکان و لە تەلەویزیۆن‌دا دان بە تاوانی نەکردوویان دابنێن و بەوەش بەڵگەی لەسێدارەدانی خۆیان ئیمزا بکەن. تەلەویزیۆنێک کە لەژێر دەسەڵاتی خامنەیی دایە و بەکردەوە بووەتە زمان‌حاڵی باڵی زاڵ بەسەر دەسەڵات و سپای پاسدارانی ڕێژیم و هاوکارە لەگەڵ ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم.

لەحالێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات و نووسینی بابەتی ڕەخنەگرانە لەسەر بەڕێوەبەرانی وڵات و هەوڵدان بۆ گۆرینی دەوڵەت و دەسەڵات زۆر ئاسایی و ڕێگە پێدراوە، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی‌دا هەرچەشنە دژایەتی لەگەڵ دەسەڵات، بەواتای دژایەتییە لەگەڵ خودا و سزاکەشی زیندان و لەسێدارەدرانە و لەو پێناوەدا بۆ سزادانی نەیارەکانیان هەموو ڕێگەکان، تەنانەت فێڵ و درۆ و ڕفاندنیش ئیزن‌پێدراوە. ڕفاندنی ڕوحوڵڵا زەم لە فڕۆکەخانەی بەغدا لە عێڕاق لەلایەن دەست و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە و ماوەیەک لەمەوبەریش ڕفاندنی "حەبیب ئەسیوەد" چالاکی سیاسیی عەرەب لە ئیستانبوڵی تورکیە تەنیا دوو نموونەن لە کردەوەکانی ڕایەڵە نەهێنییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات. هەر لەپێوەندی لەگەڵ ئەو چالاکانە، دەوڵەتی تورکیە ڕایگەیاند کە ١١ کەسی دەسبەسەر کردووە کە ناوبراویان ڕادەستی ئێران کردووە و ئەندامی ڕایەڵەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامین.

لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ئێران‌دا تەنیا لەڕووی سیاسییەوە نییە و ئەوە تەنیا گەلانی بێبەش‌کراوی ئێران وەک گەلی کورد نین کە لە ماف و ئازادییە سروشتییەکانیان بێبەش کراون و ئازادیخوازان و تێکۆشەرانیان لە بەندیخانەکان ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن؛ ئەوە تەنیا کۆڵبەرانی کورد نین کە بە ناچاری بۆ گوزەرانی ژیانیان ڕوو لە سنوورەکان دەکەن و لەلایەن جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامییەوە "کەوکوژ"ی دەدرێنە بەر دەستڕێژ. ئەوە تەنیا چالاکانی سیاسی و نەیارانی کۆماری ئیسلامی نین کە بە تاوانی ئازادیخوازی و دژایەتی لەگەڵ سیاسەتەکانی خامنەیی و کۆماری ئیسلامی لە چاڵەڕەشەکانی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم ئەشکەنجە دەدرێن و بە زیندانی درێژخایەن مەحکووم دەکرێن؛ لە ڕاستی‌دا کۆماری ئیسلامی خەڵک و خاکی ئێرانی بەبارمتەگرتووە و بە ناوی دین و شەریعەت دەسەڵاتی نوێنەرانی خودا، دواکەوتووترین و توندوتیژترین یاساکان بەسەر گەلانی ئێراندا دەسەپێنێ. خەڵکی ئێران تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەیان و لە چوارچێوەی ماڵەکانیشیان‌دا ئازاد نین و بە ترسەوە هەڵسوکەوت دەکەن. نیوەی کۆمەڵی ئێران، واتە ئافرەتان بە شێوەی یاسایی ستەمیان لێ دەکرێ و لە زۆر لە مافە سەرەتاییەکانی باو لە جیهانی ئازاد، وەک شێوەی جلوبەرگ و میرات و مووزیک و هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان بێبەش کراون. دەیان چالاکی پارێزەی مافی ژنان و منداڵان لەبەندیخانەکان لەژێر گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دان و هەڕەشەی کوشتن و دەرمانداوکردنیان لەسەرە. چالاکانی کرێکاری، فەرهەنگی و مەدەنی و بەگشتی هەموو بوارەکانی کۆمەڵ لەلایەن دەسەڵاتەوە زەختیان لێ دەکرێ کە دەبێ لە چوارچێوەی بەرتەسک و پەسندکراوی دەسەڵاتدا بجووڵێنەوە و هێڵەسوورەکان نەبەزێنن، ئەگینا چارەنووسیان زیندان و کۆتوبەندە.

بێ‌گومان مەحکوومکرانی کۆماری پەتوسێدارە لەلایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر باش و بەجێیە، دیارە وڵاتانی ئورووپاییش لەژێر کاریگەریی لەسێدارەدرانی نەوید ئەفکاری و ڕوحوڵڵا زەم شێلگیرتر لە پێشوو ئەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کردووە، بەڵام کێشەکە لەودایە بۆ هەوسار کردنی ئەو ڕێژیمە و کەم‌کردنەوەی ئازاری لەژێرپێنانی مافی مروڤ لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتەنیا بەو مەحکوومکردنانە بڕ ناکا و لە ڕاستی‌دا بەبێ ئەوەی وڵاتە زلهێزەکان گوشاری بەکردەوە و زیاتر لە پێوەندی لەگەڵ مافی مروڤ لە ئێران‌دا نەخەنە سەر ئەو ڕێژیمە، کۆماری ئیسلامی بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوی و شوورەیی، خۆ لەبەرپرسایەتی ئەو جینایەتانە دەدزێتەوە.

ئەوەیە تابلۆیەکی ڕەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و چەند نموونەیەکی بچووکن لە کردەوەکانی خامنەیی و مافیای زاڵ بەسەر دەسەڵاتدا. بەدڵنیاییشەوە هەتا کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا لەسەر کار بێ، دۆخی مافی مرۆڤ ڕۆژبە ڕۆژ خراپتر دەبێ و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ڕووی ئاسوودەیی بە خۆیانەوە نابینن.

***

# دەسکەوتی ترامپ لە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا

**نەیشنال ڕیڤیو – ڕیوئەل مارک گەرێشت و ڕەی تاکیە**



و: کەماڵ حەسەنپوور

لە نێو پڕ شانازیترین دەسکەوتەکانی دۆنالد ترامپ وەک سەرۆک کۆمار، کشاندنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام واتە ڕێککەوتنی سەرۆک کۆماری پێشوو لەگەڵ ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ئەو وڵاتە بوو. بوێرانەترین هەنگاوی ماوەی سەرۆککۆمارییەکەشی، بڕیاری کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سپای قودس، هێزی تایبەتیی دەرەوەی وڵات، لقی تێرۆریستیی سپای پاسداران، لە فڕۆکەخانەی بەغدا بوو.

سەرۆک کۆمار ترامپ دەیەویست عێراق جێ بهێڵێ و، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیی تۆڵە ئەستاندنەوە و ئەرکوەئەستۆگرتنی زیاتری ویلایەتە یەکگرتووەکانی بە کوشتنی ژەنراڵێک قبووڵ کرد کە لەوانەیە دوای ئوسامە بین لادن، نەخشەداڕێژی کوژرانی زۆرترین ژمارەی ئەمریکاییەکان بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە کەڵک وەرگرتن لە پێوانەی خودی ترامپ بۆ سەرکەوتن، سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەرانبەر ئێران، واتە زیادکردنی زەختی ئابووری تا تاران ملکەچی ڕێککەوتنێکی باشتر دەبێ، شکستی هێنا. ئەوە لە پێشدا دیار بوو کە هەر وا دەبێ: هیچ ڕێککەوتنێکی "باش" لە گەڵ دەوڵەتێکی شۆڕشگێری ئیسلامیی ناکرێ و نابێ. هەر جۆرە سازانێکی نوێ، یان ڕێککەوتنێکی دوای ئەوی پێشوو، وەک بەرجامی لێ دێ. کۆتاییەکەی ئەوە دەبێ کە تاران ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچار دەکا لە ڕێگای سووککردنی ئابلۆقەکانەوە چەند میلیارد دۆلار سوودی پێ بگەیەنێ، کە حکوومەتە ئایینییەکە و ئیمپریالیزمەکەی پێ پتەو بکا، لە کاتێکدا کە دەستڕاگەیشتنی ڕێژیم بە چەکوچۆڵی ناوکی کەمێک وەدوا دەکەوێ. ئەوە بۆیە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما خۆی لە زیادکردنی بەرنامەی کۆنترۆڵی مووشەکی بالیستیک بە بەرجامەوە بوارد: ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی، و سپای پاسداران هەرگیز ئەوەیان قبووڵ نەدەکرد. بە هەمان شێوە هەر جۆرە سیستەمێکی لێکۆڵینەوە کە لەوێدا پشکێنەرانی خۆرئاوایی بتوانن بۆخۆیان بە کردەوە سەردان بکەن، چ بگا بە پشکنینی بنکەکانی سپای پاسداران کە لەوێ ئاشکرا بووە یان گومان دەکرێ توێژینەوەی ناوکی یان مووشەکیی بالیستیک بەڕێوە دەچێ. گەشەپێدانی مووشەکی دوورمەودا و خاوەن توانایی هەڵگرتنی کڵاوی ناوکی، کە زیاتر لە دوو دەیەیە لە لایەن سپای پاسدارانەوە پێشتریێتی پێ دەدرێ، ئامرازی پێویست دەداتە دەسەڵاتدارانی ئێران تا ڕکەبەرەکانیان لە ناوچە و ئەوڵاتریش کۆنترۆڵ بکەن، هەڕەشەیان لێ بکەن و بیانترسێنن. ئەوە شتێکە کە ئێران دەستی لێ هەڵناگرێ.

سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران بژارکراو و ناڕێکوپێک بووە و ئەوە ئاشکرا دەکا کە ناچارکردنی ئابووری لە پێش کۆنترۆڵکردنەوە بووە. کۆنترۆڵکردن ستراتێژییەکی پشوودرێژی گۆڕینی ڕێژیمە. زەختی لێبڕاوانە و پاشەکشە پێکردن، قەیرانی ڕەوایی کۆماری ئیسلامی، کە زۆر جار بۆتە نارەزایەتیی بەربڵاو، چڕتر دەکا و ئەگەری تێکشکانی سیستەمەکە زیاتر دەبێ. بێگومان ترامپ هیچ ئارێشەیەکی ئەخلاقیی لەبارەی جێبەجێ کردنی ئەوەدا نەبووە؛ بەڵام ئەو نایهەوێ ئەو بەرپرسیارییانە بگرێتە ئەستۆ کە بێ ئەملاوئەولا کۆنترۆڵکردن دەیخوازێ. (واتە دروست کردنی هاوڕاییەکی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی بۆ گۆڕینی ڕێژیم). لە جیاتان، ئەو هاوپەیمانیی عەرەبی سوننی دژی ئێرانی شیعەی برەو پێ دا، ستراتێژییەک کە لە سێپتەمبەری ٢٠١٩، کاتێک عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی سەرەڕای باڵادەستیی هێزی ئاسمانی، لە وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ڕێژیمی مەلایان بۆ سەر پاپۆڕی نەوتهەڵگر و دامەزراوەی پاڵاوتنی نەوتی ئەوان، شکستی هێنا. ترامپ یەکەکانی هێزی ئاسمانی و دەریایی لە کەنداو نەکشاندەوە، و بە شێوەی کاتیی هێزی پیادەی لە ناوچەکەدا زیاد کرد، ڕێگای بە مەلاکان دا عەرەبەکانی کەنداو ئەزیەت بکەن بەڵام باشووری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کە لە بواری نەوتەوە گەلێک دەوڵەمەندە نەشێوێنن.

تاران ئێستا نزیکەی ٥٠٠٠ پاوند ئورانیۆمی کەم پیتێندراوی هەیە کە گەلێک لەو ڕێژەیە زیاترە کە بە گوێرەی بەرجام ڕێگای پێدراوە و یەک لەسەر پێنجی ئەو ڕێژەیەیە کە ڕێژیم پێش ڕێککەوتنەکە گوتبووی هەیەتی. لە ڕاستیدا ڕێژیمی مەلایان کێبەرکێی نەبووە تا ڕێژەیەکی زۆر کۆ بکاتەوە. (بە لەبەر چاو گرتنی ئاسانیی وەگە خستنەوەی سانتریفیوژان، ئەوان دەیانتوانی ئەو کارە بکەن.) ترامپ بە دڵەڕاوکێ زیادکردنی ئەو ڕێژەیەی خستۆتە ژێر چاودێریی. بەگوێرەی هێندێک ڕاپۆرت، ئەو لەو دواییانەدا بیری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران کردۆتەوە بەڵام ڕاوێژکارەکانی ناوبراویان لەو کارە پەژیوان کردۆتەوە. گریمانەی ئەوە دەکرێ کە ئێران دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە بە هەموو هێزەوە ئورانیۆمی نەپیتاندووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ئێران لە ترامپ.

سەرەڕای دەستێوەردانەکانی ئێران و زیادکردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم، دەسکەوتەکانی سەرۆک کۆمار لە پێوەندیی لەگەڵ ئێران ڕاستەقینەن و وێدەچێ بەردەوام بن. یەکێک لە ئاسەوارەکان، کە وێدەچێ گەڕانەوەی بۆ نەبێ و، بێگومان سەرکەوتنێک بوو کە بە ئانقەست نەبوو، لاواز کردنی سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕوحانی و ئاڵقەی "تێکنۆکراتەکانی پراگماتیستی" ناوبراو بوو. ماوەیەکی دوورودرێژ ڕوحانی، لە دامەزرێنەرانی حکومەتی پۆلیسی و ئایینی ئەو پێشنیارەی برەو پێدابوو کە کۆماری ئیسلامیی دەتوانێ کەڵک لە وەبەرهێنان و بازرگانیی خۆرئاوا بۆ تێپەڕاندنی گیروگرفتەکانی وەرگرێ. مەلاکە دەیەویست شێوەیەک لە مودێلی چینی ئیسلامیی هاوردە بکا، واتە دیکتاتۆرییەکی بناخەداڕێژراو لەسەر کاپیتالیزم کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە پتەوتر بێ.

لە ٢٠١٣، خامنەیی ڕوانگەی ڕوحانیی پەسەند کرد. ئێران دەیتوانی بە مەرجەکانی ئۆباما بە هەموو شتێک بگا: ئابوورییەکی بەهێزتر (سووککردنی ئابلۆقەکان و پێوەندیی بازرگانی کە دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر پێش بە ویلایەتە یەکگرتووەکان بگرێ تا جارێکی دیکە بتوانێ سزای ئابووری بەسەر ئێراندا بسەپێنێ)، هێزێکی سەربازیی بەهێزتر و، ناوچەی ژێر دەسەڵات کە کەس نەتوانێ دەستی بۆ ببا، سەقامگیریی نێوخۆیی زۆرتر و بەرنامەیەکی ناوکیی باشتر بە ژمارەیەک سانتریفیوژی پێشکەوتووتر کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەیدەتوانی پێشی پێ بگرێ، لە بەرانبەر کەمێک دواکەوتنی ژێرخانی پیشەسازیی ناوکیی. لە چەند ڕێگای گرینگەوە، ڕێککەوتنە ناوکییەکە بەکردەوە کاری ڕێژیمی مەلایانی بەرەو بۆمبی [ئەتۆم] هاسانتر دەکرد.




ڕوحانی وێدەچێ دوایین مەلا بێ کە بتوانێ ڕێژیمی ئایینی لە خۆی نەجات دا و کارێک بکا کە خۆرئاوا تێچووە ئابوورییەکەی بدا. لەوانەیە جۆ بایدن بۆ ڕازی کردنی خامنەیی بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجام، پێش کۆتایی ماوەی سەرۆک کۆماریی ڕوحانی لە هاوینی ساڵی داهاتوو، چەند میلیارد دۆلار پێشکەشی مەلایان بکا. بەڵام، کات کەمە و ڕێبەری گەورە زۆر چاک دەزانێ ناکرێ متمانە بە هیچ "مامەڵەیەک" لەگەڵ واشینگتۆن بکا. کۆماری ئیسلامی ڕێژەیەکی زۆر خەڵکی بلیمەتی پێشکەوتوو و دنیادیتووی نین. لەوانەیە عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان و بەرپرسی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی کە بەتەمایە خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی بەربژێر بکا، بتوانێ خۆ لە قەرەی لێهاتوویی ڕوحانی لە نێوخۆ و دەرەوە بدا. بەڵام ئەوە زێدەڕۆییە. لاریجانی نیشانی داوە کە لایەنگری ڕوانگە سەرەڕۆیانەکانی ڕێبەری گەورەیە؛ ئەو و براکانی، هەموویان ئیسلامیستی بەجۆشن بە ڕەوشتی سنووردار، بۆیان دژوارترە جێی خۆیان لە دڵی خۆرئاواییاندا بکەنەوە. و ئێستا وێدەچێ لاریجانی پێوەندی سارد و سڕتری لەگەڵ ڕێبەری گەورە هەبێ، کە بڕیار دەدا کێ خۆی بۆ سەرکۆماری بەربژێر بکا و کێ بیباتەوە. دوای هەڵبژێرانی ڕوحانی لە ٢٠١٣ هەلێک بۆ بەرجام هەڵکەوت، بەڵام ترامپ ئەو ڕێککەوتنەی فڕێ دا و پیاوی کەمزانتر و کەمتر دنیادیتووی هێشتەوە تا خولیاکانی ڕێژیم جێبەجێ بکەن.

ئەو پیاوانە دەبێ لەگەڵ دەسکەوتێکی دیکەی ترامپ هەڵسوکەوت بکەن: ئەو پێوەندیی نێوان ڕێژیمی مەلایان و هەژارانی پچڕاندووە. ئەوەی سەرکوتی جووڵانەوەی سەوز لە ١٣٨٨ بە زانستگە دیتووانی چینی مامناوەندی تارانی کرد، نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ١٣٩٦ و بە تایبەتی ١٣٩٨ (ئەوی دواتر بە توندترین شێوە سەرکوت کرا) لەو دواییانەدا خراپتری بە چینەکانی خوارتر کرد، کە سەردەمێک وەک تیغەرەی پشتی حکومەتی ئایینی سەیر دەکران. ئابلۆقەکانی ئەمریکا تیشکی خستە سەر لیستەی دوور و درێژی سکاڵاکانی خۆپیشاندەران دژی ڕێژیم. ئەوە جێگای سەرسوڕمانە کە چەندە کەم ڕەخنەیان لە ترامپ گرتووە، چونکە ڕێکارەکانی ناوبراو بێگومان هەژاریی ئەوانی زیاتر کردووە. هەستی لایەنگریی لە ئەمریکا لە نێو خۆپیشاندەراندا شتێکی ئاسایی بوو.

ئەو نەخدینەیەی کە بەو زووانە بایدەن پێشکەشی تارانی دەکا دەتوانێ زەختی نێوخۆیی زیاتر بکا. بەڵام سیاسەتە نێوخۆییەکان و پێشوەچوونەکانی ناوچەیی بە قازانجی تاران ناچنە پێش. ئیسرائیل سپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانی لە سووریە لەغاو کردووە؛ مەلاکان بە ئاشکرا نیشانیان داوە کە زات ناکەن لەگەڵ دەوڵەتی جوولەکە دەست بکەنەوە. لە عێراق، هەستی دژی ئێرانی لەنێو شیعەکاندا بەردەوام لە زیاد بوونە؛ کوژرانی سولەیمانی و یاریدەدەرەکەی لە عێراق، ئەبو مەهدی مەهەندیس، پێگەی تارانی لەو وڵاتەدا بە جیددی لاواز کرد، هێزەکانی لایەنگری ئێران و ڕێژیمی مەلایان هێشتا لە جێگرەوەکانیان دەگەڕێن. و لوبنان وەها تێکچووە کە وێناچێ حیزبوڵڵا، بەکرێگراوە عەرەبە دڵخوازەکەی ئێران، بتوانێ سوودی لێ ببنێ.

ئەگەرچی ترامپ نەیتوانی بیرۆکەی کۆنترۆڵی چەکوچۆڵ وەک نیگەرانیی سەرەکیی وەلا نێ، ئەو بێگومان ترس و هەست بە تاوانبار بوون، کە بڕیاردەری بەشێکی زۆری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە تاران لە سەردەمی شۆڕشی ئیسلامیی بەولاوە دیاری کردبوو، وەلا نا و کردارەکانی هێشتا لەوانەیە بتوانێ ئێمە لە هەڕەشەی بەربڵاوی ناوکیی بە دەست پیاوانێکەوە بپارێزێ کە بە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کەیفخۆش دەبن. ئەو داوا "قەرەبوو کردنەوە" ئابوورییانەی خامنەیی و مەلاکان باسی دەکەن لەوانەیە تەنانەت تیمی بایدنیش زراویان لێی بچێ. لەوانەیە تاران خوازیاری سنووردارتر کردنی پێشوەچوونەکانی سانتریفیوژەکانیان نەبن، کە بەگوێرەی بەرجام تەنیا چەند ساڵێکیان ماوە بە ئاشکرا مەکینەی پێشکەوتوو دروست بکەن. ئەگەر کردەوەکانی ترامپ لە کۆتاییدا ئێمە لە دانی چەند میلیارد بە دژە ئەمریکاترین، دابینکەری دارایی بۆ تێرۆریزم، شەڕانشۆترین و خونڕێژترین ڕێژیمی خۆهەڵاتی نێوەڕاست ڕزگار بکا، ئەو دەیسەلمێنێ کە گرینگترین و کاریگەرترین سەرۆک کۆمار لە هەڵسوکەت لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی کە ڕوحوڵڵا خومەینی جیمی کارتەری وەلانا، بووە.

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# خەیانەتی گەورەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەقاو درا

بەداخەوە ئێمە زۆر بە وردی لە مێژووی خەباتی ڕۆژهەڵات ئاگادار نین. نازانین ڕێبەرانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە چیان بەسەر کوردی بەشمەینەت هێناوە و چۆن سەروەت و سامانی ئەم وڵاتەیان بە لاش و قەلاش بە ئەملاوئەولادا داوە. لەلایەک سەروەت و داهاتی زۆروزەبەندی خەڵکیان بۆ بەدیهێنانی ئاوات و خولیای لەبننەهاتووی خۆیان تەرخان کردووە و لە لایەکی دیکەوە بۆ بەدەستهێنانی پارەی کڕینی گۆشتی فڕۆکەوانان خەڵکیان چەوساندووەتەوە. لێرەدا هەر گەندەڵیی دوو حیزبی کۆمەڵە و دێموکرات هەڵمەدووک لە مێشکی مرۆڤ بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا فڕۆکەوانێکی وەفادار بە ڕێبازی ڕێبەر و ئیمام و مێژووی دوو هەزار و هێندە ساڵەی هەڵبەستراوی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، گەندەڵییەکی گەورەی سی چل ساڵ لەمەوبەری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەقاو دا و بەم هەواڵە سەری هەموو بیسەران و بینەرانی سوڕماند و چاوی پێ زەق کردن و مێشکی هەموویانی تاساند.

ئەم فڕۆکەوانە کە لێدوانەکەی موبایل بە موبایل و ئایپاد بە ئایپاد بە نێو سۆشیال هەرامەدا دەسووڕێتەوە، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامییدا ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "کوردەکان ئەوان ساڵان بۆ سەری فڕۆکەوانان گرەویان دانابوو و کیلۆ گۆشتێکی فڕۆکەوانانیان بە ٥٠٠ میلیۆن تومەنی ئەوکاتی دەکڕییەوە."

لێرەدا قووڵایی کارەساتەکە گەندەڵیی ڕێبەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بە بەراوردکردن لەگەڵ دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی دەردەکەوێ. هەر ئەوکات کۆماری ئیسلامی کە تازە هاتبووە سەر دەستەڵات، ئەوەندەی کوردەکان گەندەڵ نەبوو. بۆ سەلماندنی نەبوونی گەندەڵی لە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ئەوانەی کەمێک بە تەمەندا چوونە لەبیریان ماوە ئەم دەستەڵاتە لە کوردستان چۆن دانیشتووانی گوندەکانی "دیلانچەرخ"، "قەڵاتان" ، "سۆفیان"، "گولیچ"، "قاڕنێ"، "کانی مام سەیدە"،" قرەقشلاخ"ی بە فیشەک و تەور و داس لەت و پەت کرد و دوای کوشتنی بەکۆمەڵی کوردان لە فڕۆکەخانەی سنە و ئیعدامی ٥٩ لاوی مەهابادی و ئەم هەموو کوشتارەی دیکەش، مسقاڵێک لە گۆشتی ئەو خەڵکەی بە پارەی بەیتولماڵ نەکڕییەوە. بەڵام لەوەها کات و ساتێکدا کڕینی یەک کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوانی ئێران لە لایەن ڕێبەرانی کوردەوە ئەو پەڕی خەیانەت و گەندەڵییە!

دیارە وەک لە ڤیدیۆ بڵاوکراوەکاندا دەبینرێ، خەلەبانە ڕاستگۆکە دەڵێ کوردان بۆ هەر کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوان ٥٠٠ ملیۆن تمەنیان داوە. بۆ سەلماندنی ڕاستیی قسەکەشی لە وەڵامی "وااو"ێکی خاتوونە پێشکەشکارەکەدا دەڵێت "خدا شاهدە" و بۆ سەلماندنی قسەکەی خوا بە شایەت دەهێنێتەوە. خانمی پێشکەشکار کە بە بیانووی هەبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەمامکی بە لووتەوەیە و، دیار نییە دوای ئەم پێداگرییەی کاکی خەلەبان، پێدەکەنێ یان خۆی مچ و مۆڕ دەکا، بەڵام چاوانی هەر زیتەزیتیانە.

ئەگەر بۆ لێکدانەوەی گۆشەیەکی بچووکی ئەم گەندەڵییە گەورەیە، ڕوو بکەینە بیرکاری، قووڵایی کارەساتەکە ئەوەندەی دیکە سەری لێ سووڕدەمێنێ.

ئەوکاتەی فڕۆکەوانەکە باسی دەکا، تەنەکەیەک ڕۆنی ٥ کیلۆیی بە ٣٠ تومەن بوو. بەم حیسابە پارەی کیلۆیەک گۆشتی فڕۆکەوان، ١٦ ملیۆن و ٦٦٦ تەنەکە ڕۆنی پێ دەکڕدرا. هەر بە پارەی یەک کیلۆ گۆشت دەکرا زیاتر لە ١٦٥٠ دانە لەو ئۆتۆمبێلە تویێتایانە بکردرێ کە چەند ساڵ دواتر بە "شلەخەجێ" ناوی دەرکرد.

لە کورتی ببڕینەوە، پارەی یەک کیلۆ گۆشتی فڕۆکەوانێک ئەوکات دەیکردە ٦٧ میلیۆن دۆلاری ئەمریکایی و ئەگەر ئێستا ئەوەندە دۆلارە بکەینەوە تومەن، دەبینە خاوەنی یەک تریلیۆن و ٦٧٥ میلیارد تومەن.

دڵتەزێنترین بەشی ئەم گەندەڵییە ئەمەیانە، ڕێبەرانی بزوتنەوەی کوردستان ئەوکات مامۆستا هەژاریان لەم کارەیان ئاگادار نەکردووەتەوە و تووشی هەڵەیەکی مێژووییان کردووە. ماموستا هەژار کاتێک لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنی گۆشتی فڕۆکەوانان بێئاگا دەبێت، بە ناچاری لە پشتی دیوانە شێعریی "بۆ کوردستان"دا دەنووسێ، "نرخی چل تمەن یان کیلۆ گۆشتێکە". ئەم کارەی ماموستا هەژار گلەیی و ڕەخنەی کۆمەڵێک نووسەریشی لێ کەوتەوە. ئەوان دەیانگوت مام هەژار نەوسنە و ئەوندە ئیشتیای لە گۆشتە، نرخی شێعر و ئەدەبی لەبەرانبەر گۆشتدا دابەزاندووە.

بۆ زیاتر ڕۆچوون بە نێو کارەساتی ئاشکرابوونی ئەم گەندەڵییەدا، ژمارەی مامناوندیی کێشی فڕۆکەوانێک بە کیلۆ جاران (زەڕب)ی ژمارەی ئەو فڕۆکەوانانە بکەن لە کوردستان کوژران و ژمارەی بەدەستهاتوو جارانی ٦٧ میلیۆن بکەن دەکاتە کۆی گشتیی ئەو پارەیەی کوردە گەندەڵەکان بە دۆلار بە گۆشتی فڕۆکەوانیان داوە! ئەدی چۆن!



# گڕی سەرماوەز و ئاڵای شەکاوە

هەموو ساڵێک لە ٢٦ی مانگی سەرماوەزدا بەرەوپیلی جێژنێک دەچین کە پنچکی لە کانیاوی دوو هەڵکەوتی مێژوویی‌دا داکوتاوە و ئەو دوو هەڵکەوتەش بریتین لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگە. سەرەتا حەز دەکەم تاوێ بپڕژێمە سەر باسی پێشمەرگە و دواتر کرنۆش بۆ ئاڵا بەرم.

## پێشمەرگە

ناوێکی دیاریکراوە بۆ چەکداری ڕزگاریخوازی کورد. کەسێکە وەپێش مەرگ دەکەوێ. وەپێش مەرگکەوتن بە باوەڕی من دوو واتا لە خۆدەگرێ. یەکەمیان ئەو کەسەیە کە خاوەن بوێرییەکی بێ‌سنوور و لەڕادەبەدەرە و بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ دەکا و بێ‌ئەوەی لێی‌بترسێ، وەکوو حەریف بانگی گۆرەپانی ململانێی دەکا و دەخوازێ سامی مەرگ بشکێنێ و بیبەزێنێ و پێی بسەلمێنێ کە لێی ناترسێ. بە واتایەک پاڵەوانی بەزاندنی دێوەزمەی مەرگە.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر پاڵەوانی ململانێی ئەو گۆرەپانەیە، پێویستە بزانین ئامانجی لە بەزاندنی ئەو دێوەزمەیە چییە؟ بەدڵنیاییەوە دەبێ خواستێکی پیرۆز لەگۆڕێدا بێ کە ئەو مرۆڤە بوێرە گیانی بۆ لە مەترسی دەخا. "شەڕ دژی کۆیلەتی تا قۆناخی ڕزگاری". کەواتە سڕینەوەی چەوسانەوە لەهەر قالبێکدا، ئامانجی پێشمەرگەیە. جا چەوسانەوەی نەتەوایەتی، چینایەتی، ڕەگەزیی یا هەرجۆری‌تر بێ. بە واتایەک، پێشمەرگە لێرەدا بەڵاگەردانە، بەڵاگێڕەوەیە، پارێزەرە. ئەو خۆی دەکاتە سندووقی سەری مرۆڤەکانی کۆمەڵگە و دەسەر سەریان دەگەڕێ. لە هەمووی گرینگتر، ئەگەر ئازادی داوای خوێن بکا، ئەو خێرا دەبێتە قۆچی قوربانی. کەوابوو فیدایی‌یەکە و پیش بە نەهامەتییەکان دەگرێ و دژی زۆرملییەکان دەوەستێتەوە. هەڵبەت لە قاموسی یەک سەدەی داهاتوودا، هەردەم وەکوو ڕزگاریخواز چووەتە نێو دڵی وتار و شێعر و بیرۆکەی خەباتی سیاسی و مافخوازیی کوردانی ڕاپەڕیو.

هەندێ‌جار وشەگەلێک دێنە گۆڕێ کە لە زاتی خۆیان‌دا نێگاتیڤن، بەڵام لە کردەوەدا بەرەبەرە واتای پۆزێتیڤ دەستەبەر دەکەن. وشەی مەرگ جوان نییە کە ئینسان وەپێشی بکەوێ یا بەدوای‌دا بڕوا، خۆشترە مرۆڤ لەجیات ئەوەی وەپێش مەرگ بکەوێ، یا لە پێش مەرگ بێ، پێشقەرەوڵیی عەشق و خۆشەویستی بکا. ئەو دیاردەیە هەر لە زمانی کوردیدا نییە و لە زمانی دیکەش‌دا باوە. بۆ وێنە لە زمانی یۆنانی‌دا "ئاندارسی‌یا " واتای ئاژاوەگێڕی دەدا، بەڵام پارتیزانەکانیان یا باشترە بڵێم پێشمەرگە ڕزگاریخوازەکانیان ناوی "ئاندارتیس"یان لەسەر بووە و مانای چریک یا پارتیزانی داوە.

ناوی پێشمەرگە بۆ چەکداری کورد لەجیات سەرباز، عەسکەر، نیزامی، فیدایی، گریلا، پارتیزان، کۆماندۆ، گیانفیدا، جەنگاوەر، چریک، چەکدار، شەڕڤان، وڵاتپارێز، تفەنگچی و میلیشیا و هتد هاتووە؛ لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەعام وەکوو کەسی جوامێری کورد کە لە مەرگ ناترسی و بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی هەوڵ دەدا و ڕزگاریخوازە مانا کراوە.

## ئەو ناوە چۆن دیاریکراوە؟

ئەوەی زۆرتر هاتووەتە بەرباس، کۆبوونەوەیەکە لە سەردەمی کۆماردا، کە لەودا جەنابی پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر و زمانزان و ئەدیب بەدوای ناوێکدا دەگەڕێن کە بۆ چەکداری کورد گونجاو بێ. بە هیچ ئاکامێک ناگەن. ڕاست لەو کاتەدا مام ئەحمەد دەسماڵ کە خەریکی خزمەتکردن دەبێ و چا لەپێش میوانان دادەنێ، دەڵێ:

"لە کۆنەوە بە پیاوی ئازا و بوێریان گوتووە پێشمەرگە، ئێوەش هەر ئەو ناوەی لێ‌بنێن!"

بۆچوونی مام ئەحمەد لەجێی خۆیدا، چونکە بەڵگە و سەرچاوە هەن کە دەردەخەن بەرلە دامەزرانی کۆماری کوردستانیش وشەی پێشمەرگە لە ئەدەبیاتی کوردی‌دا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بۆ وێنە: حوسێن حوزنی موکریانی لە ژمارە ٦ی گۆڤاری زاری کرمانجی ساڵی ١٩٢٦دا ئەو ناوەی هێناوە. ناوبراو جارێکی تریش ساڵی ١٩٣١ لە هەمان گۆڤاردا، لە ژمارە ١٦دا ئەو ناوەی دووپات کردووەتەوە. نووسراوەکان بەو شێوەیەن:

١_ حوسێن قولیخانی هەوشاریی کردە خاتمی ورمێ و سولەیمانخانی نیزامودەولەی بە لەشکرەوە کردە پێشمەرگە.

٢_ لە ژمارە ١٦دا دەڵێ: پێشمەرگە لەشکرێکی زلی شکاند و ...

هەروەها لە کۆمەڵە بەڵگەیەکی دیکەش‌دا هاتووە، بۆ وێنە:

٣_ لە شۆڕشی ئیلامدا باس دەکرێ: ڕەنۆ (ناوێکە) ساڵی ١٩٢٩ بە شا محەممەدی دەڵێ من پێشمەرگەتانم.

٤_ لە دیوانی میسباح ئەلدیوان (ئەدەب) ساڵی ١٩٣٩، لاپەڕەی ١٢٩دا هاتووە: تکامان وایە لاوانی نیشتمان ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵ بدەن .... ئێمە خۆمان کرد بە پێشمەرگ.

٥_ یا میرزا محەممەدی نووری (عەتریی گڵۆڵانی) پێش کۆمار و ساڵی ١٩٤١ دەڵێ سینگەکەم قەڵغانی تۆیە ئەی وەتەن، پێشمەرگەمە.

## کەی و بۆچی ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری کراوە؟

لە سەردەمی کۆمار و تەنانەت دواتریش، هیچ ڕۆژێکی تایبەت بۆ ئەو ناو و کەسایەتییە لەگۆڕێدا نەبووە. یەکەمجار، بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە پلینۆمی خۆی‌دا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" دیاری کرد.



دوو ڕووداو بوونەتە هۆکاری دەستنیشان‌کردنی ئەو ڕۆژە. یەکەم ئەوە کە لەو ڕۆژەدا وەک باس دەکرێ دوایین بنکەی داگیرکەریی ڕەزا شای پەهلەوی، کە دەبێ هەمان بنکەی پۆلیسی شاری مەهاباد بێ، دەستی بەسەردا دەگیرێ. ڕووداوی دووهەم و گەلێک گرینگی‌تر ئەوەیە کە ڕاست لەو ڕۆژەدا ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بەرزترین بینای ئەو سەردەمی مەهاباد هەڵ‌دەدرێ. بە واتایەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕۆژی ئاڵای کوردستانیشە. دووانەیەکن و پیرۆزایەتیی خۆیان هەیە. پێشمەرگە گیان بۆ شەکاوەی ئاڵا بەخت دەکا و ئاڵاش بوونی کیان و نیشتمانی پێشمەرگە بەیان دەکا.

## ڕێبازی فیکریی پێشمەرگە

هێزە کوردستانییەکان بە چەپ و ڕاستەوە، لە ڕۆژهەڵات و باشوور ئەو ناوەیان بۆ چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەوان جیا لە باوەڕی حیزبی کە لە قالبی ڕێبازی فکرییان‌دا خۆی دەنوێنێ، ئەرکی پێشمەرگەیان وەکوو ڕزگاریدەر و پارێزەر پەسند کردووە و تەنیا باسکی بەهێزیانە و پشتیان پێ ئەسپاردووە. ئەگەر هێزەکە لە باری ئیدیۆلۆژییەوە لە بەرەی چەپدا بێ، ئەوە پێشمەرگە بە ڕزگاریدەری چینی کرێکار دەزانێ و لە خەباتی چینایەتی‌دا ئەرکی بۆ دیاری دەکا. ئەگەریش هێزێکی نیشتمانی بێ، گرفتی ڕزگاریی خاک و سەروەری نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی بۆ دەکاتە ئامانج. کەوابوو ئامانجی پێشمەرگە بەستراوەتەوە بەو هێزەی تێیدا پەروەردە بووە.

گرتنەبەری ڕێگای تێکۆشان و لەبەرکردنی بەرگی پێشمەرگایەتیی کەسەکان لە باری ڕوحی و کەسایەتییەوە دەگۆڕێ. گەنجی کورد لە کاتی پێشمەرگایەتی‌دا، ئیتر ئەو لاوەی پێشوو نییە کە تەنیا بیر لە مادییات و ژیانی ڕۆژانە بکاتەوە. ئامانجی ڕزگاری، ئاڵوگۆڕێکی فیکریی وەهای بۆ پێک دێنێ، دەبێ بڵێم بەزەحمەت خۆی دەناسێتەوە. ڕەنگە هەندێ جار لەبەر خۆیەوە بۆی ببێ بە پرسیار، ئاخۆ ئەو هەمان گەنجەکەی پێشوویە، کە ئێستا دەتوانی بەرگەی هەموو دژوارییەکان بگرێ!

## جلوبەرگی پێشمەرگە

وەک لە بەڵگە مێژووییەکان و وێنە کۆنەکاندا دەردەکەوێ، پێشمەرگە خاوەن بەرگێک یا یۆنیفۆرمێکی تایبەت نەبووە. هەرکەسە چی جلکی هەیبووە، لەبەر خۆی کردووە. لەوانەی سەردەمی کۆمار، تەنیا هێزەکانی بارزانی خاوەن جلکێکی تەقریبەن هاوشێوە بوونە، کە ئەویش دەگەڕاوە بۆ کولتووری ئەو ناوچەیەی لێیەوە هاتبوون. واتە ڕانک و چۆغەی تایبەت بە دەڤەری خۆیان، جەمەدانی سوور و پشتێندی گرێچن. باقی پێشمەرگەکانی کۆمار، پتر پێچ و کڵاو و ئاغابانوو و شەدەیان لەسەر بووە و کەوا و پانتۆڵی دەڤەری موکریانیان بە ڕەنگ و شێوازی جۆراوجۆر لەبەردا بووە. تا سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولیش ڕەنگ و جلوبەرگی تایبەت و یەکڕەنگ لەگۆڕێدا نەبووە.

لە شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، لە سەرەتاکان‌دا، شێوازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگە، هەر لەسەر ئەو بنەمایە بووە، کە پێشمەرگە چی هەیبووە لەبەر خۆی کردووە. بۆیە بە پڕانی کەوا و پانتۆڵی ڕەنگاوڕەنگ، دۆڵاغی درێژ تا سەر ئەژنۆ، پێچی پێرلۆن و ژۆرژێت و ئاغابانووی ڕەش و شین و سەوز و کڵاوی ئارخچن لە سەرەتادا و دواتر کڵاوی قووتی ڕەنگین و دەستچن کە ئەغڵەب وشەی پێشمەرگە، کوردستان یا ناوی شەهیدانی لەسەر دەنووسرا، لەنێو پێشمەرگەدا باوبووە. ئەگەر بڵێم شێوازی پۆشینی جلوبەرگی پێشمەرگانە لە هەشتاکان‌دا دەرخەری باری فکریی کەسەکە بووە و پێناسەی ڕێکخراوەکەی کردووە، ڕەنگە هەڵەم نەکردبێ. بە شەدەی ڕەشی سەری کەسەکە، خەیاڵ بەرەو دەڤەری هەورامان دەچوو. بە ئاغابانووی تەواو ڕەشی بێ‌خەت و کڵاوی قووت و شێوازی قسەکردن پیاو دەیزانی ئەو پێشمەرگەیە سەر بە ڕێکخراوێکی چەپە. بە پانتۆڵی نێفەک شۆڕ دەر دەکەوت باشوورییە. پانتۆڵی لوولەتفەنگی پێمانی دەگوت پێشمەرگەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. دواتر، لە نێوەڕاستی هەشتاکانی زایینی‌دا، لەنێو پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات‌دا یەکڕەنگی بەدی دەکرێ. کەوا و پانتۆڵی ڕەنگ خاکی و یەک مۆدێل، پشتێندی درێژ کە تا سەر سینگ دەهات، ئاغابانووی ڕەش و کڵاوی دەستچنی قووت و پێڵاوی ئادیداس. لەسەر ڕەخت و فیشەکدان وێنەی شەهیدان و ئارمی حیزب بەرچاو بووە و دۆڵاغەکانیش زۆرتر تا بستێک خواروی ئەژنۆ دەهاتن. ئەو شێوازی جلک‌پۆشینە دەکرێ بڵێین نەختێکیش خۆی لە ڕوحییەتی مۆددا دەدیتەوە، ئاخر زۆربەی فەرماندە هێزەکان کاپشێن (قەمسەلەی) ڕەنگ سەوزی خەلەبانییان دەبەر خۆیان دەکرد. دەمانچەکانی کەلەکێ، لەجیات پورسەعید و شاکوژ و برنۆی سەردەمی کۆمار، ببوون بە کۆڵت و نێرگان و چواردەخۆری بێلژیکی.

دواتر، باشووری کوردستان نیوە سەربەخۆ دەبێ و هێزی پێشمەرگەکەی دەبێتە خاوەن یۆنیفۆرمی سەربازی بە ئاڵای سێ‌ڕەنگی کوردستان لەسەر قۆڵی و پلەی بەرپرسیارییەتی لەسەر شانی.


## چەکی پێشمەرگە

پێشمەرگە هەر هاوشێوەی ئەو چەکانەی پێ بووە کە بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شۆڕشەکانی باشوور و باکوور کەڵکیان لێ وەرگیراوە. دەوڵەتانی خاوەن چەک و حازر لە ناوچەکە، پتر ئاڵمان و ئینگلیس و فەڕانسە بوون. هەر بۆیەش پتر چەکی ئەو وڵاتانە لە بازاڕەکان‌دا ئاڵوویریان پێ کراوە. لە وێنەکان‌دا دەر دەکەوێ برنۆ (قوڵە / وەسەت/ درێژ)، ڕەشاشی برنۆ، تفەنگی ئاڵمانی، تفەنگی ئینگلیزی، ئینگلیزیی قووت، ماوزێر، سێ‌تیر، جان‌بێزار، ئێم یەک و گوێ‌ورچ و زۆر جۆری‌تر.

دابین‌کردنی چەک هەردەم خاوەن یەک ڕێسا بووە. سەرەتا لە بازاڕ پێویست بووە بیکڕی و پاشان بەو چەکانە، بنکەکانی دوژمن بدەیە بەر پەلامار و چەکەکانیان وەدەست خەی و پێشمەرگەی پێ تەیار کەی. با ئەوەش فەرامۆش نەکەین کە گەشەسەندنی شۆڕش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەژمار و جۆری چەکەکان هەیە. دۆخی ناوچە و جێگۆڕکێی هێزەکان و باری دارایی شۆڕش و پشتیوانی دەرەکی جۆری چەکی دەستی پێشمەرگە دیاری‌دەکەن.

## ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە

ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگە بەسەر یەکەوە، دەتوانێ خاوەن واتا و پەیامی تایبەت بە خۆی هەبێ. پێشتر گوتمان دووانەن و پیرۆزایەتی بە یەکتر دەبەخشن. ئەوە کە خەڵکێکی پێشمەرگە و پێشمەرگەپەروەر بە دەستی خۆیان ئاڵای کوردستان لە چوارچرای مەهاباد لەسەر بەرزترین بینا هەڵ‌دەدەن، دەمخاتەوە بیری ئەو شێعرە پڕواتایەی شاعیری یونانی، تاسۆس لیڤادیتیس. ناوبرا لە باسی ئاڵادا دەڵێ:



عەلی فەتحی

**" ئاڵا "**
**شەو دادەنیشتین و**
**لەسەر کراسی خوێناویی شەهیدان،**
**تابلۆی بەختەوەریی داهاتووی**
**جیهانمان دەکێشایەوە،**
**ئا بەو چەشنە ئاڵاکان لەدایک بوون.**

کەوابوو ئاڵای ئێمەش مافی خۆیەتی دوای ئەو گشتە خوێنە خاوەن پیرۆزایەتی بێ. ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای ئێستای کوردستان دوو بنەمای هاوبەشیان هەیە و پاراستوویانە. ڕەنگەکان کە سوور و سپی و سەوزن، لەگەڵ خۆری درەوشاوە. لە زۆربەی وڵاتانی سەربەخۆ، ئەگەر سەیری ڕەوتی مێژوویی ئاڵاکانیان بکەین، دەبینین چۆن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، لە هەمان کاتیش‌دا چەند ڕەنگ و نەخش لەواندا وەکوو سیمبول پارێزراون. با ئەوەش بڵێین کە بەدرێژایی زەمەن، پتر و پتر سادە کراونەوە. ئاڵای کوردستان سادەیە. جێی خۆی لەنێو دڵی خەڵکی کوردا کردووەتەوە و تەنانەت لە دەرەوەش بە فەرمی ناسراوە. ئەگەر لە باشوور دیزاینی دووبارە کراوە و پارلەمانی ئەوێ دەنگی پێداوە، ئەمڕۆ دەبینین کە توانیویەتی بچێتە نێو زۆر کۆشک و تەلاری سەرکردەی وڵاتان یا لەسەر شانی وەرزشکار و خوێندەواری تاراوگە بێ و، ڕێپێوان و بۆنەکانیش بڕازێنێتەوە. لەوەش گرینگتر، ئیتر منداڵانی کورد لە تاراوگە چیتر هەست بە بێ‌ئاڵایی ناکەن و لە هەموو نێوەندە پەروەردەییەکان بەدەستی بچکۆلانەی زارۆکی کورد دەنەخشێندرێ و پاشان وێڕای ئاڵای وڵاتانی‌تر دەچێتە سەر دیواری ژوورەکانیان.

ئەرکی ئێمە لەو نێوەدا، پاراستنی ئەو دەسکەوتەیە و پێویستە بە مەبەستی یەکگرتن لە دەوری ئەو کۆبینەوە. هەروەها ئەو دوو چرکەساتە مێژوویەش نابێ فەرامۆش بکەین، ئەوە کە ئاڵا لە چوارچرای مەهاباد بەبۆنەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا هەڵ‌دەدرێ، دووهەمیشیان بەزاندنی داعشە داگیرکەرەکان و فڕێدانی ئاڵای ڕەشیان و دووبارە چەقاندنەوەی ئاڵای کوردستانە. هەر ڕاست لەو کاتەدا دیتمان پێشمەرگەی کورد چۆن دەکەوتە بەر دەستڕێژی قەناس‌هاوێژی داعش و لەژێر ئەو ئاڵایەدا شەهید دەبوو و بە خوێنی خۆی پیرۆزیی بەو سیمبولە نەتەوەییە دەبەخشی.

## ئەرک و سیمای پێشمەرگە

ئەرک و سیمای پێشمەرگە دوایین بەشی ئەو باسەیە و دەبێ بڵێم پێشمەرگە قارەمانێکە و لە کێبەرکێ و ململانێ‌دا ئاڵای کوردستانی بەدەستەوەیە و بەرەو لووتکە هەنگاو دەنێ. ئەوە لەبەر ئەوەی ڕاسپاردە و سەفیری پەیامی شۆڕشێکە و دەبێ هاوکات، هەم ڕزگاریخواز و هەمیش پارێزەر بێ. هاوتەریب لەگەڵ ئەوەش کادرێک بێ بۆ ناساندنی ئایدیای خۆی و ڕێکخراوەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەو پێویستە تۆوی هومێد، بوێری، دیسیپلین، کۆمەڵایەتی‌بوون و متمانە بچێنێ. پێشمەرگە گەشتیارێکی سیاسی و شەرکەرێکی بوێرە. لەنێو خەڵکیشدا "تەنیا میوانی ناوەخت و خۆشەویستە". شەو و نیوەشەو لە درگای خەڵکی داوە و بەڕێزەوە بەخێرهاتن کراوە.

کۆتا قسە دەڵێم: بەختەوەرین کە خاوەنی پێشمەرگە و ئاڵاین.

# ئەلفوبێی ئابوورییەکی سەقامگیر

## (بە سەرنجدان بە ئابووریی تێکتەپیوی ئێران)



سەلاح ئیبراهیمی

لە دونیای ئەمرۆدا بە دەیان فاکتەری جۆراوجۆر ڕۆژانە کاریگەریی لەسەر ئابووری وڵاتەکان و بەگشتی جیهان دەکەن. زۆربەی وڵاتەکان بە خوێندنەوەی ئەو فاکتەرانە ئابووریی خۆیان وا ڕێک دەخەن کە زۆرترین قازانج یان کەمترین زیان لەو ڕووداوە ئابوورییانە بکەن.

هەر جموجۆڵێکی ئابووری لە جیهان بە جۆریک کاریگەریی خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا پیشان دەدەن، بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە ئابووریی نەخۆش و تێکتەپیویان هەیە، واتە مکانیزمەکانی ئابووری وەک خۆیان کار ناکەن و زۆر جار تەنانەت هەواڵێک کە هیچ پێوەندییەکی بە ئابوورییەوە نییە، دەبێتە هۆی دابەزین و یا بەرزبوونەوەی نرخی زۆربەی کاڵاکان ڕۆژانەی خەڵک و ناسەقامگیر بوونی بازار.

بناغەی ئابووریی بەهێز بە گشتی لەسەر سێ بنچینە دامەزراوە: یەکەم بوونی مادە سروشتییەکان وەک نەوت، گاز، زێڕ، کانگا ژێرزەوییەکان و کشتوکاڵ. دووهەم تێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو و سێهەم زانست و پیشەسازیی گەشتیارییە. لە سەردەمی ئێستادا بوونی هێزی پسپۆڕیش بە یەکێک لە بنەماکانی ئابووریی بەهێز دادەنرێ.

بەڵام ئایا هەمیشە سەنعەتی گەشتیاریی پێشکەوتوو، یا هەبوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییە ژێرزەوییەکان، یان تێکنۆلۆژیی سەردەم بەتەنیا دەتوانن ببنە هۆی ئابوورییەکی سەقامگیر و ژیانێکی ئاسوودە بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە؟ ئەگەر وابا نەدەبوو ئابووریی ئێران، عێراق، ڤێنێزۆلا، کوبا و زۆر وڵاتی دیکەی بەو تایبەتمەندییانە بەمجۆرە با کە ئێستا دەیبینین.

ئابووریی سەقامگیر و سەرکەوتوو لە دنیای سەردەمدا جیا لەو فاکتەرانە حەوجێ بە کۆمەڵێک پێوەری دیکەشە:

### هێزی کار و کاربەڕێکەر

هێزی پسپۆڕ لە بوارە جۆراوجۆرەکان و هێزی کارڕاپەڕێنی بەرپرس و ئەرکوەخۆگر یەکێک لە بنەماکانی پێشکەوتنی ئابووریی هەر وڵاتێکە. دابینکردنی ئامرازەکانی کار و لەبەرچاوگرتنی حەقدەستی شیاو بۆ هێزی کار، بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، بیمەی بێکاری و ئەمنییەتی کار لەو بازنەیەدا دەوری گرینگ دەبینن. ئابووریی ئێران نەیتوانیوە ئەم بەشە بە قازانجی خۆی مودیرییەت بکا و ئەگەرچی ئێران هێزی کار و پسپۆڕی یەکجار باشی هەیە، بەڵام ئەم هێزە کارە یان بێکار و پاسیڤ و تێکەڵاوی دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتییە؛ یان ئەو هێزە پسپۆڕە لە دەرفەتێک دەگەڕێ بتوانێ وڵات بەجێ بێڵێ.

### یاسا

هەموارکردنی یاسا لەگەڵ گەشەکردنی ئابووری پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە. بۆ سەرکەوتنی باری ئابووری پێویستە ئاسانکاری و ئامادەکاریی پێویست لە یاساکانی وڵاتدا جێگیر کرابن. ئەو یاسایانە هەم دەتوانن هاندەری هاتنی سەرمایەی دەرەکی بن، هەم ببنە کۆسپێک بۆ هاتنی سەرمایەی دەرەکی. یەکێک لە هۆکارەکانی تێکتەپینی ئابووریی ئێران لە تەنیشت قۆرغکردنی لەلایەن بازنەی تەسکی دەسەڵاتەوە، نەبوونی ئەو ئاسانکارییانە بۆ وەبەرهێنانی دەرەکین.

هەر لەو بەشەدا تۆکمەیی یاساکانی گومرک، کۆنترۆڵ و ستانداردە نێودەوڵەتییەکانیش دەوری گرینگ دەبینن. وەک دەبینین لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەهۆی ئیدۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم و سیاسەتی بەستراوەیی ئێران بە هاوردە، ئەویش کاڵای ناستانداردی چین و جەوهەری ئابووریی هێرشبەرانەی چین؛ ئێران وەک یەکێک لە کڕیارەکانی ئەم وڵاتە بووەتە زبڵخانەی کاڵای چینی کە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی وڵاتیشی بەرەو هەرەسهێنان برد. لەخۆڕا نییە ئەمریکای سەردەمی ترامپ بە دانانی یاسای گومرکی سنوورێکی گرینگی بۆ مەزنیخوازیی ئەم وڵاتە کێشا.

### مودیرییەت (بەڕێوەبەری)

بەڕێوەبەری تێکەڵاوێکە لە زانست و هونەر و ڕۆڵی تەواوکەری هەیە لە سەرکەوتنی هەر پرۆژە و بابەتێکی زانستی و ئابووری کە ئەو زانستە لە ئێستادا بەردەوام لە ئاکادیمییەکاندا نوێ دەکرێتەوە. لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا ئەم مودیرییەتە لە پاوانی ئیدۆلۆژی و سیاسەتی دەسەڵاتی حاکمدایە کە مەودایەکی یەکجار زۆری لەگەڵ ئەو ستانداردە نێودەوڵەتییانە هەیە.

### ئامار و داتا

بەرنامەدانان بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە لە بواری ئابوورییەوە پێویستیی بە داتا و ئاماری باوەڕپێکراو و بەڕۆژ هەیە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ڕێکخراو و دامەزراوەی تایبەت هەیە کە زانیارییە ئامارییەکان دەدەنە دەستی ناوەندەکانی بڕیار و پلاندانانی حکوومەت بۆوەی بەرنامەی ئابووریی کورتماوە و درێژماوەی ستراتیژییان لەسەر دابڕێژرێ. بەڵام قەیرانی ئامار لە ئێران کە خۆی بەرهەمی قەیرانی بەڕێوەبەریی وڵاتە، یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم ئانالیزی دروست و واقعبینانە لە دۆخی وڵاتە.

### سیاسەت

سیاست و هەر جموجۆڵ و هەڵوێستێکی سیاسی کە کاریگەریی باش یا خەراپی بۆ وڵاتانی دیکە هەبێ، دەتوانن لە بەرەو پێشچوونی ئابووریی وڵاتێکدا ڕۆڵی پۆزێتیڤ یان نگەتیڤی هەبێت. بوونی پێوەندیی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و کۆمەڵگەی جیهانی دەتوانێ بزوێنەری پێشکەوتنی ئابووریی هەر وڵاتێک بێت. بەڵام ئەم فاکتەرە لە ئابووریی ئێراندا بەهۆی سیاسەتی شەڕەنگێزی، قەیرانخوڵقێنی، دەستێوەردان و پشتگیریی تێرۆریزمی نێودەوڵەتی ئاکامی پێچەوانەی بووە.

### سەرمایەی دەرەکی

ئەمنیەتی گەڕانەوەی سەرمایە، مەعاف کردن لە دانی ماڵیات بۆ ماوەیەکی کاتی و نەزمبوونی حەقدەستی کرێکار لەو بابەتانن کە بوونیان دەبێتە هۆی ڕووتێکردنی وەبەرهێنەرانی بیانی. بۆ نموونە زۆر وڵات کارخانەکانی خۆیان دەبنە ئەو وڵاتانەی هێزی کاری هەرزانتریان هەیە. بەڵام لە ئێران وەبەرهێنانی دەرەکی ئەگەر هەشبێ قازانجەکەی بۆ ئابووریی خەڵک و وڵات نییە، بەڵکوو لە خزمەتی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمدایە.

### سیستمی بانکیی نوێ و هەڵسووڕ

بەرپرسی بانکی ناوەندیی ئێران نەیشاردۆتەوە کە ستانداردی سیستمی بانکیی ئێران لەگەڵ ستانداردی سیستمی بانکیی جیهان نایەتەوە و، ئەوە یەکێک لە هۆیەکانی مایەپووچیی سیستمی بانکیی ئێران ڕوو بە دەرەوەیە.

لە دنیای ئەمرۆدا بەبێ بوونی سیستمی بانکیی مودێڕن ئەستەمە باس لە ئابوورییەکی سەرکەوتوو بکەین. بەبێ ئەو سیستمە پێوەندیی ئابووری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرفتی تێ دەکەوێ و سیستمی سەرافی لێ دەکەوێتەوە کە لە نەبوونی نیزامی بانکیی سەردەمیانەدا دروست دەبن. سیستمی سەڕافی هۆیەکن بو ناسەقامگیریی ئابووری لەو وڵاتانە –ئێران بۆ نموونە– و هاتوچۆی پوڵی ڕەش لە بازارەکاندا کە دەبێتە هۆی کزکردنی کەرتی وەبەرهێنان و بەدوای ئەودا هەموو ئەو گرفتانەی بەهۆی کارانەبوونی کەرتی وەبەرهێنان لە وڵاتیکدا پێک دێن. بەشداریی لە بۆرسەکانی جیهانییشدا پێوەندیی ڕاستەخۆی بە بوونی سیستمی بانکی هەیە و کاتیک وڵاتیک ئەو سیستمەی بەڕۆژ نەبێ، ڕۆژانە زیان دەکا و لە هەمان کاتدا ناردەنە دەرەوەی بەرهەمەکانی نێوخۆیی بو بازاڕەکانی جیهانییەکانیش بە کاناڵی دروستی خۆیدا تێپەڕ نابێ.

لە بەشی سیاسەتە ئابورییەکانی نێوخۆیی وڵاتیشدا بانکی ناوەندی دەتوانی بە ڕێکخستنی نرخی سوودی بانکی و باقی میکانیزمە ماڵییەکان ببێتە هۆی سەقامیگری و بەرەو پێشچوونی ئابووریی وڵات و بە پێچەوانە هەر بانکەکان دەتوانن پێش بە کەرتەکانی پیشەسازی و وەبەرهێنان و هتد بگرن. بۆ نموونە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بانکەکان بە کەمکردنەوە لە قازانجی قەرزەکان یارمەتیدەری ئابووریی وڵاتەکەیانن، بەڵام بانکەکان لە ئێران نەک ئەم کارکردەیان نییە، بگرە بە دانانی قازانج لەسەر قەرزی دواکەوتووی وەبەرهێنەران هیندەی دیکەش زیان بە کەرتی وەبەرهێنان و ئابووریی وڵات دەگەیەنن کە ئاکامە مایەپوو هاتنەوە و داخرانی کارگە و کارخانەکان و لەو سۆنگەیەشەوە بێکاریی زیاتر و هەرەسهێنانی هێزی کارە.

### ئینترنێت، کارەبا و ئاو

یەکێک لە هۆیەکانی بەردەوامی کاری هاوبەشە ئابوورییەکان بوون و بەردەوامیی کارەبا، ئاو و ئینترنێتە، بەڵام ئەو ژێرخانەش لە ئێران تێکتەپیوە. بۆ نموونە حکوومەت بەپێی سیاسەتەکانی خۆی ڕێ لە پێدانی ئینترنێتی خێرا، گشتگیر و هەرزان بە خەڵکی وڵات دەگرێ و ئەمەش وادەکا پشتبەستن بەو جۆرە ئینتێرنێتە خاوە کە ڕێ لە کارخوڵقێنی دەگرێ، بە زیانی ئابووریی وڵات بشکێتەوە.

### ڕێگەوبان و ئیمکاناتی گواستنەوە

سیستمی ڕێگەوبان چ ئاسمانی، دەریایی و عەرزی بەشێکن لە ژێرخانی ئابووریی هەر وڵاتێک و کارتێکەرییان لەسەر ئابووریی سەقامگیری ئەو وڵاتەش هەیە. ژێرخانی ئابووری جیا لە ڕێگەوبان هەموو ئەو پردانەش دەگرێتەوە کە وڵاتیک بە بە بەشە جۆراوجۆرەکان لە نیوخۆ و بە وڵاتانی دی و هەموو جیهان دەبەستێتەوە.

گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێک گرێدراوی دۆخی ڕێگەوبان و کەرتی گواستنەوەی وڵاتە کە بوار بۆ وەبەرهێنانی دەرەکییش خۆش دەکا. بەڵام ئەو بەشەش لە ژێرخانی ئابووریی ئێران بەهۆی ناکارامەیی حکوومەت لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی وڵاتدا وێران و دارماوە.

### ئاکام

هۆکارەکانی تێکتەپین و ئابووری ناسەقامگیری ئێران ڕوونن. قسەکانی خومەینی، بنیاتنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتی خۆی هەڵلایەکیشی نایەوە کە "ئابووری ئی خێڵی کەرانە_ اقتصاد مال خر است". ئەمە کارتێکەریی لەسەر بنیاتنانەوەی هەموو جومگەکانی ئابووریی ئێرانی دوای شۆڕش ٥٧ هەبوو. شەڕی ئێران و عێراق، گرتنەبەری سیاسەتی هیلالی شیعی و لەو سۆنگەیەوە دروستکردنی میلشیا و یارمەتیدانی گرووپە ئیسلامییە توندئاژۆکان، قەیرانخوڵقێنی و سیاسەتی دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ، سیاسەتی بێجێی زۆرکردنی حەشیمەت بۆ ئامانجی تایبەت، سیستمی ناکارامەی بانکی، قەیرانی ئابووری لە سۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی حکوومەت، پێداگری لەسەر سیاسەتی ئەتومی و پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی بە تێچوویەکی زۆری مادی، وشکەساڵی، لاوازیی کەرتی کشتوکاڵ لە زۆر ناوچەی وڵات، ڕاکردنی هێزی ئینسانیی پسپۆڕ و دەیان فاکتەری دیکە دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ وەی وێنایەکی ڕوون لە ئابوورییەکی ڕووخاو و دارماوی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامی بکەن.

ئابووریی ئێران پێویستیی بە نەشتەرگەرییەکی گەورە هەیە، بە تایبەت کە زۆر هۆکاری سروشتیی وەک وشکەساڵی و ناشروشیی وەک شەڕ و هاوکێشەی ئاو لە داهاتووشدا دێنە گۆڕێ کە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر زەحمەتە هەنگاوێک بەرو پێش باوێ.

***




# لە چراخانەکەی بورجی ئێڤێلەوە بۆ شەوانی ئەنگوستەچاوی کوردستان

ئەحمەد ڕەحمانی

کە شۆڕش لە جەنگەی گەرمی خەباتی شاخدا بوو، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک قەڵایەکی پتەو بەرامبەر بە هێزی زۆر و بۆری کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوو. چیا و دۆڵەکانی کوردستان جمەی دەهات لە پێشمەرگە و، پێشمەرگە گەورەترین سەروەریی بۆ نیشتیمان لە دیرۆکی خەبات و تێکۆشاندا تۆمار دەکرد، ئا لەو سەردەمە دژوارەدا پێوەندییە دیپلۆماسیەکانی ڕێبەری شەهید دوکتۆر قاسملوو لەگەڵ ڕێکخراوە بەشەردۆستەکانی جیهان بە تایبەتی پزیشکانی بێسنوور لە وڵاتی فەرانسە بەرگێکی زێڕینی لەو مێژوویە هەڵدایەوە. ئێستا ئیدی ناوەکانی د.کوشنێر، د. گرانژۆن، د. فرێدریک تیسۆ بۆ گەلی کورد ناوێکی تەواو ئاشنایە. ناوهێنانی ئەو گەورە پزیشکانە دەمانخاتەوە بیری ئەو کاتانەی کە ئەوان لە دژوارترین هەلومەرجی جیهانی و ناوچەییدا لە بواری پزیشکییەوە پشت و پەنای جووڵانەوەی گەلی کورد بوون. بۆیە هەر کاتێک ناویان دێت زنجیرە ئەڵقەی ئەوە پێوەندییە گەرموگوڕەمان بیر دێتەوە کە کاتی خۆی ڕێبەری شەهیدمان دوکتۆر قاسملوو دروستی کردبوو. بۆ ئەوەی زۆر پزیشک و کادری دەرمانی بێنە کوردستان و لەو ناوچانەی کە شۆڕش نەخۆشخانەی هەبوو مژووڵی کاری پزیشکی بن، یاخود کۆڵەپشتیی تەژی لە دەرمان بکەنە شان و، شانبەشانی پێشمەرگە ژیانی شەوان و ڕۆژانیان چیا و کۆسارەکانی کوردستان بێ.

لەو نێوەدا ناوی دوکتۆر "فرێدریک تیسۆ" بەتایبەت ناوێکی ئاشنا و خۆشە لەسەر زاران، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ئەوکات لە جەنگەی خەباتی شۆڕشگێڕی و شاخدا بوون. پزیشکێکی باریکەڵەی گورجوگۆڵ تێکەڵ لەگەڵ بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی شەخسی دکتۆر قاسملووی شەهید. دوکتۆر فرێدریک تیسۆ ئەمەگناسی ڕێبەری شەهیدمان بوو، دوای شەهیدبوونی ڕێبەر د. قاسملووش کەم وا هەیە لە ساڵڕۆژەکانی شەهیدبوونیدا، سەرەڕای وەنێو کەوتنی تەمەن و لە پێ کەوتنی خۆی نەگەیەنێتە پێرلاشێز یان لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتییەکانی ئەم بۆنەیەدا بەشدار نەبێ.

ئەمەگ و وەفاداریی ئەم کەسایەتییە بیانییە دەخوازێ هەمیشە بە چاوی گەورەیی و ڕێزەوە لە دکتۆر فرێدریک تیسۆ بڕوانین و خۆشەویستیی سەردەمی شاخمان بۆی هەبێ.



هەگبەی شاخ و شۆڕش





برایم چووکەڵی

محەممەد کەریم نەدیمی ساڵی ١٣٣٧ لە گوندی « زێویە»ی بێڵەواری ناوچەی کامیاران لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و زەحمەتکێش لەدایک بوو. قۆناغی منداڵی و تازەلاویی وەکوو هاوتەمەنە بێنازەکانی تێپەڕ کرد و، بە ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکڕات، هەستی کوردایەتی لە هزر و مێشکی ڕیشەی داکوتا. ساڵی ١٣٥٩ هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە و لە هێزی بێستوون دەستی بە تێکۆشانی خۆی کرد.

ئەو لە شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستان‌دا و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پێشمەرگایەتیی‌دا ئازایەتیی خۆی نیشان دا. بوێریی محەممەد کەریم بە ڕادەیەک بوو کە بەرە بەرە قارەمانێکی لەکڵدەرهاتووی لێ درووست بوو. هاوسەنگەرانی دەڵێن ترس لە وجوودی‌دا نەبوو، و هیچ سەنگەرێک لە بەر تیری هەڵمەتی ناوبراو خۆی نەدەگرت.

شەهید محەممەدکەریم نەدیمی لاوێکی ژیر و وریا و ڕووحسووک بوو. لە هێرش بۆ سەر پایەگای «ونج» لە پشتی خراجیان و دەست بەسەرداگرتنی‌دا، محەممەد کەریم لە پێش هەموو هێزەکەوە بوو. لەو شەڕەدا چاوی چەپی کەوتە بەر گوللەی دوژمن و لەدەستی دا، بەڵام حەمەکەریم ئەوە یەکەم جاری نەبوو کە بریندار دەبێ و دیسان دەگەڕێتەوە بەرەکانی شەڕ.

کاک شاپووڕ فیروزی لەو بارەیەوە دەگێڕێتەوە: «کاتێک لە نەخۆشخانەی «بزووش» سەردانم کرد، هەر چاوی بەمن کەوت پێکەنی و گوتی لەوەی کە لە کاتی گرتنی پایەگادا سەرەڕۆییم کردووە داوای لێبووردنت لێ دەکەم. پاشان بە پێکەنینەوە گوتی ئێستا باشتر کە چاوی چەپەم لەدست داوە، پێکەنیم گوتم بۆ؟ گوتی ئێستا کە چاوی چەپەم دەرهاتووە سیلەگرتنم ئامادەیە، ئیدی پێویست بە نیشانەگرتن نییە و تا دەگەمە سەنگەری دوژمن ڕوحی لەبەر نەماوە، دواتریش هیچ ترسێکم لە مردن نییە و قەوڵ بێ ئەو پێشمەرگەیە بم کە حیزبی دێموکرات دەیهەوێ.»

تایبەتمەندییە بەرز و ئینسانییەکان و ئازایەتی و ئەرکوەخۆگریی محەممەد کەریم بوونە هۆی ئەوەی پلە نیزامییەکان یەک لە دوای یەک ببڕێ و سەرئەنجام بە فەرماندەری لک دیاری بکرێ. ئەو هەمیشە لە بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی حیزبدا سەرلەپێناو بوو. ئەگەرچی خوێندەوارییەکی زۆری نەبوو، بەڵام فەرماندەیەک بوو ئازا، ئاگا، لێزان، مودیر و بەتاکتیک و، لە هەمووی گرینگتر کادرێکی تەشکیلاتی و بەدیسیپلین بوو.

محەممەد کەریم تەنیا چەند ڕۆژ دوای گەڕانەوە لە نەخۆشخانە لە هێرش بۆ سەر مۆڵگەی دوژمن لە «سیویە» جاریکی دیکە بریندار بۆوە. دوو ڕۆژ دوای ئەو برینداررییەی لە شەڕی تەنگیسەر و نییەر قارەمانەتیی لە خۆی نیشان دا و لەوێش بۆ جاری سێهەم بریندار بۆوە. ئەو لە ئازایەتی‌دا سەرچەشن بوو و پێشمەرگەکانی ژێر فەرمانی وانەی شەرەف و شەهامەت و خۆڕاگری لە مامۆستاکەیان فێر دەبوون. مخابن ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ١٣٦٤ خۆری تەمەنی پڕ شانازیی ئەو ئاوا بوو. لە زمان مەولود عەبدوڵڵاهی، یەکێک لە هاوسەنگەرەکانی کە کاتی شەهید بوونی حەمەکەریم نەدیمی لە نیزیکی بووە ئەو ڕووداوە دەگێڕێنەوە:

«ئێوارەی ڕۆژی ١٠ی خەرمانانی ١٣٦٤ لە چیای شاهۆ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی حەمەکەریم بۆ هێنانی تداروکات بەرەو گوندی میسوراو ڕۆیشتین. دوژمن هێزێکی زۆری لە ناوچە خزاندبوو. بە نزیکبوونەوەی ئێمە لە گوندی میسوراو بۆمان دەرکەوت کە هێزی دوژمنی لێ جێگیر بووە، بۆیە بڕیارمان دا شەوەکەی بچینە دەشتی «گورگە چاڵ» لە نێوان گوندەکانی» تیلەکولون« و «میسوراو» لە بناری چیای شاهۆ. لە شوێنێک پشوومان دا و کاتژمێر٤ی بەیانی بەرەو گۆڕقلیچ وەڕێ کەوتین. تیمەکەمان ٥ کەس بووین. ئەمن و شەهید ڕەشاد زۆر لە کاک حەمە کەریم پاڕاینەوە کە لەوێ نەوەستین و بۆ پشوودان بەرەو چیای شاهۆ بڕۆین، بەڵام ئەو کە قەت لە دوژمن نەترسابوو، بڕیاری کۆتایی دا و گوتی: دەمێنمەوە ئەگەر بەتەنیاش بم و تا بەیانی نان بۆ پێشمەرگەکانیش دەبەمەوە.

کاتژمێری ٦ی بەیانیی ئەو ڕۆژە شەهید ساڵح گودەرزی کە نیگابان بوو، هات گوتی مامۆستا مەولوود هەستە گەمارۆ دراوین. شەهید حەمە کەریم دە میترمان لێ دوور بوو، کە گوێی لە وشەی گەمارۆ بوو بە سینگەخشکە هاتە لامان. دووربینەکەی وەرگرت و چاوی لە دەورووبەر کرد. گوتی: مەولوود ئەمڕۆ کۆتایی ژیانمانە! لەو قسانەدا بووین دراینە بەر دەستڕێژ. حەمە کەریم گەڕاوە بۆ لای چەکەکەی، بەڵام لە بەر ئاگری خەستی دوژمن نەیتوانی دەستی بە چەکەکەی ڕابگا، بە ناچار بۆ لای ئێمە گەڕاوە. هاوارم کرد حەمەکەریم ڕاوەستە. ئەو ڕانەوەستا و چووە شوێنی نیگابانیی ساڵح، بەڵام دوژمن ئەوێشی گرتبوو. لەو کاتەدا حەمە کەریم درایە بەردەستڕێژ. دەستمان بە شەڕێکی مان و نەمان کرد، دەرفەتمان هێنا و چووینە سەری، دەست و لاقی گوللەی بەر کەوتبوو. زۆری لێ پاڕاینەوە کە هەستێ و وردە وردە دەکشێینەوە. بەڵام ئەو گوتی: لاقم شکاوە و ناتوانم. ئێوە بڕۆن، حەیفە بکوژرێن، لە زمانی منەوە ماڵاوایی لە هیوای کوڕم بکەن و، بە هاوڕێیانم بڵێن ئەوە باوەڕە مقاومەت دەکا. بەڵام ئێمە نەماندەتوانی فەرماندەکەمان بەجێ بێڵین، ئەو کە زانی بەجێی ناهێڵین بە ساڵحی گوت چەکەکەی خۆت بدە بە من، ئێوەش هێرش بکەن. شەڕ هەر گەرم دەبوو، لە نەکاو دەنگی گوللەیەک و هاواری ساڵح سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا، حەمە کەریم بڕیارە قورسەکەی دابوو، بۆ ئەوەی نە هاوڕێیانی بکوژرێن و نە خۆیشی بە زیندووی بکەوێتە دەستی دوژمن».

شەهید حەمە کەریم لەپێناو دەربازبوونی هاوڕێیانی و سەرنەکەوتنی ڕێژیم‌دا خۆی کوشت، بەڵام بۆ هەمیشە لە دڵی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچە و کوردستان‌دا بە زیندوویی مایەوە.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (کارکردی خەباتی سیاسی)


و:مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ڕیزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."**

**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

لە هەلومەرجێکدا کە خەڵک هەست بە بێهێزی و ترس دەکەن، گرینگە یەکەم هەنگاوەکان بۆ ئەوان مەترسیی کەمتر بێ و هەستی «متمانە بە خۆ»یان تێدا دروست بکا. ئەم شێوە کارانە وەکوو- لە بەر کردنی جلوبەرگ بە شێوەیەکی نائاسایی- دەتوانن پیشاندەری دژایەتی‌کردنێکی گشتی بن و دەرفەتێک بۆ خەڵک برەخسێنن تا بە شێوەیەکی مانادار لە هەنگاوەکانی داهاتوودا بەشداری بکەن. لە بابەتی دیکەدا هەندێ شتی غەیرە سیاسی و چکۆلە دەکرێ ببێتە جێی سەرنجی هەمووان. ستراتیژیستەکان دەبێ بابەتێک هەڵبژێرن کە بایەخەکەی بۆ هەمووان دەرکەوتبێ و وەرگرتنی ئاسان بێ. سەرکەوتن لەم جۆرە کارە چکۆلانە لەگەڵ ئەوەی کە کێشەیەکی بچووک چارەسەر دەکا، ئەو باوەڕە لای خەڵک دروست دەکا کە ئەوان خاوەنی هێزێکی کاران.

نابێ ئامانجی ستراتیژیستەکان لە خەباتێکی درێژخایەن‌دا ڕووخانی دەسبەجێ و بەتەواویی دیکتاتۆری بێ، بەڵکوو لە جیاتی ئەوە دەبێ وەدوویی هەندێ ئامانجی دیاریکراو بن. لە جەریانی خەباتەکەش‌دا پێویست بە بەشداریی هەموو خەڵک ناکا.

لە کاتی بیرکردنەوە لە زنجیرە عەمەلیاتێکی تایبەت بۆ بردنەپێشی ستراتژییەکی گەورە، دەبێ ستراتژیستە خەباتکارەکان بە وردی بیر لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و کۆتایی بکەنەوە.

### خەباتی دیاریکراو (هەڵبژێردراو)

لە قۆناغەکانی سەرەتای خەبات‌دا، زنجیرە عەمەلیاتێکی دیاریکراو بە ئامانجێکی تایبەت دەتوانن بەکەڵک بن. ئەم جۆرە عەمەلیاتە دیاریکراوانە دەبێ یەک لە دوای یەک جێبەجێ ببن. جاری واشە لەوانەیە چەند دانەیەکیان پێکەوە و هاوکات جێبەجێ بکرێن.

لە دانانی پلانی ستراتیژی بۆ خەباتی دیاریکراو گرینگە کە هەندێ بابەت و کێشەی تایبەت کە نیشاندەری زوڵم و زۆری دیکتاتۆرن دیاری بکرێن. ئەم بابەتانە دەتوانن ببنە ئامانجێکی باش بۆ بردنە پێشی خەبات کە لەو ڕێگایەوە دەکرێ دەستمان بە هەندێ ئامانج ڕابگا.

ئەم ئامانجە ستراتیژیکە نێونجیانە دەبێ لە توانایی و دەسەڵاتی هێزە دێموکراتەکاندا بێ. ئەگەر لەمەودا سەرکەوتوو بن لە پلانەکانی داهاتووشدا سەرکەوتوو دەبن کە ئەمە بۆ وورەی خەڵک زۆر باش دەبێ و بۆ سەرکەوتن لە داهاتووش‌دا زۆر گرینگە.

ستراتیژییە دیاریکراوەکان دەبێ لە سەرەتادا لەسەر هەندێ بابەتی دیاریکراوی سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی چڕ بکرێنەوە. ئەوان دەتوانن هەندێ بەشی تایبەت کە لە کۆنترۆڵی دیکتاتۆردایە بکەنە ئامانج، یان هەوڵی کۆنترۆڵ کردنی بدەن یان هەوڵ بدەن لەژێر دەستی دیکتاتۆری دەربێنن. هەروا کە پێشتر باس کرا لەم بەشە لە خەبات‌دا دەبێ هێرش بکرێتە سەر هەندێ خاڵی لاوازی دیکتاتۆر و بەم شێوەیە دێموکراتەکان دەتوانن بەپێی توانایی خۆیان گورزێکی کاریگەر لە دیکتاتۆر بوەشێنن.

ستراتیژیستەکان پێویستە پلان بۆ خەباتی سەرەتایی دابنێن بەڵام دەبێ ڕوون بێ کە ئامانج لەو پلانە چییە؟ ئەم پلانە سەرەتایی چۆن دەتوانێ یارمەتیدەری ستراتیژییە گەورەکە بێ؟ ئەگەر بکرێ پێویستە لانیکەم هێڵە گشتییەکانی قۆناغی دووهەم و سێهەمیش ئامادە بکرێ و هەموو ئەمانە بخرێنە خزمەتی پێشوەچوونی ستراتیژییە گەورەکە و کاریان بۆ بکرێ.

### خەباتی سیمبۆلیک

لە دەستپێکی خەبات بە مەبەستی لاوازکردنی دیکتاتۆردا، لەوانەیە لەسەرەتاوە مەیدانەکە بۆ خەباتی سیاسی زۆر ئامادە نەبێ. بۆیە هەنگاوە سەرەتاییەکان دەبێ هەلومەرجەکە و خەڵکەکە هەڵبسەنگێنێ و بۆ هاوکاری‌نەکردن و خەباتی سیاسی بە دژی دیکتاتۆر ئامادەیان بکا.

یەکەم هەنگاو لەوانەیە جۆرێک نارەزایەتی یا هەنگاوێکی سیمبۆلیک و کاتی بێ. ئەگەر لە سەرەتاوە خەڵکەکە کەم بوون، ئەوکات دەکرێ یەکەم هەنگاو بۆ وێنە دانانی گوڵ لە شوێنێک بێ کە گرینگییەکی سیمبۆلیکی هەیە. ئەگەریش خەڵکێکی زۆر لە سەرەتاوە ئامادەی کار بوون، دەکرێ بۆ وێنە پێنج دەقیقە لە شوێنێک بێدەنگ ڕاوەستن و هیچ کارێک نەکەن.

لە کاتێکی دیکەدا دەکرێ هەندێ کەسی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراو و سیمبۆلیک مان لە خواردن بگرن و تا بەیانی بەخەبەر بن. یان بایکۆتی کورتی کلاسەکانی خوێندن بکەن یا لە شوێنێک بە نیشانەی مانگرتن دابنیشن. دیارە لە حکوومەتێکی دیکتاتۆری‌دا ئەم کارانە لەوانەیە بە توندییش سەرکوت بکرێن. هەڵبەت هەندێ کاری دیکەی وەکوو چوونە نێو شوێنەکانی دەوروبەری کۆشکی دیکتاتۆر، یان چوونە نێو دەفتەری پۆلیس لەوانەیە مەترسیی زۆری بەدواوە بێ، بۆیە لە سەرەتاوە ئەم کارانە نەکرێ باشترە.

هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ نارەزایەتیی سیمبۆلیک جاری وابووە سەرنجی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیشی ڕاکێشاوە، وەکوو خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە شەقامەکانی بریمە لە ساڵی ١٩٨٨، یان مانگرتنی خوێندکاران لە مەیدانی تیانانمنی پێکەن پێتەختی چین لە ساڵی ١٩٨٩.

زەرەر و زیان و خەساری زۆری ئەم دوو خۆپیشاندانە شتێکە کە ستراتیژیستەکان دەبێ سەرنجی بدەنێ. بەو زەرە و زیانە گەورەیە لەوە ناچێ کە ئەم هەنگاوانە بە تەنیایی ببێتە هۆی ڕووخانە دیکتاتۆر. چونکە ئەم کارانە هەروا دەمێنێتەوە و هیچ ئاڵوگۆڕێک لە دەسەڵاتی دیکتاتۆردا پێک ناهێنێ.

لە سەرەتای خەبات‌دا ناکرێ بە ئاسانی سەرچاوەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر لێک جیا بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرەتا ئەو خەڵکەی کە تا دوێنێ گوێڕایەڵی دیکتاتۆر بوون، بە دژی ڕێژیم و دواتر بۆ هاوکاری‌نەکردنی بەربڵاو هان بدرێن کە ئەمەش زۆر زەحمەتە و ئاسان نییە، هەر بۆیە چاوەڕوانییەکی وەها بۆ هاوکاری‌نەکردن و خەباتی خێرا، ستراتیژییەکی ناواقیعی و هەڵنەسەنگێنراوە.

### دابەش‌کردنی بەرپرسایەتی

لە ڕەوتی خەباتی دیاریکراوی سەرەتایی، هەرجارە و باری خەباتەکە لە سەرشانی چەند بەشێکی کۆمەڵگەیە. لە هەنگاوەکانی داهاتوودا و بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی دیکە، دەبێ باری خەباتەکە بگوازرێتەوە بۆ سەرشانی خەڵکانێکی دیکە. بۆ وێنە خوێندکارانی زانکۆ دەتوانن لە سەر بابەتەکانی پێوەندیدار بە خوێندنەوە دەست بدەنە مانگرتن، و ڕێبەرانی ئایینی و شوێنکەوتوەکانیان لە سەر ئازادییە ئایینییەکان ورد ببنەوە. کرێکارانی ڕێگای ئاسنی قەتار زۆر گیر بدەن و هاتوچۆی قەتارەکە تووشی کێشە بکەن. ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر سانسۆردا هەندێ بەشی ڕۆژنامەکە هیچی تێدا نەنووسن و هەروا سپی چاپی بکەن، یان پۆلیسەکان دەتوانن لە دۆزینەوەی شوێنی دێموکراتەکان و دەسبەسەر کردنیان وا نیشان بدەن کە هەڵەیان کردوە. جیاکردنەوە و هەنگاو بە هەنگاو کردنی خەبات بەپێی بابەت و گرووپە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگە، هاوکات لەگەڵ درێژەی خەبات، دەرفەتی پشوودان بە بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەدا.

خەباتی دیاریکراو بەتایبەت یارمەتی بە سەربەخۆیی و بوونی گرووپ و ڕێکخراوەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکا کە لە کۆنترۆڵی دیکتاتۆردا نین. ئەم ناوەندانە دەبنە شوێنێک کە خەڵک لەو ڕێگایەوە دەتوانن فشار بخەنە سەر دیکتاتۆر یان لە بەرانبەریدا ڕابوەستن. لە ڕەوتی خەباتدا ئەم ڕێکخراوانە یەکەم شوێن دەبن کە دیکتاتۆر پەلاماریان دەدا.

درێژەی لاپەڕەی ٣

# ئەو چوار پەردەیەی دنیایان جوانتر کرد

### (٤) پیاوە قوڵە خرپنەکە

ترامپ سەبری ستراتیژیک (strategic pa-tience) و خەسیوی ئۆبامای لەهەمبەر کۆریای کرد بە دیدارێکی ئەکتیو و بێوێنە، کە لە هەمان کاتیش‌دا ئاوێتەی هەڕەشە بوو، واتە ڕێک دووان بە زمانی دیکتاتۆرەکە، ئەوە تایبەتمەندیی سەرەکیی ترامپ بوو کە بەدەر لە نۆرمەکانی ئاخاڤتنی نێوان سەرۆکی وڵاتانان سەیر دەکرێ، بۆ وێنە کاتێ کۆماری ئیسلامی یان کۆرەی باکوور هەڕەشە لە بەرژەوەندەییەکانی ئەمریکا دەکەن، ترامپ لە وڵامیان‌دا دەڵێ یەک بە هەزار تۆڵەیان لێ دەکەینەوە!

بەڵام بەهەرحاڵ چاوپێکەوتنی ترامپ و کیم جۆنگ ئون لە یەکەم ڕوانیندا خاوەنی هێما و کۆدی تایبەت بە خۆیەتی. هەرگیز هیچ سەرکۆمارێکی ئەمریکایی پێی نەناوەتە "گوندی ئاگربەس" لە سنووری نێوان دوو کۆرە، جۆری پەیوەندی ترامپ و کیم زیاتر لە ئەفسانە دەچێ، نامە گۆڕینەوەی بە وتەی ترامپ ئەویندارانەی نێوانیان ڕێخۆشکەر بوو بۆ توانەوەی بەستەڵەکی نێوان کۆرەی باکوور و ئەمریکا و ئومێدێک بۆ داهاتوویەکی هەرچەند تەم و مژاوی! ئەوە زۆر گرینگە کە پیاوە قوڵەخرپنەکە بەپێچەوانەی باب و باپیری ملی ڕاکێشا بۆ وتووێژ و دانوستان، ئەمە گرینگترین توخمە بۆ نیازپاکی سیاسەتی دەرەوە. لە کەوانەدا خاڵی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر بۆچوونی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەم دانوستانانە بوو کە نە تەنیا وەک وڵاتێکی ئاسایی و دێموکراتیک پێشوازییان لێ نەکرد بەڵکوو ڕێک بەپێچەوانەوە ئیدانەی ئەم وتووێژانەیان کرد!

تیمی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ سەبارەت بە کۆرەی باکوور هەستی بە مەترسیی نیزیکی لەڕادەبەدەری چینیش کردۆتەوە، هەرچەند چین بە تاکە وڵاتی سەرەکیی دابینکەری پێداویستییەکانی کۆرە دادەنرێ و، چین ئەم وڵاتەی کردووە بە داردەستێک بە دژی ئەمریکا بۆ ئەوەی لە دەربیجەیەکی ئابوورییەوە لەم کێبەرکێی ستراتیژییەکەدا خۆی بکا بە باڵادەست! ئەمریکا ڕێگایەکی دوورودرێژی لەبەرە بۆ ئەوەی خۆی لە کۆرە نیزیک کاتەوە. ئەگەرچی هیوادار بوون بە داماڵینی کۆرەی باکوور لە چەکوچۆڵە کۆمەڵکوژییەکانی ڕەنگە ئارەزوویەکی دوورەدەست بێ، بەڵام ئەوەی ترامپ کردی لەوەپێش هیچ سەرکۆمارێکی ئەمریکی نەیکردووە و لە ئەگەری درێژەی ئەم دانوستانانەدا بۆی هەیە ئاماڵ دوڕگەیەکی ئەمنتر ساز بێ.

ئەگەرچی سیاسەتمدارێکی وەک ڕابێرت بلاک ویل - کارناسی باڵای سیاسەتی دەرەوە - بۆ سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ترامپ بەنیسبەت تەواوی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئەمریکای سەردەمی ترامپ گرفتی سەرەکیان هەیە بۆ هیچیان نمرەی A ڕەچاو ناکا و بە B و C و D و زۆر جاران F کۆتایی بە تاقیکاریی ترامپ دێنێ، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەگەر ترامپ لە کۆشکی سپی مابایەوە، نمرەی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ لانی کەم لەهەمبەر وڵاتانی پشتیوانی تیرۆر و تیرۆریزم یەک لەوان کۆماری ئیسلامی بێگومان دەبوو بەA .

***

# ئاڵا و پێشمەرگە

شاهۆ مەتین

لە سەدەی بیستەمدا، پاش هەر دوو شەڕی جیهانیی یەکەم و دووهەم کە سیستمی نێودەوڵەتی ژانی لەدایک بوونی فۆرمێکی‌تر لە حوکمڕانی و دەسەڵاتدارەتیی بەخۆی گرتبوو و، سیستمی حوکمڕانیی ئیمپراتۆرییەت دوای شۆڕشی ڕۆشەنگەری و پیشەسازی لەبەریەک هەڵوەشابوو؛ لە ساختاری نێودەوڵەتی‌دا فەرمانڕەوایەتیی دەوڵەت- نەتەوە جێگای ئێمپراتۆرییەتی گرتەوە. نەتەوەی کوردیش بە حوکمی یاسای گەردوونی، سروشتی و مرۆڤایەتی دەبوا وەک نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک، زمان، چاند و شارستانییەتی خۆی بوو؛ ئەم مافە بیگرێتەوە. بەڵام لە قۆناغی داگیرکاریی نوێ‌دا ئیمپراتورییەتی سەفەوی (فارس/شیعە) و عوسمانی (تورک/سوننە) دەبنە لەمپەر بەرامبەر مافویستیی گەلی کورد و، دواتر بە هاوکاری و پشتیوانیی داگیرکەرانی جیهانی لە ساتوسەودایەکی هاوبەشی ناوچەیی و جیهانی‌دا (ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ) خاک کوردستان و نەتەوەی کورد بە سەر چوار دەوڵەتی نوێی ناوچەیی‌دا دابەش دەکەن.

بەڵام لەلایەک بەهۆی پاشخانی هزریی تاکی کورد بە نیسبەت مێژوو لە سەردەمی ڕابردوودا و درندەیی و دێوەزمەیی عەقلییەتی شۆوینیستیی عەرەب، فارس و تورک و لە لایەکی‌تر، بە هۆی سەرکردایەتیی مێرخاسانی وەک شێخ سەعید، شێخ عوبەیدوڵڵا، شێخ مەحموود، مەلا مستەفا و سمایل ئاغای سمکۆ کە بە هەست و نەستەوە خەبات و تێکۆشانیان دژی داگیرکەرانی کوردستان دەکرد؛ ئایین و پێگەی دەسەڵاتدارێتییان بە ڕوح و هزری بەرخۆدانی کوردانە و لە ڕاستای تەسلیم نەبوون بە داگیرکەران و دانپێدانەنان بە ئۆتۆریتەی داگیرکەران، هەردەم بە گەشاوەیی و ئاگامەندییەوە بۆ نەسلی داهاتوو گواستەوە .

لەو کاتەشدا کە سیستمی دەوڵەت-نەتەوە جێگای سیستمی ئێمپراتۆرییەتی دینی-سیاسیی گرتەوە و ژیان لە قۆناغی فیۆدالی بۆ پیشەسازی هەنگاوی نا و، مۆدێلی حیزبایەتی بە شێوەی ڕێکخراوەییش هاتە ئاراوە، گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو لەسەر بنەڕەتی ئەم پاشخان و ڕابردووە پڕ لە شۆڕش و قوربانیدانە کە تێکۆشانی لەسەرپێ هێشتنەوەی گەلەکەی بە شێوەی فرەڕەهەند کردبوو و، پاش هەر جار شەهیدبوونی سەرکردەکەی و نسکۆی شۆڕشەکەی -چونکی ڕۆڵەکانی خاوەنی هەمان ئەقلییەت و ڕۆحی ڕزگاریخوازی و ئازادی‌ویستی بوون- سەری هەڵداوەتەوە و ئاڵای تێکۆشان هیچ کات لە ئاسمانی کوردان دانەکەوتووە. ئەمجارەش پاش دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، پاش سێ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کولتووری، سیاسی و فەرهەنگی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکەم حیزبی کوردی بە شێوەی مۆدێرن و ڕێکخراو کە خاوەنی بەرنامە و پێڕەوە، لەژێر ناوی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" و بە ئەزموون وەرگرتن لە شۆڕشەکانی ڕابردووی و کەڵکوەرگرتن لە سەردەمی نوێی جیهانی وەک حیزبێکی خاوەن فەلسەفەی نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەکەمان لەسەر ئەساسی بەڕێکخراو کردنی جەماوەر و لە ڕووی ئاگاییەوە دادەمەزرێ.

لەم کاتەدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ، بارودۆخی ئێران بە ئاراستەیەکی هەرە هەستیار و مێژوویی‌دا تێپەر دەبێ و بە لەبەرچاو گرتنی هەڵکەوتەی ژیوسیاسی و ژیۆپۆلیتیکیی ئێران و بەرژەوەندیی زلهێزانی شەڕی جیهانی و بێ‌توانایی حاکمانی ئێران لە ڕووی سیاسی و ئیداری‌دا وڵات دەبێتە مەیدانی تەڕاتێنی بریتانیا و سۆڤیەت. بەمجۆرە جوغرافیای ئێران بە کردەوە لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا دابەش دەبێ و هێژمۆنی و دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەتایبەت لە ناوچە پەراوێزەکان نامێنێ و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خوێندنەوەی دۆخی ئارایی لە ئێران و وەزعی ناوچە و جیهان، لەژێر ڕووناکایی بڕیارێکی حەکیمانەی پێشەوا قازی و جیهانبینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەرفەت بە گونجاو دەبینن و لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٥ی هەتاوی‌دا کۆماری کوردستان دادەمەزرێنن.

هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کوماری کوردستان کۆمەڵێک هێما و سیمبول هەم وەک پێویستییەکی فەرمانڕەوایەتیی کوردان و هەمیش وەک یاسا و پرستیژی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی کۆماردا، بە ئاوردانەوە لە مێژووی پڕ لە شۆڕش، خوێن و قوربانیدان و لە پێناو فۆرم بەخشین بە داهاتوویەکی زێڕین دێنە ئاراوە؛ کە ئاڵا، سروودی نەتەوەیی و پێشمەرگە بەشێکن لەم شانازییە پڕ مانا و نێوەڕۆکەی کۆماری کوردستان.

ئاڵای پیرۆزی کوردستان سیمبۆل و شکۆی نەتەوەی کورد کە وەک بەشێک لە چاند و فەرهەنگی نەتەوەی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک هەموو گەلانی تری خاوەن ئاڵا و دەسەڵات بۆ نیشاندانی پێناسە، ناسنامە و دەسەڵاتدارێتیی کوردانە، بە شێوەی فەرمی شەرعییەتەکەی لە حکومەتی کوردستان وەک یەکەم حوکمداری چاخی نوێی کوردان بوو، وەردەگرێ. ڕێک بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئاڵا وەک هێما و ناسنامەی نەتەوە، دەوڵەت و هەرێم پێناسە دەکا، ئاڵای کوردستانیش بۆ نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستان هێما و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییانە .

گیانیان بەخت کردووە، ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە" بەپێی ئەم فەلسەفە و زەرووڕەتە دەبێتە ناوی پارێزەری نەتەوە و نیشتمانمان .

دوای ڕووخانی کوماری کوردستان ئەرک و ڕەسالەتی پێشمەرگە کە بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان بەرامبەر داگیرکەران بوو ، لە قۆناغی نوێش‌دا کە تێکنۆلۆژی سنوورەکان دەبڕێ و دوژمن ئێستا بە شێوەی نەرم و لە ڕێگای میکانیزمە جۆربەجۆرەکان هەوڵی ئاسیمیلەکردن و سەپاندنی شوناسی خۆی بە سەر نەتەوەکەمان دەدا، ئەرک و بەرپرسیارێتیی پێشمەرگە هەر دوو بەستێنی نەرمئامێرانە و ڕەقئامێرانەی بە خۆیەوە گرتوە و بە هزر و مەعریفەوە، هاوشانی چەکەکەی بەرامبەر داگیرکەران لە پێناو پاراستنی بەها و بایەخەکانی گەلەکەی تێ دەکۆشێ.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم هێزە کاریگەر و شوێندانەرەی کورد و کوردستانە کە بە قارەمانێتی و ئیرادەی گیانفیدایانە بە سادەترین چەک و کەرەستەی شەڕکردن توانیویەتی بەرامبەر داگیرکەرانی کوردستان بوەستێتەوە و پێش بە ڕەوتی داگیرکاری و لەنێو بردنی نەتەوەکەمان لە سەر ئەقلییەتی شۆوینیستیی فارس، تورک و عەرەب بگرێ .

بە درێژایی مێژوو گەلی کورد خاوەنی ڕۆڵەی قارەمانی لەم چەشنە بووە کە توانیویەتی بەرامبەر پیلانگێڕییە نگریسەکانی داگیرکەران، پارێزەری شوناس، ماهییەت و مەوجوودیەتی نەتەوەکەمان بێت و بەرەورووی تاریک‌پەرەستانی وەک داعش کە هەموو دنیا سەرەڕای خاوەنی بەهێزترین و کاریگەرترین چەک و تێکنۆلۆژیی شەڕ؛ ئەمنیەتی نێوخۆیی و بەرژەوەندییەکانیان نەمابوو، ئەوە هێزی


photo: salah nadri

ئێستا ئاڵا ئەو هێما و پێناسە گرینگ و دیارەمانە کە ڕۆڵی گرینگ و شوێندانەری لە بەرهەم‌هێنانی وێژمان و پاراستنی گوتاری نەتەوەییمان دەبینێ و وەک ڕەمزی نەتەوەیی وێڕای ڕەمزەکانی دیکەی وەک پێشمەرگە، سروود و... ڕۆڵی بەرچاو لەنێو نەتەوەکەمان هەم بۆ خەبات و تێکوشان و هەمیش بۆ یەکگرتوویی ڕوح و ئەندێشەی کورد و کوردستان‌مێحوەرانە لەنێو هەموو پارچەکانی کوردستان بە هەموو حیزب، زاراوە و ئیتنیکەکان دەگێڕێ و وەک چەتری کۆکەرەوەی هەموو نەتەوەی کورد دەور و ڕۆڵی هەیە.

شانازی و دەسکەوتێکی‌تر کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان چێ دەبێ، هێزی "پێشمەرگە"ی کوردستانە .لەو کاتەدا حکومەتی کوماری کوردستان دەسەڵاتدارەتی و حوکمداریی خۆی ڕادەگەیەنێ، هەم وەک حەوجێیەکی گرینگ و ئەساسی لەپێناو سەقامگیریی نێوخۆیی و هەم بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییەکانی دەرەکی، دامەزراندنی هێزێکی مرۆیی بەرگریکار دەبێتە پێویستییەکی بنەڕەتی .

کوماری کودستانیش بەپێی ئەم زەرووڕەتە نێوخۆیی و دەرەکی و هەمیش بە درێژایی مێژوو کە ڕۆڵە قارەمانەکانی نەتەوەکەمان بە گیانیان وەک بەهادارترین سامانیان نەتەوە و نیشتمانەکەمانیان لە دەستی داگیرکەران پاراستووە و بۆ ڕزگاری و ئازادی نەتەوەکەیان

پێشمەرگەی کوردستان بوو بە ئیمان بە پاراستنی نەتەوەکەی و نیشتمانەکەی بە ئیرادەیەکی کوردانە بەرامبەریان بوەستێ و بە مرۆڤایەتی بسەلمێنێ کە داگیرکەرانی کوردستان و تاریک‌پەرەستانی وەک داعش لە ئاست وەرەی بەرزی پێشمەرگە کە پارێزەری نەتەوەکەمانن، زەبوون و داماون .بۆیە پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری شوناس، خاک و گەلەکەمان دوای شەڕی داعش ئێستا لە دنیادا باڵوێزی ڕزگاری و پاراستنی مرۆڤایەتی پێناسەی بۆ دەکرێ .

مەخابن کۆماری کوردستان پاش ١١مانگ لە تەمەنی پڕ لە دەسکەوتی لە بوارەکانی سیاسی، کولتووری، فەرهەنگی و... بۆ نەتەوەکەمان لە پیلانگێڕییەکی جیهانی‌دا تێک چوو ، بەڵام خودی کۆمار و هێماکانی (سرودی نەتەوەیی، ئاڵا، پێشمەرگە و ...) کە خولقاندنی، ئێستا داینەمۆی تێکۆشانی هەر تاکێکی کوردە و وەک ڕۆح و فەلسەفەی ژیان و ڕزگاری بۆ کۆمار، ئاڵا و پێشمەرگە لە لایان هەموو نەتەوەی کورد سەیر دەکرێ.

ئازادیخوازانی کورد، پارێزەرانی ئاڵا و پێشمەرگە بە وەفا و بەڵێنییەک کە بە خوێنی پاکی شەهیدانیان داوە، ناهێڵن گەلەکەمان بێ پێشمەرگە بێ و ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەردەم بە ئاسمانی کوردستانە شەکاوە دەبێ.

***

# تابلۆ



سینگی شەقارشەقاری عەرد
دەلاڵێ بۆ نمەی باران
لە باڵای لەباری هێرۆ
دەهاڵێ هوڕ؛ هوڕی ئاران

ئاسمان تەم و هەوا تۆز و
گێژەڵووکەش تەنوورەی دێو
دار و چێو تینوونە، وشکن
لقی گوڵ و گەڵاش دزێو

بولبول ونە، قەل دەقرێ
داڵ و کەرگەز دەخولێنەوە
چیا ڕووتەن، ڕەوەز وەڕەز
کۆچماڵە و دڵ دەکولێنەوە

ژەرەژ قاسپەی لێ بڕاوە
سەقر وڕە، پەرکوور دینە
شریخەی کاتیۆشا و گرمەی
تۆپ و تەقینەوەی مینە

کۆتر مات و لانەوازن
ڕێوی سازن، قومری قڕن
مامز تەرە، چەقەڵ غولوور
دنیا لێڵە و دڵیش پڕن

کانی کۆرن، کێڵگە ڕەقن
مرۆڤ کوێڵەی درۆ و گزنی
سوژدە دەبا بۆ دەرگانەی
گەلێ، ورگی، مەڕی، بزنی

قەلا بەندە و شار خامۆشە
سڕن، مڕ و نەزان کە چن
ڕەوە ئاسکێک نادەستەمۆ
بە پێدزە بۆی دەردەچن

ئەنگۆرەیە: مەستین، تاساو
گەشکەین بە بۆنی گڵ و گیا
بەردەم دەشتە تا چاو بڕکا
پاڵپشتمان دوندی چیا

لەبەرقەدی «ڕەندۆڵە»دا
تروسکەی ئاگرێ دەگڕێ
شنەی گێوژ و داربەڕوو
دڵی بێدەنگی شەو دەبڕێ

لەنێو کۆڕی حەپەساودا
فڕی دەنگی «ب..بابە..با..ب
بە»
خنکا دەنگی «حەمە»ی دیسان
بەچاو دەیگوت هەستە، ڕا بە

بە دڵی شکاو، چاو نەترساو
سرک و بەتاو، هەستا سەر پێ
دەستێ بەڕێز لەسەر سینگ و
دەستەکەی‌تر مستی گرێ

دەیگوڕڕاند پڕ بە گەروو
کەچی نەگوێ نە زمانی بوو
کوتکی تانەی دا لە کەللەن
بەزمی لەبۆ خزمانی بوو!

دڵ دارماڵ لە تاسە و هومێد،
هەست، هەستی ئینسانی و نەجیب
بەسۆزەوە دەیخوێندەوە
بۆ گەل سروودی «ئەی ڕەقیب»!

کپ بوو گەرووی، چاویش پڕ ئاو
غڵدە غڵدی هۆش داگرە
کەبوونە یەک کینە و ئەوین
بە سووتمانە ئەو ئاگرە

من بیلبیلان ئەو لاڵ و کەڕ
جومگەی دەستانی وا گرتم
تەزوو نا، لەرزی شوورەیی
سەراتاپای لەشی داگرتم

مامۆستا خالید ئەویندار

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:788 20 December 2020



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## بەر لە ماڵاوایی



قادر وریا

# ماڵاوا دەنگە نەمرەکەی هەڵوێست و ویژدان

ڕۆژی پێنجشەمە (٢٠ی سەرماوەز) کاک «محەممەد نیرووەمەند» ناسراو بە «حەمە لاڵ» خەڵکی شارۆچکەی نەڵۆس (ناوچەی شنۆ)، بەداخەوە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ، گیانی لەدەست دا و، چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

«حەمە لاڵ» کە بەداخەوە توانای بیستن و قسەکردنی نەبوو، بە دوای دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، هەر لە ساڵی ١٣٥٨دا، لە هێزی شەهید سمکۆ بووە پێشمەرگە. نەمر کاک نەبیی قادری کە لە پلەی بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی شنۆ و دواتر ئەندامەتیی ڕێبەری و بەرپرسایەتیی بەرزتریش‌دا، وەک سەردەمی پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، هەموو کات مامۆستایەکی دەروونناس و مرۆڤدۆست بوو، حەمەی وەک هاوڕێی هەمیشەیی، وەک گیان‌پارێزی خۆی هەڵبژارد. ڕاستە پاکی، دڵسۆزی، وریایی و ئەرکناسیی لە حەمەدا بەدی دەکرد، بەڵام کاک نەبی، شتێکی دیکەی زیاتر مەبەست بوو. ئەو دەیزانی کەسانی وەک حەمە، لەنێو خەڵک و پێشمەرگە -بە هۆی پەروەردەی هەڵە و دواکەوتوویی کومەڵایەتییان- بەرەوڕووی گاڵتەپێکردن و ئەزیەت و ئازار دەبنەوە و، ئەو نرخ و بایەخەی پێویستە بە توانا و لێوەشاوەیی و خزمەتی دڵسۆزانەیان نادرێ، بۆیە حەمەی هێنایە ژێر سێبەری برایانە و باوکانەی خۆی. کاک نەبی، سەر و گیانی خۆی بە حەمە ئەسپارد و، حەمەش دڵی پڕ لە خۆشەویستی و، متمانەی بێ‌سنووری خۆی دا بە کاک نەبی.

«حەمە لاڵ» هەتا کۆتاییەکانی ١٣٦٣ی هەتاوی، پێشمەرگایەتیی کرد. فەرهەنگی قسەکانی ئەو بە هۆی کەڕ و لاڵییەکەی، بە داخەوە زۆر کەم کەرەستە و هەژارانە بوو. مخابن ئەوەندە وشە کەمەشی وەک ئاخێوەرێکی ئاسایی کورد بۆ دەرنەدەبڕا. لە حیزب‌دا، تەنیا دوو کەسی بە «بابە» ناو دەبرد: نەمر کاک نەبیی قادری و ڕێبەری شەهید د.قاسملوو. ئەگەر ناوی «وەشە وەشە»شی هێنابا، دەمانزانی مەبەستی جاشی چەکدار و خۆفرۆشی خۆماڵییە.

کاتێک لە بەر باری نالەباری ژیانی بنەماڵەکەی، لەسەر ڕەزامەندیی کۆمیتەی شارستانی شنۆ، چۆوە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم، بە ڕێژنەی فرمێسکەکانی‌ڕا دەتزانی ئەم دابرانە ناچارییە چ ئاگرێکی لە هەناوی حەمەدا هەڵایساندووە. کادرەکان و پێشمەرگەکانی کۆمیتەی شارستانی شنۆش بۆی خەمبار بوون، بەڵام دڵنیایان کرد هەر وەک «حەمە» حیزبەکەی و پێشمەرگەکان و باب و برا و خوشکەکانی نێو سەنگەری چیای لەبیر ناکا، ئەوانیش «حەمە»یان لەبیر ناچێ و پێی وەفادار دەمێننەوە.

«حەمە» هەر وا لە پێشمەرگایەتی‌دا، نموونەی ئەرکناسی و دڵسۆزی بوو و، نەیهێشت هیچ ڕەخنە و عەیبەیەکی بێتەوە سەر، لە دوای گەڕانەوە بۆ سەر ژیانی ئاساییش، نموونە بوو. بێ ترس لە پاسدار و جاش و بەکرێگیراوە ئاشکرا و نهێنییەکانی ڕێژیم، شانازیی بە ڕابردووی پێشمەرگانەی خۆی دەکرد، حیزبی‌بوون و وەفاداریی خۆی بە بیر و باوەڕی کوردایەتیی نەدەشاردەوە. بۆ چما یەکێک بە بێ‌ڕێزی ناوی حیزبی دێموکرات، هێزی پێشمەرگە یا شەهیدێکی بردبا یا بۆنی خۆفرۆشی و خەیانەت بە نەتەوە و نیشتمانی لێ هاتبا، دەیوێرا تخوون حەمە بکەوێ؟ حەمە جەستەی لە نەڵۆس و شنۆ بوو، بەڵام دڵی لە لای پێشمەرگەکان و ڕێبەرانی شەهید بوو. ڕووگەی «حەمە» ئەو بستوویانە بوو کە پێشمەرگەکان لێیان ئاودیو ببوون و، چاوەڕوان بوو ڕۆژێک هەتاوی ئەو، لە سنووری کێلەشین و سپی ڕێز و سامڕەند هەڵ بێ و دڵی ئەو و دەشتی شنۆ ڕووناک بکاتەوە.

«حەمە لاڵ» هەر بەوەندە وشە کەمەی کە فەرهەنگی قسەکانی ئەویان پێک دێنا و، بەو کۆمەڵە ئاماژە دەنگی و جووڵەییە تایبەتەی بە سەرجەم سامانی زمانی بێزمانیی ئەو دەژمێردران، توانیبووی لە نێو خەڵکی شنۆ و تەنانەت ناوچەکانی دیکەش‌دا، ببێتە کەسایەتییەکی دیار. ئەو ببووە زایەڵەی دەنگی ویژدانی بە ئاگا، ببووە پڕشنگی هەڵوێستی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، ببووە ڕەمزی کۆڵنەدان و وەفاداری و، بەم جۆرە ڕێز و خۆشەویستیی خەڵکی ناوچەی شنۆی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. خۆشەویستییەک کە خەڵک لە کاتی سپاردنی هەتا هەتایی بە ئامێزی دایکی نیشتمان، سەرەڕای زاڵبوونی مەترسییەکانی پەتای کۆڕۆنا و بوونی بەربەستەکان، لە ئاست ئەو مرۆڤە جوامێرەدا، خۆی نواندەوە.

«حەمە لاڵ»ی بێ‌زمان، بە ساڵانێک خزمەتی بێ‌خەوشی پێشمەرگانە و، بە تەمەنێک ژیانی پڕ لە ڕەنج و مەینەت بەڵام پڕاوپڕ لە هەڵوێستی بوێرانەی نیشتماپەروەرانە، زۆر لەو خۆ پێ ماقووڵ و خوێندەوارە دەمەوەرانەی مێشکی سەری خەڵکیان بە قسەی بێ‌کردەوە بردوە، شوێنی لەسەر هەست و بیر و ڕوانینی خەڵک دانا. هەر بۆیە یاد و ناوی و چیرۆکی ژیانی لە کۆڕی خەباتکاران و هۆگرانی ئامانجی ڕزگاریی کوردستان‌دا بە نەمری دەمێنێتەوە.

یادی بەڕێز.



# ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢٥ی سەرماوەزی ٩٩ی هەتاوی، بە بەشداری سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمی تایبەت بە بەرزڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سرووودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەلایەن بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشکێش کرا. (دەقی قسەکانی بەڕێزیان لە لاپەڕەی ٢ی ڕۆژنامەدا بڵاو بۆتەوە)

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ڕێزنامە پێشکەش بە چەندین کەس لە پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرا کە، سەروو ٢٠ساڵ تا ٤٠ ساڵ لە ڕیزەکانی حیزبدا خەبات و تێکۆشانیان بووە.

نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکە لە چەند برگەی هونەری پێک هاتبوو، کە لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئامادە کرابوون.

# کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک نموونە ١٩٩١-١٩٤٥)، نامەی دوکتوڕای کاک سمایل بازیار چاپ و بڵاو بۆوە.

د. سمایل بازیار لە پێشەکیی کتێبەکەی‌دا دەڵێ ئامانج لە توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر کاریگەریی بیری چەپ بە هێڵە فکرییە جۆراوجۆرەکانی وەک: چەپی ڕادیکاڵ، ماویزم، ئۆرۆکۆمۆنیزم و سۆسیال دێموکراسی لەسەر ستراکتۆر، ستراتیژی و پڕۆگرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قۆناخە جیاوازە مێژووییەکان‌دا و هەروەها شوێنەواری لەسەر ململانێی نێوخۆیی ڕیزەکانی و لێکدابڕان و جیابوونەوەکان بووە. بەڕێزیان هەروەها تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە توێژینەوەکە هەوڵ دەدا بیسەلمێنێ کە ئەم حیزبە لە قۆناغێکی گرینگی ژیانی خۆیدا واتە لە ساڵی (١٩٧١-١٩٩١) کە وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ چالاکیی هەیە، لە خانەی حیزبە سیاسییەکانی چەپدا شوێن دەگرێ، بۆچوونێک کە پێچەوانەی ڕوانگەی چەپی کۆمۆنیستییە بەجۆرێک کە تەنانەت حیزبە نەتەوەییەکان لە ڕیزی حیزبە بۆرژوازییەکان (ڕاستەکان)دا دەهێنێتە ئەژمار.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و چوار بەش و دەرئەنجامێک پێک هاتووە و بە لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان (مخلص و ابستراکت) کۆتایی دێت.

«کوردستان» بەبۆنەی چاپی ئەم توێژینەوەیە پیرۆزبایی لە د. سمایل بازیار، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەک لە کەسایەتییە سیاسییە دیارەکانی ئەم حیزبە دەکا و سەرکەوتنی زیاتری بۆ بەئاوات دەخوازێ.

# درەوشانەوەی سێ وەرزشکاری کورد لە کێبڕکێی نێونەتەوەیی میسر


لە کێبرکێی ئازادی تیرهاویشتنی نێونەتەوەیی لە وڵاتی میسر، وەرزشکارە تیرهاوێژەکانی ئیلام توانییان سێ پلەی قارەمانیەتی وەدەست بێنن.

لە کێبڕکێی بەشی چەکی بادی، «پووریا نەورۆزیان» توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنیت و میداڵی زێڕی ئەم پێشبڕکێیە بباتەوە. هاوکات «ئارمینا سادقیان» تیرهاوێژی ئیلامی لە بەشی چەکی بادیی مێرمندالان، توانی پلەی قارەمانیەتیی ئەو کێبڕکێیە بەدەست بێنێ و هەروەها «جەواد فروغی» وەرزشکارێکی دیکەی خەڵکی ئەم شارە توانی لە بەشی دەمانچەی بادی بە وەرگرتنی زۆرترین ئیمتیاز، وەکوو قارەمانی ئەو کێبڕکێیە دەستنیشان بکرێ.

ئەو کێبڕکێیە لە ڕۆژانی ١٩ هەتا ٢١ی سەرماوەز لە بەشەکانی چەک و دەمانچەی بادیی کچان و کوڕان بە بەشداریی ٢٢٠ وەرزشکاری ١٧ وڵاتی جیهان، لە وڵاتی میسر بەشێوەی ئانلاین بەڕێوە چوو.



# کۆچی دوایی هونەرمەند قودرەت ئاغایی لە مەهاباد



قادر قادری ناسراو بە قودرەت ئاغایی ژەنیاری بەناوبانگی نایە، بەربەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سەرماوەز لە شاری مەهاباد ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەو هونەرمەندە لە دایکبووی ساڵی ١٣٠٦ی هەتاوی بوو و ژەنیاری بۆ هونەرمەندان حەسەن زیرەک، محەممەد ماملێ، سەید محەممەد سەفایی و... کردووە. هونەرمەند قودرەت ئاغایی لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە دەستی بە ژەنینی ئامێرەکانی زەرب، نایە، دووزەلە و زوڕنا کردووە و، لە ماوەی تەمەنی‌دا لە زۆربەی فێستیواڵەکان بەشدار بووە و وەک هونەرمەندێکی بەتوانا ڕێزی لێگ راوە.

تەرمی هونەرمەند قودرەت لە بەشی هونەرمەندانی گۆڕستانی مەهاباد بە خاک سپێردرا.